# تەنەکاوا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

**ڕەزا هەمڕاە**

# تەنەکاوا

وەرگێڕانی:

**محەمەد بەهرەوەر**



کتێب: تەنەکاوا – ڕۆمان
نووسینی: ڕەزا هەمڕاە
وەرگێڕانی: محەمەد بەهرەوەر
پێداچوونەوە: ناسر باباخانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٥١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ڕێزان موتیعی + شەهلا ئیسمەعیل پوور
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٧٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

کۆمەڵە هەورێکی ڕەش و چڵکن ئاسمانی تاخی تەنەکاوای داگرتبوو. باران نەرم نەرم دەباری بەڵام لە پڕ توند بوو، زنج و کەپرۆکەکانیان بەتەنەکەی ژەنگاوی و ڕزیو پێکەوەنابوو، سەرەڕای ئەمانەش هەر دەنکە بارانێکی کە وە تەنەکەکان دەکەوت سەروسەدایەکی وەڕێ دەخست مەپرسە.

چڵکاوە ڕەشەی پلووسکان خۆڵ و قاقەزە کۆنی کۆڵانی وەبەرخۆ دەدا، هێقی دەداوە و دەبوو بەقوڕ و لیتە.

ئەم قوڕاوە وەک چەسپ بەپێڵاوەکانیانەوە دەنووسا و جڵقەجڵقی دەهات و هاموشۆیان بەزەحمەت بۆ دەکرا.

گەورەکان پەنایان بردە بەر زنجەکان، چاویان لە ئاسمان بڕی و دەستیان کرد بەپاڕانەوە لەبەر خوا کە باران لێی بکاتەوە و چیدی نەبارێ. لەمە دەترسان ئەگەر باران درێژەی بوایە، دیواری مۆرە و بانی لێک هەڵوەشاویان بەسەردا دەڕووخا.

تەنیا چەند منداڵی ڕووت و قووت لەبەر هەیوانی دووکانە تەنەکەکەی مام هادی بەقاڵ کرۆشمەیان کردبوو و زۆر بەپەرۆشی و نیگەرانی سەیری بارانیان دەکرد.

دوای ئەوەی باران لێی کردەوە، منداڵەکان دەرپەڕینە دەر و خۆیان گەیاندە گۆلاوە ئاوێک، کردیانە شەڕەئاو و سەر و سەکتی پیسیان پیستر کرد.

منداڵەکان بەلۆچان قوڕ و چڵپاویان پێک دادەدا و بەمجۆرە بەگاڵتەی منداڵانەی خۆیان پێدەکەنین و دەتریقانەوە. ژنێکی پەرێشان حاڵ و پەرۆش لە پەنجەرەی زنجەکەیانەوە کە لەبەر باران دەتلیساوە سەری هێنادەر و قیژاندی:

– ڕەمەزان! تێر عەمر نەبی ڕۆڵە! ئەوە بۆ وات لە خۆت کردووە؟ وەرە



ژوور تا ئەو چۆڕەئاوە شیلە وگەرمە هەیە.

منداڵەکان دەرپێی لە قوون کەوتوویان هەڵکێشاوە. لووتیان بەقۆڵی کراسی دڕاو و تیتۆڵ تیتۆڵیان خاوێن کردەوە و دووبارە دەستیان کردەوە بەقوڕ و لیتە پێکدادان.

ژنە ئەوجار کە ئەوەی دیت یەک بەخۆی بەسەریدا قیژاند:

– کوڕە دەویت بابینە! ئەوە بۆ هار بوون؟ ڕەمەزان جوانەمەرگ دێیەوە ژوور یا بۆخۆم بێم بتخنکێنم!

ڕەمەزانی منداڵ کە کراسی دڕاوی باوکی لەبەر کردبوو و قۆڵی کراسەکەی گەیشتبووە سەر ئەژنۆی بەترس و لەرز و نابەدڵی قوڕ و چڵپاوی کۆڵانی بەجێ هێشت و هاتەدەر، بەڵام حەزی نەدەکرد ئەو کایە خۆشە بەجێ بێڵێ و بچێتەوە ژوور، لە لایەکی دیکەشەوە نەیدەوێرا جوابەجەنگی دایکی بکا، لووتی بەقۆڵی کراسەکەی سڕێوە و گوتی:

– دایە! ئەوە دێمەوە.

ژنە لەو پەڕی قەڵسی و تووڕەییدا وەڵامی داوە:

– هیوادارم ئاخرین هاتنەوەت بێ! زووبە وەرەوە تووڕەم مەکە.

ڕەمەزان ئەوەی دەزانی کە ئەگەر دایکی خۆ لە لایی بدا بەسەرێوە ناچێ و خوریشۆر دەیکوتێ، بەنابەدڵی لە نێو قوڕوچڵپاو هاتەدەر و بەغاردان خۆی لە خانووچکەی خۆیان کوتاوە و گوتی:

– هاتم دایە!

باڵاخانم لەبەر دەرگا چاوەڕێی کوڕەکەی بوو، کاتێک ڕەمەزان گەیشتەوە دایکی بەچەپۆکان دایگرت و گوتی:

– سەگباب! چ جوابی بابت دەدەیەوە؟ پێم بڵێ بزانم ئەو کراسەت بۆ لێ قوڕاوی کردووە؟

– باران وای لێکردووە خەتای من نییە.

– خێراکە ڕووت بەوە با ئاوێکت پێداکەم و بتشۆم.

ئەو قسـە بەکەیفی ڕەمەزان نەبوو، چونکە پایز بوو، هەوا سارد بوو، لە ترسان خۆی وەپەنایەک دا و دەستی کرد بەمینگەمینگ و گوتی:

– دایە. بەو سەرمایە و لە نێو ئەو تەشتە تەنەکەدا خۆم ناشۆم، نەخۆش دەکەوم.

باڵاخانم پیلی ڕەمەزانی گرت و لەسەر تەشتەکەی دانا:

– لە سەری مەڕۆ خۆت ڕووت کەوە بزانم، سەگباب قسەی چەند زلە. کەسێک نەیناسێ پێی وایە باوکی نوێنەری مەجلیسە، حەمامی گەرمی دەوێ! لەوانەیە "وان"یشت بوێ؟!

ڕەمەزان پانتۆڵە دڕاوەکەی داکەند و بەدایکی گوت:

– دەرگاکە پێوەدە. منداڵەکان دەمبینن، چاک نییە!

– دەویت باب، کێ تەماشای ئەو بەژن و باڵا خوار و خێچەی تۆ دەکا! خێراکە کراسەکەشت داکەنە دەی!

کاتێک ڕەمەزان کراسەکەی باوکیشی داکەند و ڕووت بووە، ئەوەندە کز بوو دەتگوت ئازارەباریکەی گرتووە، پەراسووەکانی هەموو بەدەرەوە بوون و وە بەر دەست دەکەوتن، بەتایبەت کاتێک هەناسەی دەکێشا پەراسووەکانی سەر و خواریان دەکرد و دەکەوتنە سەر یەک.

باڵاخانم سەتڵە ئاوەکەی لەسەر کوچکاور داگرت و لە تەشتەکەی کرد، دوای ئەوەی ساردی و گەرمییەکەی بەقامک تاقی کردەوە، بڕێکی ئاوی سارد لە باڵ کرد و گوتی:

– خێراکە بڕۆ نێو تەشتەکە.

ڕەمەزان لە نێو تەشتەکە هەڵترووشکا، دەستی بەلێواری تەشتەکە گرت و هەناسێکی هەڵکێشا. پیرێژن دوو سێ لۆچی ئاو بەسەر و شان و ملی



داکرد و دەستی بەپشتیدا هێنا، جێ نینۆکی سوور هەڵگەڕا و پشتی سپی بووە.

ڕەمەزان لە سەرمان ددانی ددانی نەدەگرت:

– دایە ڕەق بووم.

ژنە گوێی نەدایە. لفکە و سابوونێکی لێدا و گوتی:

– ددان بەجەرگی خۆت داگرە، هیچ نییە خۆت وە بەر تاوێ دە گەرم دەبیەوە.

ڕەمەزان لە حاڵێکدا لە سەرمان لێوی بۆ نەدەکەوتەوە سەر یەک بەپچڕپچڕ وەڵامی داوە و گوتی:

– هەتا تاو دەکەوێ لە سەرمان دەمرم.

باڵاخانم بەهێز و قەوەتی خۆی مستێکی لە پشتی ڕەمەزانی دا:

– دەنگت لێ نەیە.

ڕەمەزان بەپاڕانەوە گوتی:

– بڕێکی ئاوی گەرم تێکە.

– ڕاوەستە با چڵکت لێ هەستێ. سەبرکە ئاویشت بۆ تێدەکەم.

ڕەمەزان خۆی بادا و گوتی:

– بەخودا هەڵدێم ها!

– بەڕووت و قووتی دەچی بۆ کوێ؟!

– بۆ ئەوانەی لە کۆڵانن چیان لەبەردایە؟!

باڵاخانم دەستی لەسەر شانی ڕەمەزان دانا و ڕایگرت:

– دەقیقەیەک دان بەجەرگی خۆت دابگرە. ئێستا تەواو دەبێ.

ڕەمەزان لە سەرمان ددانی ددانی نەدەگرت، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دایکی نەیتوانی بەدڵخوازی خۆی بیشوا، ناچار بەنیوە و نیوەچڵی بەجێی

هێشت، لە پاشان چوو ڕوودۆشەگێکی کۆنی هێنا تێیەوە پێچا و کچەکەی بانگ کرد:

– مەعسووم ڕۆڵە هەستە جێگاوبانەکەی لە سووچێکی ڕاخە. خێراکە کچم. منداڵە سەرمای دەبێ.

مەعسوومی شازدە ساڵە کە وەک زیندانی ئەبەدی لە سووچێکی خانووچکەکە لە تاریکیدا دانیشتبوو و ئەژنۆکانی لە ئامێز گرتبوو بەناڕەحەتی هەستا و لەتە دۆشەگێکی دڕاوی ڕاخست و لەسەر جێگای خۆی دانیشتەوە.

باڵاخانم خەریکی وشک کردنەوەی ڕەمەزان بۆوە بەڵام ئەو بەستەزمانە گەرم نەدەبۆوە، ددانی ددانی نەدەگرت و بەدەم چەق وچۆوە قسەی دەکرد:

– ئەی هاوار. بوومە سەهۆڵ. دایە مردم لە سەرمان.

– لە بەرابەردا خاوێن دەبییەوە. ڕەنگ و ڕووت کراوە. ئێستا گەرم دەبێوە. خێراکە بڕۆ نێو جێگاکەت، ڕاکشێ تا گەرم دادێی.

ڕەمەزان بەپەلە تێخزا و دەموڕوو ڕاکشا. ژنە لێفەیەکی شڕی پێدادا. باران دەستی پێکردەوە و هات و هاوار و قریوە و دەنگەدەنگێکی ترسێنەر لە نێو زنجەکان دا دەنگی داوە.

باڵاخانم پاتۆڵە دڕاوی ڕەمەزان و کراسە قوڕاوییەکەی مێردەکەی دەست دایە و لەبەر دەرگاوە دوو کوڕەکەی دیکەشی بانگ کرد:

– ڕەجەب. شەعبان. وەرنەوە ژوور. سەرماتان دەبێ.

شەعبان پاشەبەرە بوو. هیچ کەس لە خۆی ڕانەدەدی قسەی پێ بڵێ، هەر ئەوەش بوو کە لە هەمووان بزۆزتر و گڕووگرتر بوو، جوابی هیچ کەسی نەدەداوە.

دایکە چووە کۆڵان و زۆر بەهێدی و هێمنی دەستی شەعبانی گرت و هێنایەوە ژوور:



– وەرە عەزیزم. دایکە بەقوربانت وەرە ژوور سەرمات دەبێ.

شەعبان و ڕەجەب بەم قسانە دڵیان نەرم بوو هاتنەوە ژوور.

ژنە شەعبانی بردە سەر جێگاوبانەکەی:

– ئەتۆش بچووە بن لێفەکەت با گەرم بییەوە.

باڵاخانم کاتێک لێفەکەی دەست دایە تەماشای کرد لێفە لەبەر دڵۆپە خووساوە، زۆر بەناڕەحەتی گوتی:

– تف، تف لەو شانسە. کچەتیوە مەگەر کوێر بووی. نازانی ئێرە دڵۆپە دەکا؟

جێگاوبانەکەی کەمێک هێنا ئەولاتر و دەستی کرد بە نووکەنووک:

– ددانم لە زاری کەوت ئەوەندەی بڵێم پیاوەکە زستان بەرێوەیە بڕۆ سەربان و کون و درزی ئەم تەنەکانە بەمێو بگرە. هەر دەڵێی دەگەڵ ئەوم نەبووە؟! فەرموو هەڵیگرەوە تەماشا کە تووشی چ چارەڕەشییەک بووین؟

ڕەجەب کە لە سووچێکی دیوارەکە ڕاوەستابوو گوتی:

– دایە. ئێرەش دڵۆپە دەکا.

ژنە دوای ئەوەی دەستی وە بەر دڵۆپە دا و لۆچی پڕ بوو لە ئاو قیژاندی:

– کچەتیوە مردەلۆخە زەلیل بووە. دانیشتووی تەماشای دەکەی؟! هەستە ئەم جێگاوبانەی بگوێزینەوە جێگایەکی دیکە.

مەعسوومی پەشۆکاو و ناڕەحەت هەستا جێگاوبانەکەی دەست دایە و گوتی:

– دایە. بیبەمە کوێ؟ هەموو جێگایەک دڵۆپە دەکا.

باڵاخانم هەناسەیەکی سووتێنەری کێشا:

– لەعنەت لەم شانس و بەختە! سەد خۆزگە بەژیانی سەگەلی کۆڵان. خودایە بۆ ئێمە عەبد و بەندەی تۆ نین؟

جێگاوبانەکەیان لە نێوەڕاستی خانووچکەکە پان کردەوە. ژنە گوتی:

– کچم بڕۆ دوو سێ قاپان بێنە وە بەر ئەو دڵۆپانەی دە.

مەعسووم بەتاریکی خەریک بوو لە قاپێک دەورییەک دەگەڕا، ژنە قیژاندی:

– دەڵێی لە خەزێنە و نەغدینە دەگەڕێی؟ خێراکە هەرچی وە بەر دەستت کەوت بیهێنە.

مەعسووم دوو سێ قاپە شکاوی هێنا و وە بەر جێگا دڵۆپەکانی دا.

باڵاخانم لێفەکەی لەسەر ڕەمەزان کردەوە و قیژاندی:

– هەستە ڕاست بەوە زەلامی بێ هونەر.

ڕەمەزان لێفەکەی لە خۆیەوە پێچا و وەڵامی داوە:

– دایە لە سەرمان وەختە بمرم.

باڵاخانم و مەعسووم کە خەریکی گوێستنەوەی دۆشەگی ڕەمەزان بوون دوو سێ دڵۆپە وە سەری مەعسووم کەوت. کچی بەستەزمان بەناڕەحەتی دەستی بەمووی سەری داهێنا و گوتی:

– دایە ئێرەش دڵۆپە دەکا.

– تف لەم شانس و بەختە، جا ئەوەش بوو بەمیچ؟ دەڵێی هێڵەگە کون کون بووە.

دایک و کچ گێژ ببوون و دەستیان وە هیچ کوێ ڕانەدەگەیی، ئا لەم کاتەدا شەعبان نەیزانی و لاقی لە یەکێک لەم قاپانە دا کە پڕ بوو لە دڵۆپە، قاپەکە شکا و ئاو بەوڵاتی وەر بوو، باڵاخانم کە لە حەیفان وەک شێتانی لێ هاتبوو داخی دڵی خۆی بەڕەجەب ڕشت و دوو سێ مستی چاکی لە پشتەستۆی دا.

ڕەجەب دەستی کرد بەگریان و گوتی:



– شەعبان ڕشتوویەتی بۆ لە من دەدەی؟

ژنە بەمست هێرشی بۆ برد:

– بێدەنگ بە.

مەعسووم خۆی بۆ ڕانەگیرا، ڕەخنەی گرت و گوتی:

– ڕاست دەکا دایە. خۆ ئەو نەیڕشت.

– دەمویست بزانم ئەوە کێیە لەخۆڕا خۆ لە کاران هەڵدەقوتێنێ؟!

باڵاخانم دوو منداڵەکەی لە خەو کرد:

– مات بن، لێفەکەی لە خۆتان نەکەنەوە ئێستا گەرم دەبنەوە. ڕەمەزان سەری لە بن لێفە هێنادەر و گوتی:

– دادە قومێکم ئاو بدەیە.

ژنە بەتووڕەیی وەڵامی داوە و قیژاندی:

– یاڕەبی جوانەمەرگ بی. ئەوە تۆ لە سەرمان هەڵدەلەرزی ئاوت بۆ چییە؟!

ڕەمەزان لە ترسان توونیایەتی لەبیرچووە و بێدەنگ بوو. مەعسووم بەتەواوی دانەنیشتبوو کە دایکی بەسەریدا قیژاند:

– شازادە خانم بەس نییە حەسانەوە! هەتا من دەچم لەسەر ئەو تاتانە جلوبەرگەکانت بۆ دەشۆم ئەتۆش هەستە خۆت ڕووت کەوە و لە نێو تەشتەکەدا خۆت بشۆ. ساوەساوێ مەکە ئێستا بابت دێتەوە.

مەعسووم وەڵامی داوە:

– دایە ئەمن سەرم هۆندۆتەوە. تەڕی کەم ئاڵۆز دەبێ!

ژنە دەهری بوو:

– بۆ سەرت بەچی هۆندۆتەوە لێت ئاڵۆز دەبێ؟ خۆ ئەو سیمە پیسانە لە گوو پیسترن چت لێ ئاڵۆز دەبێ؟!

– چ بکەم خۆ ئێوە "بیگوود"یتان بۆ نەکڕیم؟!

– هەموو شتێکمان تەواوە تەنیا بیگوودی خانم نەبێ. دەڵێن "ڕێوی بۆخۆی لە کونەوە نەدەچوو قانگەلاشکی لە کلکی دەبەست" ئەو نەقڵە ڕاست لە ئێمەی ڕوو داوە، لە برسان زگمان قۆڕەقۆڕێتی، ئەوەش وەزعی ژیان و بەرێچوونمانە، لەسەر ئەم حاڵەڕا شازادە خانم لە بیری ئەوەدایە کە بەبیگوودی سەر و پرچی دابێنێ! هەستە، هەستە برۆ برێک چیلکە و چاڵ بێنە لە سۆبەکە باوێ و وەرەوە.

مەعسووم بۆ لای سۆبەکە ڕۆیشت.

ڕەمەزان لە پشتەوەڕا قیژاندی:

دەست بەچرپییەکانەوە بگرە. بەخوا بەم سەرمایە ناتوانم وەدوای ئاوردوو کەوم.

ڕەجەب بەسرتە گوتی:

– کاکە؟

– دەڵێی چی؟

– ماڵە پیاوماقووڵ و دەوڵەمەندەکانیش وەک خانووچکەکەی ئێمە دڵۆپە دەکا؟!

– نەخێر.

– ئەدی بۆ ماڵە ئێمە دڵۆپە دەکا؟!

– سەربانی ئێمە هەموو قەڵشیوە و کون کونە.

– کاکە منداڵی دەوڵەمەندیش بەلێفە گەرم دەبنەوە؟

– ئەوان سۆبەیان هەیە.

– سۆبە وڵاتی زۆر گەرم دادێنێ؟

– وەک جەهەندەم!



– مرۆڤ دەست و پێشی گەرم دادێ؟

– بەڵێ بەڵێ هەموو لەشی گەرم دادێ.

ئەوجار شەعبانیش سینگی هێنا پێش و گوتی:

– بابەش دەیهەوێ سۆبەمان بۆ بکڕێ.

ڕەمەزان بەگاڵتە پێکەنی و وەڵامی داوە:

– ناتوانێ بکڕێ.

– بۆ ناتوانێ؟

– چونکە پووڵی نییە.

– ئەدی کەی پووڵی دەبێ؟

– قەت!

شەعبان دەیویست شتێک بڵێ، بەڵام ڕەجەب قسەکەی بڕی و گوتی:

– کاکە ڕەمەزان ئەگەر ئێستا مریشک هەبێ دەخۆی؟

– نەخێر ناخۆم.

– ئەمن دەخۆم.

دەنگی ئاڵقەڕێزی دەرگا هات و مەعسووم بەسەتڵێک ئاو وەژوور کەوت.

ڕەجەب لە خوشکی پرسی:

– خوشکێ مریشکی دەخۆی؟!

مەعسووم پێکەنی و وەڵامی داوە:

– ئینسانی برسی مەگەر بەخەون دەنا مریشک و پلاو نابینێ!

مەعسووم تەشتە ئاوەکەی دەست دایە. دوو سێ خول بەنێو دیوەکەدا هەڵسووڕا. سەرەنجام گۆشەیەکی دیتەوە کە دڵۆپە ناکا، سەتڵ و تەشتەکەی دانا و بەمنداڵەکانی گوت:

– دەچم قاپێک دێنم نەکەن دەست لەم تەشتەی بدەن ها.

مەعسووم وە دەر کەوت. بالاخانم لە بن دیوارێکی ڕووخاو دانیشتبوو خەریکی شیو کردن بوو. مەعسووم قاپە شکاوێکی لەبەر دەستی دایکی دەست دایە و پرسی:

– دایە سابوون لە کوێیە؟

ژنی ماندوو سەری هەڵێنا و جوابی داوە:

– برۆ کێردێکی بێنە ئەم سابوونەی پێ لەت کەین.

مەعسووم بەئەسپایی و لەسەر پانێ بێ ئەوەی ژوورەکە قوڕاوی کا چوو کێردێکی دەسک شکاوی هێنا و دای بەدایکی، بالاخانم سابوونەکەی کردە دوولەت و لەتێکی دا بەمەعسووم:

– دەستی پێوە بگرە. باوکیشت دەیەوێ خۆی بشوا.

مەعسووم جوابی نەداوە هیچ، سابوونەکەشی لە دەست بەربۆوە و کەوتە نێو قوڕ و چڵپاو. دایکی تووڕە بوو قیژاندی:

– ئەستۆت شکێ کچەتیوە. ناتوانی سابوونێکی ڕاگری؟ خێراکە خۆت بشۆ ئێستا باوک دێتەوە.

مەعسووم زۆر نارەحەت بوو، پێڵاوەکانی خاوێن کردەوە و چووە ژوور و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست. کراسێکی چیتی گوڵداری لەبەر دابوو. دایکەند و بەرەمەزانی گوت:

– ڕوو لە دیواری کە. دەمەوێ ڕووت بمەوە، هەتا خۆم دەشۆم هەقت نییە سەرت لە دیواری کەیەوە، حاڵی بووی؟

ڕەمەزان لە حاڵێکدا دەیەویست ڕوو لە دیواری بکا جوابی داوە:

– بەڵێ حاڵی بووم.

شەعبان چاوی کردەوە و تەماشای خوشکەکەی کرد کە خۆی ڕووت



دەکاتەوە. کاتێک مەعسووم ژێرکراسەکەی داکەند و لە پەنا خۆی بەبزمارێکی داکرد، تەماشای کرد پەنجەرە کراوەتەوە. خۆی کۆ کردەوە و بەشەعبانی گوت:

– برۆ پەنجەرەکە پێوە دە.

شەعبان کە دەستی نەدەگەیشتە پەنجەرەکە چوارپایەکی داری لەق و لۆقی دانا، چوو سەر چوارپایەکە و پەنجەرەکەی داخست.

دیوەکە تەواو تاریک داهات. مەعسووم ئەوجار بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە لیباسەکانی دیکەشی داکەند و بەدزی چاوی لە منداڵەکان دەکرد. بۆ ئەوەی خاترجەم بێ دووبارە ڕایگەیاند:

– تەکان نەخۆن، لە جێگای خۆتان نەبزوون.

ڕەمەزان بەناقایلی وەڵامی داوە:

– خۆشکێ ئێمە چاوت لێ ناکەین. ئەم ئەدا و ئەتوارەی ناوێ. کێ حەوسەڵەی هەیە چاو لە تۆ کا؟!

مەعسووم لە نێو تەشتەکەی دانیشت. سەتڵە ئاوە گەرمەکەی کێشا پێش خۆی. بەقامک ئاوەکەی تاقی کردەوە:

– جا ئەوە چ بکەم. سارد بۆتەوە.

لەبری بیگوودی بەسیم قژی پێچابۆوە، سیمەکانی لەسەر کردەوە، دوو سێ جار وەک دەروێشان سەری هێنا و برد و کراوە.

دوای ئەوەی دوو سێ قاپی ئاو بەسەر و شانی داکرد و کیسەیەکی لە خۆیدا ئاوی نێو تەشتەکە بەتەواوی ڕەنگی گۆڕا و لیێڵ بوو. جارێکی دیکەش سابوونی لە سەری دا بەڵام ئەوجار نەیهێشت کەفەکە بەفیڕۆ بڕوا، لە لۆچی دەکرد و لە لەشی هەڵدەسوو.

لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی باوکی بوو:

– دەرگا بکەنەوە.

بالآخانم بەنیگەرانی بەغار خۆی گەیاندە بەر دەرگا و وەڵامی داوە:

– مەچووە ژوور، کچەکە خەریکی خۆ شۆردنە.

سەیفوڵڵا تووڕە بوو:

– کوا ئێستا وەختی خۆشۆردنە؟ منی بێچارە سەر تا پام خووساوە. دەڵێی مشکم لە ئاوت هەڵکێشاوم، تا کەی چاوەڕوان بم؟!

بالآخانم لە حاڵێکدا لیباسە شۆڕاوەکانی بەدەستەوە بوو بەکەڵێنی دەرگادا سەری بردە ژوور و گوتی:

– ڕۆڵە گیان خێراکە. باوکت لە پشت دەرگا ماوەتەوە.

– گوێم لێبوو دایە، هێندەم نەماوە.

سەیفوڵڵا لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند:

– بەزیادم نەکرد ئەم شانس و بەختە. لە بەیانییەوە وەک سەگ دێم و دەچم دە تمەنم پەیدا نەکردووە. ئەمەش هاتنەوە ماڵمە. نازانم لەبەر چی خوا ئێمەی لە بیرکردووە؟!

بالآخانم گوتی:

– ناشکوری مەکە گوناحە.

– چ گوناحێک حافرەت؟ لەم ڕۆژەوە کە خۆم ناسیوە تا ئەم کاتە هەر لەبەر خوا پاڕاومەوە قەتی جواب نەداومەوە. ئەگەر درۆ دەکەم بڵێ وا نییە.

بالآخانم بۆ ئەوەی قسەکە بگۆڕێ پرسی:

– بامیە و زولبیاکانت بۆ نەفرۆشران؟!

سەیفوڵڵا هێندەی دیکە ناڕەحەت بوو:

– من دەڵێم چی و تۆ چ دەپرسی؟ بۆ باران مۆڵەت دەدا کەس بێتەدەر تا بامیە و زولبیا بکڕێ.



بالآخانم دیسانیش پرسی:

– یانی هیچت نەفرۆشتووە؟

– نزیکەی شەش تمەنم فرۆشتووە. ئەگەر هەمووشی قازانج بێ. دەردێکی دەرمان ناکا. ناکاتە پووڵی نانی ویشکێکەمان. هەرچەند دەڵێن "سەری بێ ڕۆزی لە ژێر گڵدایە" بەڵام یان ئێمە ئینسان نین. یان خودا ئێمەی لە بیر چۆتەوە.

بالآخانم لە حەیفان وەک شەق شەقە دەلەرزی:

– بێدەنگبە پیاوەکە. با خوا غەزەبمان لێ نەگرێ.

– ڕەنگی ڕەشتر لە ڕەشمان نییە! هێشتا غەزەبی لێ نەگرتووین؟ وەڵا ڕاست! دەتەوێ لەوە خراپتر چمان بەسەر بێنێ؟! لە لایەک ئەوە کار و کاسبیمە. ئەوەش ژووری گەرم و گوڕ. ئەمەش جلوبەرگمە! ئەگەر بەسەتڵان ئاویان وەسەر گێڕابام هەر ئەوەندە تەڕ دەبووم. خراپتر لەمە چیترت گەرەکە؟!

بالآخانم کە حەزی نەدەکرد کفر کردنی مێردەکەی گوێ لێ بێ، بۆ ئەوەی خاوی کاتەوە گوتی:

– سەد کەرەتم پێ گوتی برێک مێو بکڕە ئەو کونانەی سەربانی پێ بگرین، هەر وە پشت گوێی خۆت خست، دە هەڵیگرەوە دەی! جێگایەکی ساغ نەماوە، هەموو دڵۆپە دەکا!

سەیفوڵڵا لە حەیفان پێکەنی:

– هەر وەختێکی کونی گەرووی ئێوە گیرا و پشووی پێدا نەهات فکرێکیش بۆ کونەکانی سەربانی دەکەینەوە!

ئەوجار بالآخانمیش لە حەیفان پێکەنی:

– خۆ ئەوە خەرجێکی ئەوتۆی ناوێ یەکی هۆرەیەکیان دە گەروو بکوتە و منداڵەکان لەم چارەڕەشییە نەجات دە.

ژن و مـێـرد بۆ مـاوەیەکی کـورت بێـدەنگ بوون، لە پاشـان باڵاخـانم ئەم جلوبەرگانەی کە هێشتا بەدەستییەوە بوون هەڵیخستن و پرسی:

– هیچت نەهێناوەتەوە؟!

مێرد بەگەمە جوابی داوە:

– بۆ نەم هێناوەتەوە. دە شـیش کـەباب! بیـست شـیش جـەرگ و دڵ! برێکیش شیـرنی! ژنەکە تامی تاڵی گەمـە پێکردنەکەی هەست پێکرد و بەنارەحەتی قیژاندی:

– بەسـە پیـاوەکـە دەست هەڵگرە لەم گـەمـە پێکردنە، بۆ خـۆمـان بەجەحەندەم. منداڵەکان شێو چی بخۆن؟ فراوێنمان بەبرێک نان و سێوک گوزەراند. لانی کەم بۆ شێو شتێک بکڕە بیخۆین.

سەیفوڵڵا پرسی:

– رۆنمان هەیە؟

ئەوجار نۆرەی باڵاخانم بوو گەمەی پێ بکا، وەڵامی داوە:

– ئەو خیگە سێ کیلۆ رۆنەی کە دوێنێ هێناتەوە دەستم لێ نەداوە!

سەیفوڵڵا ئەوەندە توورە بوو چاوەکانی پڕ بوون لە خوێن:

– قسەی بێ تام و زیادی مەکە. جوابی من بدەوە.

– قسـەکانی تۆ چاک بوو بەڵام کـە نۆبەی من هات دەفـەرمووی قسـەی بێـتام دەکەم؟ ئاخر پیـاوی چاک ئەتۆ کەنگێ رۆنت هێناوەتەوە تا برێکی مابێتەوە؟

– زۆر چاک حاڵی بووم. رەمەزان بنێرە دووکانی مام هادی بایی تمەنێک رۆنی نەباتی بکرێ. دوو تمەنیش بدا بەنیـسـک. شـێـو نیـسـکێنەمـان بۆ لێنێ.

باڵاخانم هیچی نەگوت. دوای ماوەیەک مات بوون وەک شتێکی وە بیر هاتبێتەوە گوتی:



– ئەدی نان؟ خۆ نانیشمان نییە.

سەیفوڵڵا بەپشووسواری و گومانەوە پرسی:

– ئەو دوو سەنگەکەی بەیانی کڕیمان خواردتان؟ دەڵێی حەزیان هیچیان بەرگە ناگرێ!

– بەڵێ. ئەدی پێت وابوو فراوێنێ چ دەخۆین؟ بۆ جگە لە نان شتێکی ترت پێ شک دەهات؟

سەیفوڵڵا سەری لێ راوەشاند:

– ببوورە خاتوونی بەڕێز. ئەو جۆرەی کە ئێوە نانی دەخۆن ئەگەر کارخانەی نانی ماشێنیشمان بێ دەرنابەین و پێتان ناوەستێ!

باڵاخانم ئەوەندە قەڵس و توورە بوو خۆی بۆ ڕانەگیرا:

– هێندەی لەسەر مەڕۆ پیاوەکە. منداڵەکان نەبوونی نازانن. پووڵی بدە بەرەمەزان دوو سەنگەکیش بکڕێ.

سەیفوڵڵا لە حاڵێکدا پووڵەکانی لە گیرفانی دەردێنا و دەیبژارد قوونی لەگەڵ بادەدا.

– خـۆ لە دار و بەرد دەدەم رۆژێ پێنج شـەش تمەن پەیدا دەکـەم. بۆ ژەمـێک چوار تمەنمان دەوێ. هەر بینا گوتیـان فـلانەکەس هیـچی نەمـاوە و وەرشکست بووە؟! ئەوەندە سەرمایەش بخۆین با بزانین چمان لێ دێتەوە؟

باڵاخانم زۆر بێ واز بوو قسەی مێردەکەی بڕی:

– چش هەرچی دەبێ ببێ کارم بەهیچ نەداوە. تازە من نەدەچمە لای مام نەورۆز نە بەقەرز شتی لە مەشەدی حەسەن وەردەگرم. هەرچی بۆ خۆت پێت خۆشە بیکە. بۆخۆت دەست پێوە بگرە و هێندە دەست بڵاو مەبە.

سەیفوڵڵا بەسەر ژنەکەیدا گوڕاندی:

– دەزانم ئەم هەموو قەڵسی و توورەییەت لەبەر رۆژنامە کڕینی منە.

– بەڵێ. زۆری پێوە ماندووم و زگم پێوەی دێشێ ئاخر ئەتۆ و ڕۆژنامە؟! نە ئەو کەسەی ببێ بەوەکیل. نە لە شووڕای شار ڕێگات دەدەن.

پیاوە زیاتر قەڵس و تووڕە بوو:

– بۆ ئەوانەی دەبنە وەکیل و وەزیر چیان لەمن زیاترە!؟ بەخودا ئەگەر بمکەنە وەکیل بەشەوێک تەواوی ئەو زنجانە ئاور تێبەردەدەم!

– پێشینیان ڕاستیان گوتووە "ئەگەر سواڵکەر بکەن بەپادشا بەر لە هەموو کەس باوکی خۆی دەکووژێ!"

– نەخێر. ژنەتیو. لە مەبەستی من حاڵی نەبووی. نازانی بۆ ئاوریان تێبەردەدەم؟

– ڕەنگە لەبەر ئەوەی بێ منداڵەکان گەرم بنەوە؟!

– نەخێر. ئەو زنجانە بۆیە ئاور تێبەردەدەم لە جێگای هەر کام لەوانە خانووبەرەی دە تاقی دروست کەم.

ژنە بەکەیفی خۆی قاقایەکی کێشا:

– پیاوەکە بیکە بەخاتری خودا دەست لەم قسانە هەڵگرە، دەتگرن و لە شێتخانەت داوێن. بیست ساڵە ژن و مێردین و دم لە وەکیلایەتی وەردەدەی! دامنا بوویە وەکیل چ غەڵەتێکی دەکەی؟! بۆ پێت وایە وەکیلەکان نازانن ئێمە لە چ وەزع و حاڵێک داین؟ بەخوا خەبەریان هەیە. زۆر چاک هەموو شتێکی دەزانن بەڵام خۆیان گێل دەکەن. ئەوە خووی وەکیلە هەر کە سووریان دیت سەپانیان لە بیر دەچێتەوە. بەخودا ئەگەر ئەتۆش ببی بەوەکیل دەعێت ناهێنێ بەو لایانەش دا بێی.

سەیفوڵڵا بەنیشانەی ناڕازی بوون سەری بادا:

– بەناموسم وانیم بەڵێن دەدەم ئەگەر دەستم لە جێگایەک گیر بوو شەو و ڕۆژ بۆ نەجاتی ئەو زنج نشینانە تێدەکۆشم.

باڵاخانم دەستەکانی دە بەر کەلەکەی نا و گوتی:



– پیاوەکە خەجاڵەتی بکێشە. خۆ شێت نەبووی بریا وەکیل سەری خواردبای. چت داوە لەم حەیس و بەیسە پارووە نانێکی پەیداکە بەری دڵمان بگرێ.

لە پاشان کەلێنێکی دا بەدەرگاکە و پرسی:

– مەعسووم تەواو بوو؟

مەعسووم لە ژوورێڕا جوابی داوە:

– ئەوە لیباسەکانم لەبەر دەکەمەوە.

باڵاخانم دەرگاکەی پێوە دا و بەمێردەکەی گوت:

– تا ڕەمەزان دەچێ نیسک و ڕۆن دەکڕێ ئەتۆش ڕووت بەوە و خۆت بشۆ.

سەیفوڵڵا بەتەوس و تەشەر وەڵامی داوە:

– پێویستم بەحەمام کردن نییە. بۆ لەخۆڕا ئاو و سابوون حەرام کەم؟!

– چڵکن نی؟!

– زۆریش چڵکنم بەڵام.

سەیفوڵڵا لەبەر پێکەنین قسەکەی بۆ تەواو نەبوو چاوێکی لە ژنەکەی کرد و ئەویش پێکەنی. بەسرتە گوتی:

– ئێستا نابێ!!

– بۆ نابێ؟ بەبیانوویەک کچەکە دەنێرینە ماڵە جیرانەکان. منداڵەکانیش دەچنە دووکان و نانەواخانە!

باڵێ خانم ملی نەدا:

– نەخێر. منداڵ گەورە بوون ئیدی فریو ناخۆن ئەو زەمان بەسەر چوو کە دەمگوت باوکتان پشتی دێشێ و کووپەی لێدەدەم! یا ئەژنۆی ژان دەکا و بۆی دادەماڵم. لە بیرت چۆتەوە ئەوێ جارێ لە پشت دەرگا خۆیان لێ

گرتبووین گۆرانیان لە بەر یەکتر دەگێڕاوە؟!

سەیفوڵڵا هەناسێکی خەمناکی هەڵکێشا:

– یاخوا کەس فەقیر نەبێ! فەقیری بەڵایەکی گەورە و خراپە. کارێکی کە بۆ سەگ و پشیلەی کۆڵانان ئاساییە بۆ ئێمەی بەدبەخت و چارەڕەش قەدەغەیە!!

باڵاخانم بەسرتە گوتی:

– دوای ئەوەی منداڵەکان خەوتن!

سەیفوڵڵا ملی بەلارەوە نا و بەڕەزامەندی وەڵامی داوە:

– چاکە.

لە پاشان ڕۆژنامەکەی لە گیرفانی هێنادەر و درێژەی پێدا:

– بەو کچەتیوەی بڵێ خێرا کا. لە سەرمان ددانم ددانی ناگرێ.

باڵاخانم دیسان کەلێنێکی دا بەدەرگاکە و بانگی مەعسوومی کرد:

– ڕۆڵە بابت لە سەرمان شین و ڕەش هەڵگەڕاوە خێراکە ئەوە چ دەکەی؟

مەعسووم خەریک بوو ژێرکراسەکەی لەبەر دەکردەوە و منداڵەکانیش بەدزی چاویان لێدەکرد و پێدەکەنین.

مەعسووم زۆری پێ تووڕە بوو بەڵام چی لە دەست نەدەهات. وە پەلە کەوت و لە جوابی دایکیدا گوتی:

– بۆ ئەم منداڵە شەیتانانە مۆڵەت دەدەن خۆم کۆ کەمەوە!

منداڵەکان لە قاقای پێکەنینیان دا و مەعسووم هەرای کرد:

– بابە. وەرە ژوور.

سەیفوڵڵا هووی لە دەستی کرد و وەژوور کەوت:

– کچەتیو خودا بتگرێ ئەوە چت دەکرد خودا ڕوحمی پێکردووین کە وانی شووشە و حەمامی ئاوێنەکاریمان نییە ئەگینا ساڵێکت پێدەچوو!



مەعسووم پێکەنی و لە باوکی پرسی:

– کراس و پاتۆڵی وشکت بۆ بێنم بیانگۆڕی؟!

– خێراکە بۆم بێنە مەگەر نەتدیوە لە بەری پێم ڕا تا تەپڵی سەرم خووساوە و دەڵێی مشکم لە ئاودا خووساوم؟

مەعسووم چوو لە نێو یەغدانە دارەکەی دایکی کراس و پاتۆڵێکی تازەی بۆ باوکی هێنا. سەیفوڵڵا کە چاوی بەو دەفرانەی ژێر دڵۆپەکان کەوت هەناسێکی هەڵکێشا و گوتی:

– دووکانی قاپ و مەنجەڵ سپی کردنەوەتان داناوە؟ لە کوێ دانیشم شێو بخۆم؟!

مەعسووم پێکەنی:

– تەنیا ئەو جێگایەی کە منداڵەکان خەوتوون دڵۆپە ناکا.

لە کاتێکدا سەیفوڵڵا تەماشای مێچی دەکرد لاقی لە قاپێکی پڕ لە دڵۆپە کەوت و هەموو وڵاتیان لێ تەڕ بوو.

سەیفوڵڵا لە حەیفان پێکەنی:

– هەر ئەوەمان کەم بوو. نێو ماڵەکەشمان بوو بەچۆم!!

مەعسووم پەڕۆیەکی دەست دایە و دەستی کرد بە وشک کردنەوەی ژوورەکە. سەیفوڵڵا لە حاڵێکدا ژێرپاتۆڵەکەی بەدەستەوە بوو و لە نێوەڕاستی وەتاغێ ڕاوەستابوو بەبێ وازی گوتی:

– دەست ببزێوە کچم. دەمەوێ شۆرتەکەم داکەنم. دەقیقەیەک بڕۆ دەر.

کوڕەکان چاویان لەسەر باوکیان هەڵنەدەگرت. کاتێک مەعسووم چووە دەر، سەیفوڵڵا وەک هەمیشە بەکوڕەکانی گوت:

– ڕوو لە دیواری کەن.

دوای ئەوەی سەیفوڵڵا جلوبەرگی گۆڕی، کۆتە پینەکراوەکەی لەبەر کرد،

دەستی لە گیرفانی نا پوولەکانی هێنا دەرە و بەرەمەزانی گوت:

– هەستە ڕەمەزان. بچوو بۆ دووکانی مام هادی بەقاڵ بایی تمەنێک ڕۆنی نەباتی بکڕە، دوو تمەن بدە بەنیسک، سێ دەنک سیغار بکڕە، دوو سەنگەکیش لە نانەواخانە وەرگرە و وەرەوە. خێراکە ئاگات لە خۆت بێ، پوولەکان ون نەکەی! توند دەستت بقووچێنە، گوم نەبێ.

شەعبان کە هێشتا لە نێو جێگاوبان دا بوو گوتی:

– تۆخوا بابە گیان بەکاکم بڵێ شەکر و پەنیریشی بۆ من لە بیر نەچێ.

سەیفوڵڵا پێکەنی:

– بابە گیان شەکر و پەنیر چاک نییە! زەرەری هەیە!

ڕەجەب بەترس و گومانەوە گوتی:

– ئەدی هەڵواشەکەری چۆنە؟ خۆ ئەو خراپ نییە؟

سەیفوڵڵا پێنج قرانی دیکەی دا بەرەمەزان:

– ها ئەوەش بدە بەهەڵواشەکەری.

ڕەمەزان کە لەمێژ بوو باوکی وا بەخۆشحاڵی و دەم بەپێکەنین نەدیبوو هەلی بۆ ڕەخسا و گوتی:

– بابە ئەمنیش دەفتەرێکی بکڕم؟

سەیفوڵڵا لە حاڵێکدا زۆر تووڕە بوو بەتەشەر جوابی داوە:

– بەڵێ کوڕم بکڕە. سیغاریش بکڕە! باقلاوەشت لە بیر نەچێ؟ دەڵێی بوومە وەکیل و بەخۆم نەزانیوە!

ڕەمەزان کەوشە جیرەکانی لە پێ کرد و وەڕێ کەوت.

کاتێک دەرگاکەی کردەوە مەعسووم لە دەرێڕا پرسی:

– بابە لیباسەکانی لەبەر کردۆتەوە؟

سەیفوڵڵا بەتەشەر جوابی داوە:



– بەڵێ لیباسە ڕەسمییەکانم لەبەر کرد تەنانەت شەمشیریشم لە خۆم دا.

کاتێک مەعسووم هاتە ژوور سەیفوڵڵا یەخەی کۆتە شڕ و دڕاوەکەی ڕێک وپێک کرد و سینگی هێنا پێش.

مەعسووم بەپێکەنین گوتی:

– بابە هەر وەختێک ئەو کۆتە لەبەر دەکەی جحێڵتر نیشان دەدەی!

سەیفوڵڵا پێکەنی و سەری بادا:

– ڕاست دەکەی کچم. هێندێک جار فەقیریش ئینسانی جحێڵ دەکاتەوە. کۆت و کراسی تازە و تەنانەت جلوبەرگی کۆنیش کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیر دەچنەوە شکڵ و تەرحی ئینسانی فەقیر دەگۆڕن.

سەیفوڵڵا دەستی لە گیرفانی نا. کوتەقاقەزێکی وەبەر دەست کەوت. بەپەلە قاقەزەکەی لە گیرفانی هێنادەر و تەماشای کرد زۆری پێ خۆش بوو پێی وابوو پوولە، بەڵام پووڵ نەبوو قاغەزی هەڵبژاردنی شووڕای شار بوو کە ماوەیەک لەمەوبەر بۆ هەڵبژاردنی شووڕای شار لەبەر دەرگای مزگەوت دابوویانێ. چەندکەس "ئەمین و ڕاست و دروست و پشت گەرم بەکار و زیرەک" بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بەنێوڕاست و ئەمین و. لە هەموو کەس سەگ و سەگبابتر و دز و درۆزنتر و بێ ئابڕووتر بوون. کە چی لەبەر خەڵک دەپاڕانەوەو دەست و داوێنیان دەبوون هەڵیانبژێرن و بەڵێنیان پێدەدان کە ئەگەر هەڵبژێردرێن پشتیوانییان لێدەکەن و قازانجیان دەپارێزن .

سوێندیان خوارد بوو کە زنجەکان تێک دەدین و خانووبەرەی چەند قاتیتان بۆ دروست دەکەین. بەڵام دوای ئەوەی هەڵدەبژێردران و کاریان ڕاست دەهات ئەوەی لە بیریان نەمابا زنج و زنج نشینەکان بوو. هەزار گیر و گرفتیان بۆ هاتبا پێش گوێیان نەدەدانێ و ئاوڕیان وێ نەدەدان.

لەو کاتەدا دەنگی باڵاخانم لە دەرێ ڕا هات:

– ڕۆڵە وەرەوە ئەو لیباسانەی لە ئاوم هەڵکێشاوە بەرە هەڵیانخە.

مەعسووم وەڵامی داوە:

– هاتم دایە.

مەعسووم کاتێک وەڕێ کەوت سەیفوڵڵا گوتی:

– بەدایکت بڵێ لیباسەکان لە دەرێ هەڵخا.

– بابە گیان چ لە دەرێ بێ و چ لە ژوورێ هەر وەک یەکە. لە دەرێ باران دەبارێ. ژووریش دڵۆپە دەکا!

مەعسووم چووە دەر، سەیفوڵڵا سیغارەکەی هێنادەر و دایگیرساند. شەعبان کە چاوی لە بابی نەدەترووکاند گوتی:

– منیش دەمهەوێ!

سەیفوڵڵا نێوچاوانی تێک نا و جوابی داوە:

– سیغار بۆ منداڵان نابێ.

– ئەدی بۆ ئەتۆ دەکێشی؟

– پووڵی زیادیم زۆرە بۆیە سیغار دەکێشم!

ڕەجەب لە خۆشیان چەپڵەی لێدا و گوتی:

– بابە گیان ئەدی ئەگەر پووڵت زۆرە بۆ هەر بەلێفەی خۆمان گەرم دادێنین؟!

سەیفوڵڵا لە حاڵێکدا نەیدەتوانی ئەو منداڵە پێنج شەش ساڵەی حاڵی بکا. گوتی:

– قسەی زیادی مەکە. دنیا هەموو جۆری تێدایە هی وایە بەپووڵ گەرم دەبێتەوە. یەکێکیش بەلێفە!

ڕەجەب مات بوو. چاوە چکۆڵەکانی لە بابی بڕی. سەیفوڵڵای بێچارە هەرچەند بەتەمەن نزیکەی چل ساڵ بوو بەڵام خەم و ناڕەحەتی ژیان و دەسکورتی وەک گۆچان دایهێنابوو. نێوچاوانی پڕ بوو لە گنج و چاوی لە



قووڵەوە چوو بوو. بەڵام ڕەجەب نەیدەزانی باوکی لەبەر چی وا پەشۆکاو و مات و مەلوول و پەرێشان و ئاڵۆزە چونکە تەمەنی لەوە کەمتر بوو کە بتوانێ مانای ئەو شتانە لێک بداتەوە.

مەعسووم دوو سێ کوتی لیباسی شۆراو بەدەستەوە بوو، لە جێگایەک دەگەڕا هەڵیخا، چاوی لە دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

– بابە بۆ وا تەڕ بووی؟

– باران دەبارێ کچم. نەتدیوە چۆن دەبارێ؟

– نایلونێک بەسەر خۆت دادابا؟

– ئەگەر نایلۆنم بەسەر خۆم دادابا داشقە دەستییەکە و کەشەفە زولبیاکەم چ لێکردبا؟ کچم بۆ نازانی بامیە و زولبیاکەم پێ لە خۆم فەرزترە؟ بڕێک بیر بکەوە.

لەو قسانەدا بوون کە ڕەمەزان بەقەڵسی و ناڕەحەتی وەژوور کەوت و گوتی:

– مەشەدی هادی سیغارم ناداتێ.

سەیفوڵڵا ناڕەحەت بوو پرسی:

– بۆ؟

– دەڵێ سیغاری بەدەنکمان نییە. دەتهەوێ بەبەستە بدەمێ.

سەیفوڵڵا هەموو ڕق و تووڕەییەکەی کردە تف و بەدیواری دادا و گوتی:

– بەڵێ. مەشەدی هادیش دەوڵەمەند بووە، بۆیە فەقیر و هەژاری لە بیر چۆتەوە. ئاخر دەوید بابی خوێری لانی کەم مانگانە بایی سەد تمەنت شت لێدەکڕین. ئیدی ئەو نازە چییە لە سەرمان دەکەی؟ لە پاشان دەستی بۆ لای ڕەمەزان درێژ کرد و گوتی:

– پێنج قرانەکەم بدەوە. سیغارم ناوێ.

ڕەمەزان بەترس و گومان جوابی داوە:
– شەکرم کڕیوە.
سەیفوڵڵا بەتووڕەیی قیژاندی:
– غەڵەت دەکەی شەکری دەکڕی. ئێستا من بێ سیغار چ بکەم؟!
تازە هیچ چارەیەکی نەبوو. سەیفوڵڵا مەعسوومی بانگ کرد و ئاخرین پووڵێدایە:
– وەرە ڕۆڵە گیان ها ئەوە پێنج قران و بچووە دووکانی مەشەدی هادی سێ دەنکم سیغار بۆ بێنە. مەعسووم پووڵەکەی وەرگرت ، لەچکەیەکی لەسەر نا چووە دووکانی مەشەدی هادی. دووکان پڕ بوو لە مشتەری، ڕاوەستا تا مشتەرییەکان بێنەدەر چونکە پێی شەرم بوو لە لای وان بڵێ دوو سێ دەنکم سیغار دەیە!
کاتێک مشتەرییەکان ڕۆیشتن مەعسووم چووە ژوور و گوتی:
– مەشەدی هادی سێ دەنکم سیغار بدەیە.
مەشەدی بەقاڵ لە حاڵێکدا زاری وەک باقۆ کردبۆوە و ددانە ڕزیو و زەردەکەی حاڵی مەعسوومی گرتبوو سیغارەکانی لە قاقەزێکەوە پێچا و دای بەمەعسووم و بەپێکەنینێکی تاڵ و ناقایلانە گوتی:
– کاتێک ڕەمەزان هات سیغارم نەبوو هەروا تاوێکە بۆیان هێناوم.
مەعسووم قسەی مەشەدی هادی بڕی:
– دەزانم.
ویستی پووڵەکەی بداتێ و سیغارەکەی لێ وەرگرێ ، مەشەدی هادی دەنکێکی بۆ ڕاگرت:
– فەرموو مەعسووم خانم.
مەعسووم سەری بەرداوە و بەپەلە و بەلەپی دەست، دەستی مەشەدی



هادی وەلا نا:
– نامەوێ. سیغارەکەم بدەیە، کارم هەیە.
مەشەدی هادی دەسبەردار نەبوو:
– بۆ لێم وەرناگری؟ خۆ دەزانم لە شەگەلات شیرنتری.!
مەعسووم خانم نێوچاوانی تێک نا:
– گوتم ناخۆم . سیغارەکانم وێدە دەڕۆم.
مەشەدی هادی تێگەیشت کە مەعسووم لەوانە نییە، سیغارەکانی دایە و پووڵەکەی وەرگرت.
– ئەگەر قودرەت دابایەی دەتخوارد؟
– قودرەت دەسگیرانی منە.دەمانەوێ پێکەوە زەماوەند بکەین.
– کچی چاک قودرەت تۆ ناهێنێ.بۆخۆم ئامادەم نۆکەریت بکەم.
– خودا پاکت کاتەوە،بڕۆ لە پێش چاوم ون بە! تەمەشای ئەو تەرح و دیدارەی!قوڕت وەسەری.
مەعسووم بەرەو ماڵ بۆوە.
مەشەدی هادی لە حاڵێکدا لە پشتەوەڕا سەرتاپای تەماشا دەکرد گوتی:
– بەهەر قەیمەتێک بێ بابت ڕازی دەکەم دەتکەمە ئی خۆم. داخ لەسەر دڵی قودرەت دادەنێم ئەتۆ دەبێ ببی بەخێزانی من. ئەوە دە ساڵە شەو و ڕۆژ کار دەکەم. بەو هیوایە کە بتوانم ئەتۆ بەپووڵ بکڕم.
کاتێک مەعسووم گەیشتەوە دایکی لە شیووکوڵ ببۆوە و هەڵی خستبوون. سلاوی کرد و دایکی پرسی:
– چووبوویە کوێ کچم؟
– چووبووم سیغاری بۆ بابم بکڕم.
– بابت ناردبووی؟

– بەڵێ.

– ئاقڵی نییە ئەو پیاوە، خودا لێی گۆڕیوە. کچی جوان و جحێڵ دەنێرێتە دووکانی بەقاڵی.

مەعسووم لە حاڵێکدا زۆر ناڕەحەت بوو دەستی کرد بەخۆبادان:

– دایە ئەتۆ دەڵێی چی؟

– کچم پێت ناخۆش نەبێ. زەمانە خراپە. دەبێ زۆرت ئاگا لە خۆت بێ فریوت نەدەن!

– مەترسە من حەریفی سەد پیاوی لەم چەشنەم.

– پێت وایە کچم. ئەو جۆرە پیاوانە بەپووڵ و زمان لەسەر ڕێی ژن و کچان کەمین دادەنێنەوە و تا بەمرادی چەپەڵ و گڵاوی خۆیان نەگەن دەست هەڵناگرن.

– من لە وانە نیم. ئەگەر. ئەگەر سەد ساڵیش بەبرسێتی بمێنمەوە و سەد بەرابەر لەوەی فەقیرتر بم نامووسی خۆم دەپارێزم. جگە لە قودرەت لەگەڵ هیچ کەسی دیکە زەماوەند ناکەم.

– کچم لەبەر خودا دەپاڕێمەوە بەئاواتی خۆت بگەی. جارێ ئاورگەکەی هەڵکە. ئەوە دەچم نیسکی دەشۆمەوە و دێم.

مەعسووم بڕێکی ناز کرد و جوابی داوە:

– دایە گیان بۆخۆت ئاورەکە بکەوە. پیوازیش پا کە، کارەکانی دیکەش بۆ من دانێ.

باڵاخانم بەپێکەنین گوتی:

– دەترسی دەستت ڕەش بێ و بۆنی پیواز بگرێ؟ زۆر چاکە کچم ڕاست دەکەی با ئەو دەستە سپی و سۆڵانەی تۆ ڕەش نەبێ. حەیفە بڕۆ سیغارەکان بدە بەباوکت و زوو وەرەوە.

مەعسووم چووە ژوور و سیغارەکانی دا بەباوکی. سەیفوڵڵا پرسی:



– ئەو کەرەپیاوە خەرفاوە چی گوت:

– هیچ.

– ئەدی چۆن بوو بەدەنکی فرۆشت؟

بەرلەوەی مەعسووم شتێک بڵێ ڕەمەزان جوابی داوە:

– ئەگەر منیش چووبام بەمنیشی دەفرۆشت!

مەعسووم قەڵس بوو:

– بابە بۆ هیچ بەڕەمەزانی ناڵێی؟

سەیفوڵڵا لە ڕەمەزانی مۆن بۆوە و بەسەریدا گوڕاندی:

– بێدەنگ بە تووتکەسەگ!

مەعسووم مەنجەڵە ڕەشەکەی لە ئاوی ترومپایە پڕ کرد لەسەر ئاورگی دانا، باڵاخانم کە خەریکی ئاور گەشانەوە بوو پرسی:

– کچم تەماتەمان هەیە؟

مەعسووم دەستی بەلایەکی چارشێوەکەی وشک کردەوە و جوابی داوە:

– دوو سێ دەنکی توڵخاومان هەیە. دوو دەنکمان بیباری گەورەش هەیە.

– بچوو تەماتەکان لە قاپێک دا بنجنە و بیهێنە.

مەعسووم کاتێک تەماتەکانی ورد دەکرد قاشێکی چکۆلەی خوارد. بەڵام دەسبەجێ تفی کردەوە و گوتی:

– دایە ترشاوە.

– قەیدی نییە کچم دەکوڵێ دیاری ناکا!

مەعسووم خەریکی بژاردنی نیسک بوو. بەردی زۆر لەگەڵ بوو دەتگوت دەگەڵ خیزی تێکەڵیان کردووە!

هەوا تەواو تاریک ببوو. سەیفوڵڵا لە ژووریڕا قیژاندی و گوتی:

– بۆ ئەو چرایە هەڵناکەن؟

باڵاخانم ئانیشکی دادابوو. ئاوری بن مەنجەڵەکەی دەگەشاندەوە بەڵام چیلکەوچاڵەکە ئەوەندە تەڕ بوو ئاوی بەچاودا دەهاتە خوار سەری هێنا، چڵمی هەڵقوڕاند و جوابی داوە:

– دەستت شکاوە؟ بۆخۆت هەڵیکە. ئێمە کارمان هەیە دەی کچم خێرا. خیزەکان هەڵبژێرە.

مەعسووم پێکەنی:

– دایە ئەگەر نیسکەکان جوێ کەمەوە چاکترە!

– ئەگەر خاوێن بۆوە لە دیزەکەیکە ئەمن دەچم چراکە هەڵدەکەم.

کاتێک باڵاخانم چووە ژوور قودرەتی کوڕی جەعفەر ئاغای داشقەچی لە پشت دیوار سەری هێنا دەر و بەسرتە گوتی:

– ماندوو نەبی خوێن شیرین!

مەعسووم یەک بەخۆی هەڵبەزێوە خۆی خڕ کردەوە بەلەبزێکی شیرین و شەرمێونی کچانە پێکەنی و گوتی:

– ماڵتە ترسام.

– لە چی ترسای؟

– خەریکی کار بووم.

– چاوەڕوانی من نەبووی؟

مەعسووم دیسانیش پێکەنی:

– خودا دەزانێ.

– بۆ خۆشم دەزانم.

مەعسووم پرسی:

– لە کوێ بووی؟



– لە کارخانە بووم. زۆرم تاسە دەکردی هاتم چاوم پێت بکەوێ. وەرە پێش کارم پێتە.

لە قسەکانێڕا وا دیار بوو ماچی دەوێ! مەعسووم بەناز و عیشوە ملی نەدا:

– نابێ. دایکم ئێستا دێتەوە.

– تۆخودا ناز مەکە. دڵم مەشکێنە.

ڕاستی و پاکی قودرەت سەرتاپای مەعسوومی وە لەرزین خست جۆش و خرۆشی سەردەمی خۆناسین دڵی چووکی پڕ کرد لە خوێن.

قودرەتیش چی وا لە مەعسووم چاکتر نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی بەهی خۆی دەزانی گوتی:

– ئەگەر ئەتۆ نەیەی ئەمن دێم دوایە نەڵێی وابوو واچوو.

مەعسووم چاوێکی لە دەوروبەر کرد و بەدەنگێکی ناسک گوتی:

– نەکەی سەعاتێک خۆت بخافڵێنی!

– نەخێر خۆشەویستم لەحزەیەکم بەسە.

مەعسووم جامەکەی دانا بەئەسپایی و بەسەرپەنجە خۆی گەیاندە بن دیواری تەنەکە.

قودرەت دەستی لە ملی مەعسووم کرد و بۆلای خۆی کێشا.

مەعسووم کە وەک چۆلەکە لە داو کەوتبوو لە ترسان دەلەرزی برێک مات بوو لە پاشان گوتی:

– ئەمن ئەوڕۆم حەمام کردووە.

– ئۆخەی دابێنە بۆن بەسەرتەوە کەم. ئای لەم بۆنە خۆشە.

مەعسووم سەری هێنا، گەردنی شووش و باریکی وەک مینای بێگەرد دەرکەوت.

قودرەت زۆر بەتامەزرۆییەوە لێوی مەعسوومی ماچ کرد، بەدەم ماچ کردنەوە دەیویست بەخۆیەوە بکوشێ بەڵام مەعسووم خۆی بەدەستەوە نەدەدا و پشتی لە دیواری تەنەکە نەدەکردەوە سەرەنجام دیوار خۆی لەبەر ڕانەگرتن و بەسەر یەک دا تەپی.

مەعسووم لە ترسان ڕای کرد. لە ترسان جامە نیسکەکەی دەست دایە و چوو لە پەنا ئاورگەکە هەڵتڕووشکا. بەدەنگی تەنەکەکان باڵاخانم و سەیفوڵڵا بەغار هاتنە دەر و ڕایان کرد:

– ڕۆڵە ئەوە چ بووە؟

– دایە گیان پشیلە بوو لەسەر دیوارێرا بازی دا!

سەیفوڵڵا دوو سێ جنێوی ناحەزی حەواڵەی پشیلان کرد:

– لەعنەت لە بابی پشیلە. تەماشای ئەو هێز و قودرەتە. دیواری ڕووخاندووە! کچەتیو پێم وابوو شێر بووە ئەتۆ بەپشیلەت دیوە!؟

– بابە گیان دوو دانە بوون. بەشەڕ دەهاتن. لە سەربانێرا بەسەر دیواردا بەربوونەوە.

باڵاخانم هاتە نێو قسەکانیان:

– دیوارەکانیش هێندە قایم و مەحکەم نین. ڕەنگە پشیلەکەش ئی ماڵە خەجیج سوڵتان بووبێ. ژنەتیوە سەری سێ مێردانی خواردووە و هەرچی وەگیری دەکەوێ دەخواردی پشیلەکانی دەدا.

سەیفوڵڵا چووە پەنا دیوارە ڕووخاوەکە و هەرای کرد:

– قودرەت.قودرەت.

مەعسووم کە لەوێ دانیشتبوو جوابی داوە:

– هێشتا لە کارخانە نەگەڕاوەتەوە.

– ئەتۆ چووزانی؟



– ئەگەر هاتباوە بەو دەنگەدەنگەوە دەهات کە بزانێ چ خەبەرە!

– ڕاست دەکەی. سبەینێ بەیانی پێی دەڵێم چاکی کاتەوە.

کاتێک سەیفوڵڵا و باڵاخانم گەڕانەوە، قودرەت دیسانیش لە پشت دیواری ڕووخاو ملی قوت کردەوە. مەعسووم گوتی:

– خودا بتباتەوە بۆ کاری کردت!

قودرەت پێکەنی:

– دێم لەوێ دەتگەزم ها!

– ئەگەر دەتوانی وەرە.

قودرەت بەپارێزەوە بەسەر چەلەنگە ژەنگاوییەکان دا خۆی گەیاندە مەعسووم. مەعسووم هەستا حەوا و وە دڵەکوتە کەوت و گوتی:

– قودرەت چاک نییە. بگەڕێوە. دەمانبینن و چی چاکمان پێ ناڵێن.

قودرەت گوێی لەو قسانە نەبوو، وردە وردە و بەپارێز خۆی لێ نزیک کردەوە.

دەنگی باڵاخانم لە ژوورێرا ئەو کەینەوبەینەی گۆڕی:

– خێراکە ڕۆڵە دەستت ببزێوە. نیسکەکە لە دیزە بکە و زوو وەرە کارم پێتە.

قودرەت دەسبەجێ گەڕاوە و چووە پشت دیوار. مەعسووم نیسکەکەی لە دیزە کرد و گوتی:

– دیوارەکەت بۆ خراپ کرد؟

– بۆ ئەوەی پەرژین نەمێنێ و بەهاسانی بێمە ئەم دیوا!

– جوابی باوکم چ دەدەیەوە؟

– جوابی نییە.

– خێرا چاکی کەوە با توورە نەبێ!

– دەستیشی لێنادەم.

– لەسەر من پێ گوتنە بۆخۆت دەزانی.

قودرەت بەشێوەیەکی لەبەر پاڕانەوە داوای لە مەعسووم کرد:

– وەرە ئێرە کارم پێتە.

– دەزانم چ کارێکت هەیە؟

– بەخودا نازانی. وەرە پێش بزانە دەڵێم چی.

– لەوێڕا پێم بڵێ.

– لێرەڕا نابێ. خێراکە وەرە ئەگینا بۆخۆم دێم.

– ئەگەر بێی. یەک بەخۆم هاوار دەکەم دوایە نەڵێی وابوو واچوو.

قودرەت دیسانیش بەسەر چەلەنگە ژەنگاوییەکان دا هاتە ئەم دیوی دیوارەکە.

مەعسووم لەبەری پاڕاوە:

– بگەڕێوە. چاک نییە. دەمانبینن و لە پاشان وەک خۆمان لێ نایەتەوە. تۆخودا بگەڕێوە بەڵێنی دەدەم دوای ئەوەی هەموو خەوتن دێمە لات.

قودرەت لە پەنا دیوار ڕاوەستا و گوتی:

– ئەوە چەندین جارە فریوم دەدەی.

– بەخودا دێم.

– هەر کەس نەیە چی؟

– بەسەگی بەر دەرگای جەهەندەم بێ!

– قەبووڵ. وەرە دانیشین قسە بکەین و کات و ساتی مارە کردن و زەماوەندەکە دیاری بکەین.

قودرەت ڕۆیشت و مەعسووم دەستی دا کەچکێکی دار و چێشتی نێو دیزەکەی تێک وەردا. بیری لە شتی جوان و شیرین دەکردەوە "ئەو کاتەی



کە لەگەڵ قودرەت زەماوەند بکا ئاسوودە دەبێ. قودرەت مانگانە شەش سەد تمەن وەردەگرێ. هەمووساڵێش مەواجبی بۆ زیاد دەبێ. بەم پووڵە دەتوانن هەموو ڕۆژێ گۆشت بکڕن. حەوتووی دوو سێ جاریش میوە بخۆن. هیچ نەبێ ساڵێ دەستێکیش لیباس دەکڕێ! هەروەها ساڵێ دوو سێ جووتیش گۆرەوی نایلۆن دەکڕێ."

مەعسووم بەچاوپێکەوتنی پێوپل و پووز و بەلەکی سپی و سۆڵی هەستی بەخۆشحاڵی دەکرد و شایی بەخۆی بوو.

"کاتێک گۆرەوی نایلۆن دە پێ کەم چ دەبێ؟"

بە دەنگی پێی دایکی ڕاچڵەکی و لەم بیر و خەیاڵە بێ بنە هاتە دەر:

– ڕۆڵە چ دەکەی؟ گوتم وەرە کارم پێتە.

مەعسووم هەستا بڕوا چاوی بەقودرەت کەوت کە لە پشت دیوار تەماشای دەکا و پرسی:

– قودرەت چ دەکەی لەوێ؟

– خەریک بووم تەماشای تۆم دەکرد.

مەعسووم بەشێوەیەکی پڕ لە ناز و دەدا گوتی:

– دێوانەی شێت!

ویستی بچێتەوە ژوور قودرەت گوتی:

– لە بیرت نەچێ.

– نا لە بیرم ناچێ.

– خەونووچکە نەتباتەوە؟

– نا مەترسە.

لەم کاتەدا باڵاخانم هاتە دەر، قودرەت وەک تێزەی تفەنگ دەرپەڕی و خۆی وەپەنا دیوار دا. باڵاخانم کەوچکێک ڕۆنی نەباتی برد لە نیسکێنەکە

بکا. دەرک و بان لەبەر قوڕولیتە، کەسی لێ دەرنەدەچوو. لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند:

– ئەو قوڕولیتەیە دەڵێی چەقەیە پێوە دەنووسێ! مرۆڤ- لاقی بەعەرزەوە دەنووسێ، سەد جارم بەم پیاوە گوت دوو سێ داشقەی دەستی، خیزی پێوەرکە زستانێ لێی دەرناچین بەڵام بە کێ دەڵێی گوێی خۆی لێ ئاخنی. ئێستاش پاڵەوانی دەوێ دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو قوڕاوە نەرم کا.!

باقی قسەکانی بۆ تەواو نەبوو لاقی هەڵخلیسکا خۆی بۆ ڕانەگیرا و لە نێوەڕاستی ئەو قوڕ و چڵپاوەدا تخێڵ کەوت.

مەعسووم هاواری کرد. چوو یارمەتی دایکی بکا و ڕاستی بکاتەوە. باڵاخانم نەیهێشت:

– ڕۆڵە کارت بەمن نەدابێ. کەچکە ڕۆنەکەی هەڵگرەوە!

سەیفوڵڵا بەدەنگەدەنگی وان هاتە دەر کە چاوی بەم دیمەنە کەوت بەقاقا لێدان هەڵات بۆ لایان:

– چ بووە ژنەکە؟ خۆ ئارەزووی سەمات نەکردووە؟

باڵاخانم قیژاندی:

– بۆ کوێری؟ چاوت نییە؟!

سەیفوڵڵا کە دەیویست یارمەتی خێزانی بدا و لە قوڕ بیهێنێتە دەر کشاوە دواوە و پرسی:

– ئەوە چ بوو؟

– پێت لە کەوچکە ڕۆنەکە نا. لاقت بکێشەوە. کچم خێراکە وەرە.

مەعسووم چراکەی لە ژوورێرا هێنا. ڕۆنەکەی کۆ کردەوە، چاویان لێکرد ڕۆن لە هەوەڵێ زیاترە سەیفوڵڵا بەجەفەنگ گوتی:

– قوڕ و چڵپاوی ماڵەکەشمان هەر بەرەکەتە.



ڕەمەزان و شەعبان هاتنە دەر ڕەجەب لە ژوورێڕا پرسی:

– چ قەوماوە؟

ڕەمەزان بەپێکەنینێکی تاڵ جوابی داوە:

– دایکم ڕۆنەکەی ڕشتووە. باوکم خەریکە دارکاری دەکا!

باڵاخانم کە حەزی نەدەکرد جیرانەکان بەو مەسەلە بزانن سەرپاییە قوڕاوییەکەی دەست دایە و بەمنداڵەکانی دادا.

ڕەمەزانی چارەڕەش کە سەعاتێک لەمەو پێش بەهەزار زەحمەت سەر و چاوی شۆردبوو کراسی تازەی لەبەر کردبوو هەموو گیانی بوو بەقوڕ!

سەیفوڵڵا بەقەڵسی گوتی:

– خۆ بۆخۆت ڕۆنەکەت قڵپ کردۆتەوە بۆ ڕقەکەی بەمنداڵەکان دەڕێژی؟

باڵاخانم نێوچاوانی لە مێردەکەی تێک نا و جوابی داوە:

– پێویست ناکا دڵت بەمنداڵەکان بسووتێ ئەگەر ڕاست دەکەی و پێیانەوە ماندوو بای داشقە خیزێکت دێنا تێت دەکرد.

– ئەگەر خیزم پێوەر کردبا ئێستا نەتدەتوانی ڕۆنەکە خڕ کەیەوە!

باڵاخانم زۆر بەزەحمەت تەکانێکی لە خۆی دا و هەستا کەوچکەکەی لە کچەکەی وەرگرت. برێکی ڕۆن لە نێو قوڕاو هەڵگرتەوە و لە تاوەی هاویشت:

– دەی خێراکە کچم پیوازەکانم ورد کردووە سووریان کەوە و دە دیزەکەی کە.

سەیفوڵڵا و باڵاخانم دوای ئەوەی چوونەوە ژوور، خێزانی چارشێو و کراسە قوڕاوییەکەی دانا و تەماشای کرد هەموو گیانی بریندار و ڕەش و شین بۆتەوە و خوێنی تێزاوە، سەرەڕای هەموو ئەوانە باڵاخانم خۆشحاڵ بوو کە ڕۆنەکەی زایە نەبووە!

سەیفوڵڵا بەسرتە بەڕەمەزانی گوت:

– کورِم برۆ برێک خۆڵەمێشی گەرم بێنە با دایکت لەسەر برینەکانی دانێ!

کاتێک ڕەمەزان چووە دەر تەماشای کرد خوشکی لەگەڵ قودرەت قسە دەکا. چووە پەنایان و گوتی:

– بەباوکم بڵێم؟!

قودرەت پێنج قرانی بۆ ڕەمەزان هاویشت:

– برۆ بیدە بەشیرینی بیخۆ و کەیفی لەسەر بکە.

ڕەمەزان پووڵەکەی هەڵگرتەوە و بەدەرپێیەکەی خاوێنی کردەوە. مستێکی خۆڵەمێشی گەرم هەڵگرت و گەڕاوە ژوور. سەیفوڵڵا لە حیرسان قیژاندی:

– ڕەبی وەجاخ کوێر بی ڕۆڵە. ئەو هەمووە خۆڵەمێشەت بۆ چییە؟

– ئەوەی زیادی بوو لە جێگای دڵۆپەکانی ڕۆدەکەم.

مەعسووم بەدەسگرەیەکی کۆن قابلەمەیەکی دەست دایە و هێنایە ژوور. قابلەمەکەی لە سووچێک دانا و کەوڵی نان خواردنی ڕاخست. منداڵەکان بەغار لە دەوری سفرە کۆ بوونەوە. هێشتا قاپ و کەوچک دانەندرابوو دەستیان بەخواردن کرد.

سەیفوڵڵا قۆڵی هەڵکرد و گوتی:

– کچم بێنە بزانم چ گوڵێکت لە سەری داوین و چت لێناوە!؟

باڵاخانم قەڵس بوو:

پیاوەکە دەست لە قسەی مفت و خۆڕایی هەڵگرە. لە تۆ سەروزیادە!

مەعسووم پێش هەموویان دەورییەکی لە پێش باوکی دانا. منداڵەکان لەسەر جێگای خۆیان دانیشتبوون و چاویان لە باوکیان بڕیبوو.



سەیفوڵڵا هەوەڵێن کەوچکی کە بۆ زاری برد لە حەیبەتان هاواری لێ بەرز بۆوە:

– ئەی هاوار. سووتام.

مەعسووم پێکەنی و گوتی:

– ناشکوری ئەوانەشی بەدواوەیە!

منداڵەکان برسێتی هێرشی بۆ هێنان. خۆیان بۆ ڕانەدەگیرا چێشتەکە سارد بێتەوە لێکیان دەداو بەقامک لێوی قاپەکانیان دەلستەوە.

ڕەمەزان پرسی:

– بابە پیوازی بێنم؟

– بژی ڕۆڵەی ئاقڵ و ژیرم. برۆ بێنە پیواز قازانجی زۆرە!

باڵاخانم ڕەخنەی گرت:

– چ باسە؟ بۆ پێتان وایە ماڵە شارەدارە و دەبێ دەجۆر تەعامتان لەسەر سفرە بێ؟!

ڕەمەزان کە هەستابوو نەیدەزانی چ بکا سەیفوڵڵا بەئیشارە گوتی بچۆ بێنە.

ڕەمەزان بەپێکەنین چوو پیوازێکی گەورەی هێنا و لە پێش باوکی دانا، سەیفوڵڵا بەمست پیوازەکەی لەت و پەت کرد و هەر منداڵە و لەتێکی لە پێش دانا. لەتێکی گەورەی دا بەژنەکەی و لەتێکیشی بۆ خۆی دانا. لە پاشان زۆر بەئیشتیا کەوچکێکی لە نیسکێنەکە دەزاری کرد و قەپاڵێکی لە پیوازەکە دا و گوتی:

– حافرەت دەستت خۆش بێ. زۆر بەتامە. بەچاکی هەڵیمی داوەتەوە. ئەو نەختە ڕۆنە چەندی بەرەکەت کەوتۆتێ! هەر دەڵێی گڵی بەر دەرگاکەمان ڕۆنی هەیە و بەخۆمان نەزانیوە! ژنەکە تۆخودا لە مەو بەدوا لە بیرت بێ گڵی تێکەڵ چێشتەکان کەی!

بالاخانم لە حالێكدا زۆر جارِز و بێواز بوو لەبەر خۆیەوە گوتی:

– خوایە بۆخۆت سەبر و حەوسەلەمان پێ عەتاکە.

مەعسووم بەدزی چاوێكی هەر لەسەر ڕەمەزان بوو ترسی ئەوەی هەبوو نەکا شتێک بڵێ و بەمەسەلەکە بزانن. بەڵام پێنج قڕان کاری خۆی کردبوو، ڕەمەزان جارناجارێک چاوی لە خوشكی دەکرد و کز و کڕ پێدەکەنی. جارێکیش ڕووی لە باوکی کرد و گوتی:

– ئەمن دەزانم ئەو چێشتەی ئێمە بۆ پڕ بووە لە چیلکە و چاڵ!

مەعسووم لە ترسان وە دڵەکوتە کەوت. بەشێوەیەکی دەستەوداوێن چاوی لە براکەی کرد، ڕەمەزان چاوی لێداگرت و پێکەنی. سەیفوڵڵا پرسی:

– دەتەویست بڵێی چی؟

بەرلەوەی ڕەمەزان جواب بداتەوە مەعسووم گوتی:

– دەیهەوێ بڵێ نیسكێنەی پڕ لە گڵ، دایەی قەڵس کردووە.

سەیفوڵڵا لە حەیفان سەری بادا:

– شێوەکەت بخۆ قسەی زیادی مەکە.

ڕەمەزان سەری داخست و بەزۆری توانی بەر پێکەنینەکەی بگرێ. سەیفوڵڵا پارووێکی گەورەی گرت و لە زاری نا. کاتێک ددانی لەسەر یەک دانا هاواری لێ بڵێند بوو:

– ئەی گووم کردە قەوری باوکتان، بگەنێیە ددانم شکا!

مەعسووم لە ترسان تاوتێ دایگرت و بەپچڕپچڕ گوتی:

– ئەوە ئی ڕۆنەکەیە خیزی تێکەڵ بووە، خۆ دەنا بەردەشۆرم کردبوو.

سەیفوڵڵا بەقامک ددانەکانی بەسەر کردەوە و گوتی:

– خوا زەلیلتان کا. دیسان ددانێکی دیکەم شکا!

شەعبان بەپێکەنین گوتی:



– قەت نەبووە نیسكێنەمان بێ بەرد بێ؟

ڕەجەب جوابی داوە:

– بۆ چما ئێمە جگە لە نیسكێنە شتێکی دیکەش دەخۆین؟

سەیفوڵڵا لە حەیفان و لەبەر نارِەحەتیان گوتی:

– ئەوەش لە ئێوە زیادە!

شەعبان پرسی:

– بابە دەوڵەمەندەکانیش هەموو ڕۆژێ نیسكێنە دەخۆن؟!

– ئەمن چووزانم چ ژەهری مارێک دەخۆن!! ئەمن کە نەمدیوە.

ڕەمەزان بەهەوا و فیزێکەوە جوابی داوە:

– ئەمن دیومە. هەموو ڕۆژێ مریشک و قەلەموونە و برینج و خۆرشت دەخۆن.

سەیفەڵڵا کە لە حەیفان فشاری چووبووە سەرێ گوتی:

– بێدەنگ بە هەتیو. ئەو قسە بێ سەرەوبەرانە چن فێری بووی؟ نانەکەت بخۆ.

هەموو مات بوون. تا شێو خورا کەس وستەی لێ نەهات. مەعسووم کەوڵی نانی پێچاوە و لەبەر پەنجەرەی دانا.

سەیفوڵڵا سیغارێکی داگیرساند. دەنکە شەمچەکەی لە دیوار هەڵکرد و دەستی کرد بەموتالا. بالاخانم بێدەنگی شکاند و گوتی:

– حەوتووی داهاتوو قوتابخانە دەکرێنەوە.

چاوەڕوانی ئەوە بوو کە مێردەکەی گوێ بداتە قسەکانی، بەڵام سەیفوڵڵا وا نوقمی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو، دەتگوت دەگەڵ ئەویشیان نییە. بالاخانم دیسانیش گوتی:

– دەڵێم حەوتوویەکی تر قوتابخانە دەکرێنەوە:

سەیفوڵڵا بەبێ وازی سەری هەڵێنا و پرسی:

– دەیجا با قوتابخانە بکرێنەوە.

– منداڵەکان پێڵاو و کتێبیان دەوێ.

– ئی پارەکەیان چی لێهات؟

ژنە بەقەڵسی جوابی داوە:

– جا بۆ ناڵێی ئی پێرارەکە؟ خۆ دوو ساڵە کیف و کەوش و کتێبت بۆ نەکڕیون؟ پانتۆڵی عوسمان هەر تیتۆڵەی بۆ لایەکی ڕۆیشتووە.

– بۆ دایک نی؟ بۆ بۆی پینە ناکەی؟

– چ پینە بکەم؟ خۆ بۆ پینەکردن نابێ. وا شڕ بووە جێگای دەرزی نەماوە!

– دەبا نەچێتە قوتابخانە. بۆ پێت وایە ئەگەر نەچوونە قوتابخانە چ دەبێ؟! وەبزانە چوونە قوتابخانە و بوونە خوێندەوار، بەکاری چی دێ؟

خۆ ئێمە دەسترۆیو نین کە بتوانین منداڵەکانمان بنێرینە پۆلی ناوەندی و زانستگا و بۆخۆیان ببنە شتێک. کەوابوو بۆ لەخۆڕا بیاننێرینە قوتابخانە؟ با بچن ببنە شاگرد، هەم فێرە کارکردن دەبن و هەم پووڵێکیش پەیدا دەکەن. منداڵی سەیفوڵڵاچەرچی خۆ نابنە دوکتۆر و موهەندیس!

باڵاخانم کە زۆر نارەحەت و لە حاڵی خۆی بێزار بوو، بەسەر مێردەکەی دا هات:

– ئەو قسانە چن.؟ ئەگەر هەل و مەرج پێک بێ و منداڵی ئێمە بتوانن دەرس بخوێنن، بۆ ناتوانن ببنە دوکتۆر و موهەندیس! دەوڵەت یارمەتی دەکا!

– ئەوە شانس و ئیقباڵی ئێمە نییە! هەرکەس لە دەرک و دیوانان بێکەس بێ هەر بەناهومێدی سەر دەنێتەوە!



– جارێ هیچ مەکە پانتۆڵێک بۆ شەعبان بکڕە، لە بیری کتێب و دەفتەریشدابە بۆ منداڵەکان. شەق لە بەختی منداڵەکان مەدە. لاساری مەکە. خودا بەڕوحمە، قەدیمی دەڵێن. "پاشی تەنگانان فەرعانەیە."

سەیفوڵڵا زۆری پێ ناخۆش بوو، منداڵەکان لە خوێندن بگێڕێتەوە. شەو و ڕۆژ بۆ بەرێچوونی ماڵ و منداڵ خۆی بەدار و بەرددا دەدا! بەکورتی لە زاری خۆیانی دەگێڕاوە و نەیدەهێشت منداڵەکان کەمایەسی بکێشن، هەرچەند پێویستی بە کاری وانیش هەبوو، بەڵام پێی خوێندن. مژێکی لە سیغارەکەی دا و لە وەڵام دا گوتی:

– ئەگەر کەست پێشک دێ پووڵێکی لێ قەرز بکە! چیان پێویستە بۆیان بکڕە. لە پاشان ئەمن دەیدەمەوە بەتۆ.

باڵاخانم پرسی:

– لە کوێی دێنی؟

– بۆخۆشم نازانم.

– ئەدی ئەتۆ چ دەزانی؟

– ئەوەندەی دەزانم کە فەقیری گولییە. بەڵام چارە چییە؟ دەبێ پشوومان لەسەرخۆ بێ با بزانین خوا چ دەکا. مەعسووم بێدەنگ لە سووچێک دانیشتبوو، گوێی دابووە ئەو قسانە و ژیانی داهاتووی خۆی لەگەڵ ئێستا هەڵدەسەنگاند. قودرەتی زۆر خۆش دەویست، بەڵام حەزی نەدەکرد بەر لە مارەکردن دەستی وە دەستی کەوێ. دەیویست بەجلوبەرگی بووکێنی بچێتە ماڵە زاوا، لە خزم و کەس و کار بگێڕنەوە و بەدەنگی تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا بیگوێزنەوە، هەروەها لەو ڕۆژەدا نینۆک و لێوی سوور بکا. کەنیشک گەلی گەڕەک ئێرەیی پێ بەرن! جلوبەرگی بووکێنی لە چ پارچەیەک بێ چاکە؟ ئی بەرچاوان گرینگ نییە! لیباسی بنەوە دەبێ زۆر سرنج ڕاکێش بێ و بەکەیفی زاوا بێ! دەبێ ڕەنگی سوورەتی بێ، کاڵتریش

بێ، دەبێ! لە چەرچی دەکڕین هەر چەند گرانتری حیساب دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەقیستی دەدەن چاکترە، قازانجەکەش بۆ وان بێ چاکترە.

دەنگی باڵاخانم مەعسوومی لەو خەون و خەیاڵاتە شیرنانەی کە پێی مەست بوو هێنادەر و وەخەبەری هێنا:

– بۆ وەڵام نادەیەوە؟ ئەگەر پووڵ بەقەرز وەرگرم و بیدەم بەکەوش و کتێب و کراس بۆ منداڵەکان چۆن و کەی دەیدەیەوە؟

سەیفوڵڵا بەقەڵسی وەڵامی داوە:

– چووزانم. بۆ پێت وایە دەبێ لە بانک قەرزیان بۆ بکەم؟ ئەوپەڕی چل پەنجا تمەنی دەوێ!

– بەڵێ وایە بەڵام کەی دەیدەیەوە؟

سەیفوڵڵا شانی هەڵتەکاند:

– سەرم لێ مەشێوێنە با بزانم ڕۆژنامە چی نووسیوە. یەکێک ئاشپەزی بۆ سەگەکەی گرتووە و ئاشپەز هەموو ڕۆژێ لە سەگی بەڕێز دەپرسێ بۆ فراوێن ئیشتیاتان لە چییە؟

باڵاخانم لە حەیفان پێکەنی:

– چاکە. چاکە. درۆ مەکە. درۆ چاک نییە ئاخر کێ دیویە یان بیستوویە سەگ قسە بکا؟

– ڕەنگ بێ دیلمانجیان بۆ گرتبێ! تەماشاکە وێنەکەشیان کێشاوەتەوە. چاوت لێکردووە چلۆن لە پشت مێز دانیشتووە و ئەو گۆشتانە بەژەهری مار دەکا!

باڵاخانم داهاتەوە و وێنەی نێو ڕۆژنامەکەی چاو لێ کرد و سەری ڕاوەشاند:

– چ سەگێکی دزێوە! وەک سەگانیش ناچێ!



– ئاگات لە زمانت بێ هیچ دەزانی دەڵێی چی؟! ئەوە لەو سەگانە نییە کە تەشەری پێدا بدەی و بوختانی پێبکەی!

– چاو لە لیستی خۆراکی ڕۆژانەی!! ئەتۆ هەتا ئێستا نە خواردووتە و نە تا عومریشت هەیە دەیخۆی! تەماشاکە بزانە هەر ناوت بیستوون! بزانم دەزانی پشتەمازەی گوێلک، سووپی جەرگ و سووپی جۆ چییە؟!

باڵاخانم پرسی:

– خەرجی ڕۆژانەی ئەو سەگە چەندە؟!

سەیفوڵڵا دەستێکی لە چاویلکەکەی دا و گوتی:

– خواردنی بەیانانی سی تمەنی دەگرێتەوە. شێو و فراوێنەکەشی مەعلووم نییە!

باڵاخانم دەستی بەلێوی گرت و گوتی:

– ئەگەر مانگانە سی تمەن بدەین بەئاوردوو، ڕەمەزانی بێچارە ساڵێکی تەواو لە کۆڵ چوونە کێو و گوێنی هەڵقەندن دەبێتەوە.

شەعبان لە حاڵێکدا خەواڵوو بوو پرسی:

– بابە سەگ چلۆن لە دایک دەبێ؟

– چلۆنی ناوێ کوڕم. سەگەلیش دایک و باوکیان هەیە!

باڵاخانم پرتاندی:

– دەست لەو قسانە هەڵگرە. منداڵەکان لە ڕێ هەتلە مەکە!

– ئەمن چم کردووە؟

– بۆ گوشتت وەبیر منداڵان هێناوە؟ سەیفوڵڵا شەعبانی لە ئامێز گرت، ماچی کرد و گوتی:

– گۆشت تامی ناخۆشە. تامی کا دەدا!

ڕەجەب کە لەوێ دانیشتبوو وەڵامی داوە:

– ئەمن شەوێک لە خەونم دا گۆشتم خوارد، زۆر بەتام و خۆش بوو!

بالاخانم بەسەر ڕەجەب دا قیژاندی:

– ئەتۆ غەڵەت دەکەی لە خەونتدا گۆشتی دەخۆی!

ڕەمەزانی بێچارە لە ترسان سەری لەبن لێفە نا، هەروەها ترسی ئەوەشی هەبوو لەبەر ئەو گوناحە گەورەی کە بەخەون دیتوویەتی تووشی لێدانێکی چاک بێ!!

سەیفوڵڵا بەبیستنی ئەم قسانە زۆر نارەحەت بوو فرمێسک بەری چاوی گرت و گوتی:

– دەبێ بەهەر جۆرێک بێ کەمێک گۆشت بۆ منداڵەکان بکڕم.

منداڵەکان هەرسێکیان سەریان لە بن لێفە هێنادەر و پرسیان:

– بابە گۆشتی دەکڕی؟

سەیفوڵڵا قەڵس بوو:

– لەو ماڵەدا قسەکردنیش قەدەغەیە! هێشتا بەتەواوی قسەکەم لە زاری نەهاتۆتە دەر بەقەرزدار دەرچووم!

مەعسووم لە سووچێک دانیشتبوو و خەریکی گوڵدۆزی بوو. ئەو کچە بێچارە لە شانزدە ساڵ تەمەنی خۆیدا سێ کیلۆی گۆشت نەخواردبوو. بەڵام خۆی بەو مەسەلەوە ماندوو نەدەکرد. تەواوی فکر و زیکری قودرەت بوو. لەبەر خاتری وی باڵنجی گوڵدۆزی دەکرد. زۆر لەبەر باوکی پاڕاوە تا دوو سێ میتری پارچە بۆ بکڕێ. ئاوریشمەکەشی بەقەرز وەرگرتبوو، خۆزگە زەماوەندی ئەم دووانە هەرچی زووتر پێک دەهات و ئەم کچە بەستەزمانە لە کوڵ هەژاری ماڵە باوکی دەبۆوە، تەنانەت براکانیشی نەجاتیان دەبوو. قودرەت پیاوێکی چاکە، لە قسەی مەعسووم دەرناچێ. ئەگەر پێی بڵێ بۆ براکانی کتێب و دەفتەر بکڕێ ناڵێ نا. ئەگەر خودا بکا زەماوەندەکە زوو سەر بگرێ هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ، هەموو کارەکانیان ڕێک و پێک



کردبوو تەنیا چاوەڕوانی قەباڵەی زەوییەکە بوون لە بەر ئەو کوتەکاغەزە زەماوەندەکەیان وە دوا کەوتبوو، نازانم چ نەخۆشییەکیان هەیە؟ ئەگەر سەنەدەکانیان دابا، قودرەت دەیتوانی وەتاغێک دروست کا. لە ڕووی هەڵنەدەهات لە باوکی بپرسێ. ئەگەر پرسیبای دەیانزانی بۆ دەپرسێ! ئەو وەختە دەیانگوت کچی چاک بۆ وا بەپەلەی! ناتوانی دوو سێ مانگی دیکە ڕاوەستی؟! دوو سێ جاریش پرسیاری لە دایکی کردبوو، ئەویش دەیگوت باوکت دەزانێ.

باوکی لە ڕۆژنامە خوێندنەوە بۆوە، مەعسووم بیری کردەوە: "چ دەبێ لە باوکم بپرسم؟!" بەترس و گومانەوە گوتی:

– بابە.؟

– دەڵێی چی کچم؟

– کاری قەباڵەی خانووەکانی ئێمە چی لێهاتەوە؟

– خەبەرم نییە کچم. کارەکانی دەوڵەت هەموو هەروان. وەک بارانی زستان دەچێ کەس نازانێ ئاخرێکەی بەکوێ دەگا.

باران درێژەی دەبێ. یام لە پڕ دەیکاتەوە بەفر! کێشە لەگەڵ دەوڵەت چەتوونە. پیاو نازانێ کێ چ کارەیە. ڕەییسەکانیش هەمیشە لەسەر یەک خوو و خدە نین و ڕۆژ بەڕۆژ دەگۆڕێن! ئەگەر هات و شەو دەگەڵ ژنەکانیان نێوان ناخۆشیان لێ پەیدا بوو، بەیانی کوڵ و کۆی خۆیان بەئێمە دەڕێژن و دەستوور دەدەن زنجەکان برووخێنن!

مەعسووم پرسی:

– بابە بۆ بەزەییان بەهێلانەی مریشک دا نایە؟!

– ئەو قسانە لە لای دەوڵەت بایی پەڕەکایەکە و کڕیاری نییە. هەر شتێکی بیانەوێ بیکەن هیچ کەس ناتوانێ بڵێ لەل. ئێمە لە لای وان لە مریشکیش کەمترین! ئەگەر ڕاستیت دەوێ ئێمە چەقڵی چاوی

گەورەکانین. ئەگەر هەموومان بەرۆژێک بمرین پەکیان ناکەوێ هیچ بەڵکوو جێژن دەگرن و شادی دەکەن!!

ئەوانە دەیانەوێ تەواوی ئەو زنجـــانە تێکدەن و بە جـــێگای وان خانووبەرەی چەند قاتی دروست کەن. نێویشی بنێن "گەڕەکی هەڵکەوتە" هەرچەند ئێمەش هەڵکەوتەین. هەڵکەوتە و نموونەی کۆڵەواری و نەداری و هەژاری و چارەڕەشی! زۆربەیان لایان وایە ئەم زنجـــانە وەک ڕیشـــەی سەرەتانن. ئێمە جوانی شارمان تێک داوە!

باڵاخانم کە خەریکی پینە کردنی پانتۆڵی منداڵەکان بوو سەری هەڵێنا و گوتی:

– قەرار بوو بچنە لای ئوستاندار چی لێهاتەوە؟

– دەچینە لای ئەویش بەڵام ئەنجامی نابێ و دەمان نێرێتە لای سەرۆک وەزیر. دەزانم لەوێش جوابمان دەکەن و دەماننێرنەوە وەزارەتی ئاوەدانی و ئەوانیش و ئەنوا و نەخشەی شارمان لە پێش دادەنێن. دەڵێین کەی نەخشە ئامـــادە دەبێ؟ لە جـــوابدا دەڵێن "هەروەخـــتـــێک تەواو بوو دەست پێدەکەین!!".

مەعسووم کە خەریکی گوڵدۆزی بوو سەری هەڵێنا و پرسی:

– ئەگەر ماڵەکان بڕووخێنن ڕوو لە کوێ کەین؟

– پێویست بەڕووخاندنی وان ناکا. بەفر و باران ئەو ساڵ هەموو زنجەکان دەتلیسێنێتەوە و هەموومان لێمان دەقەومێ!

باڵاخانم بەترس و گومانەوە پرسی:

– ئەوانە دەبێ بیر لەوە نەکەنەوە کە ئێمەش ئینسانین و دەبێ بژین؟!

– گوتت چی؟ ئینسان. حافرەت هۆشت لە کوێیە؟ ئەوانەی لەم زنجانەدا دەژین چ شتێکیان وەک ئینسان دەچێ؟ چەقەڵ و ڕێویش خۆ لە قەرەی ئەم زنجانە نادەن؟! سەد خۆزگە بەجێگای وان!



باڵاخانم لەبەرخۆیەوە گوتی خودایە تۆبە:

– پیـــاوەکــە ناشکوری مـــەکــە. با زۆریش خـــراپ بێ دیســـانیش سەرپەنایەکە. ئەگەر ئەوەش نەبا چمان کردبا؟

– ئەگەر نەمانبا ئاسوودەتر بووین. بیرمان لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە و سەرانی قەومیش بەچاوپێکەوتنی ئەو زنجانە ناڕەحەت نەدەبوون وجوانی شارەکەمان تێک نەدەچوو.

باڵاخانم دەزووی دەرزییەکەی بەقەڵسی بەددان پساند و گوتی:

– سەد بریا ئەو دنیا ناخۆش و پڕ لە خۆزیا و بریایەمان نەدیبا. لەم زستانە سارد و تووشەدا کێ هەیە ڕوحمی بەئێمەدا بێ؟ ئێمە بەدەرەک، دەبێ ئەو منداڵانە چیان لێ بێتەوە؟! بەتایبەت ئەم کچە کە لەسەر مرادە؟! کرێی دیوێکی زۆر چووک لانی کەم دووسەت سێ سەت تمەنە. بۆ قودرەتی بێچارە مانگانە چەندی وەردەگرێ؟!

سەیفوڵڵا لە حەیفان پێکەنی و جوابی داوە:

– ژنەکە ناڕەحەت مەبە. هیچ کەس نازانێ سبەینێ چ دەبێ. چونکە کەس سبەینێی نەدیوە، ڕاستە کە ئێمە چەقڵی چاوی گەورەکانین بەڵام هیچ کەسیش ناتوانێ ئێمە لە ماڵەکانمان وەدەربنێ.

ژنە سەری بادا:

– ئەوە سێ ساڵی حەلەن تەواوە دەست لە کۆڵ ئەم قسانە ناکەیەوە. ئاخر سەرگەردانیش ڕادە و سنوورێکی هەیە. کەی دەیانەوێ ئێمە لەم حاڵە بێننەدەر؟

– تەنیا ئێمە نین کە سەرگەردانین. هەموو دانیشتوانی گەڕەک دەترسن و نیگەرانن.

باڵاخانم قسەکانی مێردەکەی قبووڵ کرد:

- پیرێ دەگەڵ فەخری خانم قسەم دەکرد دەیگوت. "ژن و مێرد هەتا بەری بەیانی خەومان لێ نەکەوتووە هەر بیرمان لە چارەنووسی ئەم دوو منداڵە ئاوەڵدوانە دەکردەوە."

سەیفوڵڵا پێکەنی:

- دەیجا با یەک یەک لە دایک بووبان. کێ گوتوویە دووی بەجارێک ببێ؟!

- خۆ بەدەست خۆیان نەبووە خودا داویێتێ.

- ڕاستیان گوتووە: "خودا منداڵ دەدا بەلێقەوماوان و بەدەوڵەمەندان زەوی."

- پیاوەکە ناشکوری مەکە.

- کێ ناشکوری کردووە؟! بۆ درۆیە دەکەم؟!

باڵاخانم تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

- ئەو غەرغەرەیە چی لێهات؟

مەعسووم دەستی درێژ کرد. غەرغەرەکەی هەڵگرت و دای بەدایکی. سەیفوڵڵا لە خێزانی پرسی:

- خەوت نایە؟

- کەمێکم لێ ڕاوەستە با ئەو پانتۆڵەی بدرووممەوە لە پاشان.

- ئەمن دەمەوێ بنووم.!

- چت لێبکەم برۆ بخەوە؟

سەیفوڵڵا هەستا ڕۆیشت شتێکی بەسەر شەعبان و ڕەجەب دادا و بەکچەکەی گوت:

- ڕۆڵە گیان. هەستە جێگاکان ڕاخە.

- مەعسووم هەستا پێخەفەکانی هێنا لە پەنا منداڵەکان ڕاخست:



- بابە جێگاکەتم ڕاخست.

سەیفوڵڵا ڕاکشا. باڵا خانمیش کە لە دروومانی منداڵەکان بۆوە، دەرزی و دەزووی کۆکردەوە و گوتی:

- کچم ئەتۆش هەستە بخەوە.

- گوڵێکم ماوە ئەویش بچنم دەخەوم.

- هەستە جێگاکەت ڕاخە. با لە پاشان نەیکەیە هات وهاوار و وە خەبەرمان بێنی.

مەعسوومیش جێگای خۆی لە بن دەرگا ڕاخست. وا سواری سەری یەک ببوون جێگای پێ هەڵێنانەوە نەبوو.

ئەو بنەماڵە سێ دۆشەگ و دوو لێفەیان هەبوو. لێفە و دوشەگێک ئی دایک و بابیان بوو. دۆشەگ و لێفەیەکیش ئی سێ کوڕەکان بوو، دۆشەگێکی چووک بۆ مەعسووم مابۆوە. ئەم کچە حازبە شەوانە مەجبوور بوو لە جیاتی لێفە، دوو سێ کوتە جلکی کۆن بەخۆی دادا و بەهوو کردن جێگاکەی گەرم دابێنێ!

بالێ خانمیش دوای ئەوەی لەچکەکەی بەبزمارێک دا کرد و نێوی خودای هێنا لێفەکەی بەسەر خۆی دادا. شەرمی لە منداڵەکان دەکرد بەتایبەت لەبەر کچەکەی خەجاڵەتی دەکێشا. چونکە کچەکەی دەیفامی هەر دایک و بابی بەحاڵ جووڵابانەوە دەیزانی!

دایکە هەروا کە سەری لە بن لێفەکە دابوو گوتی:

- کچم.

- بەڵێ.

- ئەورۆم حەمام بەمنداڵەکان کردووە دایانپۆشە با سەرمایان نەبێ.

- بەچاوان دایە.

مەعسووم هەستا و تەماشای منداڵەکانی کرد.

باڵاخانم دیسانیش بانگی کرد:

– بۆخۆشت هەستە بخەوە. با چراکە نەوتی تەواو نەبێ. دەبێ دەست پێوەبگرین بەشکوو بەشی سبەی شەوێش بکا!

– بەسەر چاو دایە.

مەعسووم هەروا بەلیباسەوە تێخزا. لەسەر هەست نوست چونکە چاوەڕوان بوو دایک و باوکی بخەون و بچێتە لای قودرەت بەڵێنی پێدابوو. پێی خۆش نەبوو دەسگیرانەکەی هەروا لە چاوەنوارێدا ڕابگرێ. دوای ئەوەی چرا کوژاوە، بوو بەتاریکەسەلاتێک مەپرسە بێدەنگی بەسەر ولاتا کشا!

لە نێو زنجەکان دا وا باوە. ژن و مێرد ماوەیەک پشت تێک دەکەن. بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون منداڵ خەوتوون ڕوو تێک دەکەن.

تەنیا ژن و مێردی جحێل لە سەری شەوێوە ئازادن! کاتێک منداڵ تەمەنیان دەبێتە چوار ساڵ ئەو ئازادییە خودادادەش نامێنێ.

باڵاخانم و سەیفوڵڵا ئەو شەوە لاسای جحێڵەکانیان کردەوە دوای ئەوەی بێدەنگی بەسەر ولاتا کشا باڵا خانم بەترسەوە لە مێردەکەی پرسی:

– کچەکە خەوتوە؟!

سەیفوڵڵا زۆر بەئارامی سەری هەڵێنا و تەماشای جێگاوبانی مەعسوومی کرد لە پاشان بەسرتە وەڵامی داوە:

– ڕووی لە دیوار کردووە.

– ئەگەر نەخەوتبێ چ بکەین؟

– جحێڵ زوو خەویان لێدەکەوێ.

– بکۆخە بزانین دەجووڵێتەوە یان نا؟!



سەیفوڵڵا دوو سێ جار کۆخی. خەبەرێک نەبوو.

ژنە گوتی:

– بە نێو بانگیکە با خاترجەم بین.

سەیفوڵڵا زۆر بەئارامی کچەکەی بانگ کرد:

– مەعسووم. بەخەبەری؟!

دوای ئەوەی وەڵامی نەداوە سەیفوڵڵا بۆ لای خێزانی خزی:

– خاترجەم بە. خەوی ئەوەندە خۆشە حەوت پادشاشی بەخەون دیوە!

مەعسووم بەخەبەر بوو. دڵی لە لای قودرەت بوو. دەسگیرانەکەی گوتبووی "ئەگەر نەیەی دەتۆرێم."

مەعسووم نەیدەزانی چ بکا. پێی خۆش نەبوو بەدرۆزن دەرچێ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ترسەی لە دڵدا بوو کە بەشەوی تاریک لەگەڵ پیاوێک ڕازونیاز بکا. هەر چەند ئەو پیاوە نامەحرەم نەبوو. ڕێوڕەسمی نیشانە کردن پێک هاتبوو. چاوەڕوان بوون بزانن مەسەلەی خانۆکەشیان لایەکی وە لایەک کەوێ و ڕێوڕەسمی مارە کردنەکەیان بەڕێوەبەرن.

مەعسووم دڵنیا بوو لەوەی کە قودرەت دەستی لێنادا بەڵام لە خۆشیان و لە ترسان هەدادان و حەجمینی نەبوو. "داخوا سەعات چەندە؟ دەبێ بەخەبەر بێ یان چۆتەوە خەوتووە؟" یان لە حەیفان سیغار ناکوژێنێتەوە. ڕەنگە توورەش بێ. بریا دایک و باوکم زووتر خەوتبان. لەسەر خودای دەچم ئەگەر هات و تەمای نابەجێی گرت لەبەری دەپاڕێمەوە. بەقوربان و سەدەقەی دەبم دەڵێم "قودرەت ئەمن ئی تۆم دان بەجەرگی خۆتدا بگرە و دوو سێ حەوتووی دیکەش ڕاوەستە. گاڵتە بەئابرووی من مەکە. ئابرووی منیش هەر ئی تۆیە." لە پەنا مەعسووم خشەخش پەیدا بوو. شەعبان کەوتە سەر لاتەنیشت و سەری کەوتە سەر عەرز.

باڵاخانم لەبەر خۆیەوە گوتی:

– پیاوەکە. زووکە ئەو منداڵە وەخەبەر دێ!

سەیفوڵڵا لەبەر خۆیەوە جنێوی دا:

– بەزیادم نەکرد ئەم ژیانە! تەواوی کارەکانی ئێمە داماوی و چارەڕەشییە! خەوتنمان. بەخەبەر بوونمان و خواردنمان. خۆڵ وەسەر کردنمان! هەمووی بەدبەختییە. ئەوەش بوو بەژیان؟

باڵێ خانم دەستی وەبەر زاری مێردەکەی گرت و گوتی:

– بێدەنگبە منداڵەکان وەخەبەر دێن. بخەوە دەبێ بەیانی زوو هەستین.

– بەیانی زوو هەستین چ بکەین؟

– بۆ خۆت ناشۆی؟!

– بۆ. پێویست ناکا تۆ هەستی. بۆخۆم هەڵدەستم ئاو گەرم دەکەم.

لە پاشان هەناسێکی کێشا و درێژەی پێدا:

– ئەگەر پێغەمبەری ئێمە هەواڵی دروستبوونی ئەو زنجانەی زانیبا داوای لە خودا دەکرد غوسڵ و دەسنوێژ هەڵگرتن لەسەر زنج نشینەکان هەڵگرێ.

باڵاخانم لەبەر خودا پاڕاوە:

– پیاوەکە بەسە ناشکوری کردن. گوناحە.

– ژنی چاک منداڵەکانت ڕاست بنەوە و باوکیان بەڕووت و قووتی لە نێو تەشت دا چاو پێبکەوێ گوناحە یام ئەو قسانەی من.

– ئەمن نازانم. تکات لێدەکەم ناشکوری مەکە.

ژن ومێرد هەر چەند زۆر نارەحەت و بێ حاڵ بوون سەریان لەسەر سەرین دانا و خرپ لێی نوستن. مەعسووم زۆر بەئارامی چاوی لە جێگاوبانی دایک و باوکی کرد. تەماشای کرد خەوتوون و بەئارامی هەناسە دەکێشن. ئەو خەیاڵەی لە دڵیدا بوو هێرشی بۆ هێنا، ئارەزووی چاوپێکەوتنی



خۆشەویستەکەی دەتگوت ئاگرە بڵێسەی لێ دەبێتەوە. زۆری بەزەیی بەدایک و باوکیدا دەهات. بێچارانە سروشتیترین مافی ژن و مێردایەتیان بەهەزار ترس و لەرز و شەرم و پەنا و پەسیو پێک دەهات!

سروشت تەنانەت لەم بارەشدا جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان فەقیر و دەوڵەمەنددا داناوە. دایکی چارەڕەش داخوا چەندی دان بەجەرگی داگرتووە کە دەنگی نەیەتەدەر! هەستی ژنانەی دایکی بەهۆی باری قورسی ژیان نەماوە و لە تەمەنی چل ساڵیدا ژاکاوە و هیچ هەستێکی نەماوە.

مەعسووم بەبێدەنگی لە جێگاوبانەکەی هاتەدەر. ماوەیەک هەستی ڕاگرت و لە دایک و باوکی خورد بۆوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە خەوتوون یام نا. دایکی دەتگوت منداڵە و ناهێڵن کایەی منداڵانە بکا، ناڕازی و مات و کز و داماو، هەروەها دەتگوت لە خەویشدا لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی ژیان دەست و پەنجە نەرم دەکا! بەڵام باوکی پرخەی ڕێگاڕۆژێک دەڕۆیشت و نارەزامەندی لێ بەدی نەدەکرا.

مەعسووم بەبێدەنگی هەستا. دەرگای کردەوە و بەئەسپایی چۆوە دەر. دەنکەدەنکە باران دەباری، ئەو ئەستێرانەی تاک و تەرا بەئاسمانەوە بوون لەبەر بەختەوەری کۆمەڵ دەدرەوشانەوە.

مەعسووم پێڵاوی لە پێ کرد. بەڵام زۆر زوو پەشیمان بۆوە. لەوە دەترسا کە بەدەنگی پێڵاوەکان دایک و باوکی وەخەبەر بێن. جووتێکی کەوشی نایلۆن بەسەر پێوە کرد. بەو حاڵەش ساغ نەبۆوە بڕوا یام نا. پێی وابوو دایکی وەخەبەر دێ و پێدەزانێ و باوکیشی بەدوایدا دێ.

سەرەڕای هەموو ئەوانە وەڕێ کەوت و گوتی هەرچی دەبێ با ببێ. بەئەسپایی لەو دیوارەی کە قودرەت خراپی کردبوو وەسەر کەوت و چووە ئەودیو، خۆی گەیاندە ئەو دیوەی کە قودرەت لەوێ دەخەوت، هەستی ڕاگرت و گوێی بەدەرگاوە نا، هەست و خوست نەبوو. دەتگوت بێدەنگی

شەوەکانی تریش لەو شوێنە کۆ بۆتەوە, ترس و گومانێکی سەرسوڕهێنەر دایگرت "چ بکەم لە دەرگا بدەم؟ ڕەنگە قودرەت لە ماڵ نەبێ. سەعات چەندە؟" بەئەسپایی بانگی کرد:

– قودرەت.

ماوەیەک ڕاوەستا، دوای ئەوەی وەڵام نەدراوە بەئەسپایی یەک دوو جاری لە دەرگا دا، گوێی هەڵخست لە دوورەوە دەنگی سەگان دەهات. لە لایەکی دیکەشەوە تاریکی شەو لێی ببوو بەدێوەزمە و زۆر دەترسا. ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی بادا و ڕووناکایی کزی فتیلەی نەوتی لە کەلێنی دەرگا وەڕوومەتی چرژاوی مەعسووم کەوت. قودرەت لەسەر زگ ڕاکشابوو لێفەکەی هەتا سەر شانی هێنا بوو.

مەعسووم گوتی:

– قودرەت.

قودرەت یەک دوو باوێشکی دا و خەوتەوە.

مەعسووم لەسەر پەنجان چووە ژوور. لە قودرەت نزیک بۆوە. داهاتەوە گوێی لەسەر دڵی قودرەت دانا و گوێیدایە. قودرەت زۆر جوان خەوی لێکەوتبوو، مەعسووم دەستی لە ملی قودرەت کرد و لاواندییەوە. قودرەت لە پڕ لە جێگاکەی دەرپەڕی و گوتی:

– ختە!!

مەعسووم پێکەنی:

– پێت وابوو ئەمن پشیلەم؟!

– کچی چاک ئەدی بۆ وا درەنگ هاتی؟

– چاوەڕوان بووم بخەون.

– نەکا هەتا درەنگانێک میوانتان بووبێ؟

– دایکم شێوی کردبوو خەریکی پینەوپەڕۆ بوو.



قودرەت دەستی مەعسوومی گرت و بۆلای خۆی کێشا. مەعسووم گوتی:

– نایەمە سەر دۆشەگ!

– بۆ دۆشەگ دووپشکی لە سەرە؟

– ئەتۆی لە سەرە!

– بۆ ئەمن دووپشکم؟

– جارێ نامەحرەمی.

– دوو سێ حەوتووی دیکە مارەم دەبڕێ و دەبیە مەحرەم.

– ئەو کاتە دەبیە خاوەنی سەرتاپام.

قودرەت دەستی لە نێو قەدی مەعسووم کرد و بۆ لای خۆی کێشا. دەیەویست لێوی ماچ کا، مەعسووم خۆی کێشاوە و گوتی:

– قودرەت بەڵێن بدە.

– چ بەڵێنێک بدەم؟

– دەستم لێ نەدەی.

– شێتۆکە. ئەتۆ ئێستاش حەڵاڵی منی!

– ڕاستە وایە، بەڵام مارەبڕان شتێکی دیکەیە.

– وا دیارە منت خۆش ناوێ.

– ئەوە چ قسەیەکە. ئەگەر خۆشم نەویستبای بەو شەوە نەدەهاتمە لات و خۆم لە مەترسی نەدەهاویشت.

– ئەدی کەوایە بۆ ناهێڵی ماچت کەم؟

– لەبەر ئەوەی حەز دەکەم هەروا پاک بم. ئەتۆ ئەگەر ڕاست دەکەی وەدوای کاروباری ماڵەکە کەوە جێبەجێیکە و مارەم بکە.

– ئەمن تاوانبار نیم کچی چاک. شارەداری تەواوی ناکا. هەر دەمانهێنێ و دەمانبا.

– ئەوە تەواو ساڵ و نیویکە ئەورۆ سبەمان پێدەکا؟

– بەڵام شتێکی وای نەماوە بڕیارە لەم ڕۆژانەدا قەباڵەکان بدەن.

مەعسووم دەستی لە ملی قودرەت کرد. خۆی پێوە هەڵاوەسی و ڕوومەتی بۆ بردە پێش ماچی کا. لە پاشان دەتگوت ئاوری لە نێو دەستیدایە لە ئامێزی قودرەت دەرپەڕی و گوتی:

– ئەمن دەڕۆم قودرەت گیان.

– بۆ کوێ دەڕۆی دەڵێی لەسەر ئاورانی؟ خۆ پێنج دەقیقە نییە هاتووی؟

– نیگەرانم. ئیجازە بدە دەڕۆم. هەر وەختێک مارەم بڕا وێڵت ناکەم و لە ئامێزتدا دەخەوم.

– کچەتیوە شێتە. مارە کردن کارێکی نییە. چ لە سبەی زووتر نییە مارەت دەکەم.

– تا دیوێک دروست نەکەی نابێ.

– زنجێک لەو گەڕەکە پێکەوە دەنێین.

– جا بەکەڵکی چ دێ؟ بەر لەوەی سازی بکەی کرێکارەکانی شارەداری تێکی دەدەن!

– ئەمن سازی دەکەم. جا پیاوم دەوێ بێ تێکی دا، بەخوا سەد کەسیش بن تاقیان لێدەبڕم و هەموویان دەکوژم. هەقیان نییە و ناتوانن دەست لە هێلانەی بەختەوەری من بدەن.

قودرەت سوور بوو لەسەر قسەی خۆی. لە قسەکانیڕا ئەوە بەدی دەکرا کە تەمای خۆی بەڕێوە دەبا، مەعسووم لە ترسان دەلەرزی. لە بەری پاڕاوە و گوتی:

– قودرەت گیان لاساری مەکە. ناتوانی دەگەڵ ئەو شەیتانانە بەشەڕ



بێی. با ڕدێن سپییەکانی گەڕەک نێوبژی بکەن و بچن لە شارەداری لەگەڵ ئەنجومەنی شار قسە بکەن و کارەکەی تەواوکەن. داوات لێدەکەم ئەتۆ خۆ تێوەرمەدە. هیچ دوور نییە بە نێوی ئاژاوەگێڕ بتگرن و بتبەنە سازمانی ئەمنییەت شرت و گومت کەن. لەم مەملەکەتەدا کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە قسەی حەق کڕیاری نییە. هیچ کەس گوێ ناداتە قسەی تۆ. پێت وایە ئەم وەکیل و وەزیرانە قسەی حەق دەبیسن؟!

قودرت لە حەیفان پێکەنی:

– ڕاست دەکەی مەعسووم گیان بەڵام ئیدی چیدیم پێ قەبووڵ ناکرێ. ئاخر ئەوەش بوو بەمەملەکەت؟ ئەوەیە عەدالەت؟ هاوار بۆ کوێ بەرین و بڵێین ژن و مێرد و چوار پێنج منداڵی سەروپێچکە لە ژوورێکی گچکەدا دەخەون.

مەعسووم پرسی:

– قودرەت گیان ئەگەر بمانەوێ زنجێک دروست کەین، چەندی دەوێ؟

– پێنسەد تمەن.

– چی، پێنسەد تمەن؟!! ئەم هەموو پووڵەی لە کوێ بێنین؟

– سێسەد تمەنم هەیە. سەدوپەنجا تمەنیشم بۆ ئاڵوودار و دەرگاکان لە سووچێک داناوە. دەتوانم سەد و پەنجا تمەنی دیکەش بۆ گێچ و کا و کەرەسەی دیکە جێبەجێ کەم.

– بەش دەکا؟

– چارەمان نییە. دەبێ دەست پێبکەین. سبەینێ چوار ئاڵوودارێ گەورە و بڕێکی باریک دەکڕم بۆ بانەکەش خوا گەورەیە شتێک هەر دەبێ.

مەعسووم لە خۆشیان پرسی:

– پەنجەرەشی بۆ دادەنێی؟

– بەڵێ. دوو پەنجەرەی بۆ دادەنێم.

– حەمامیش دروست دەکەی؟

– بەڵێ. لە سووچێکی زنجەکە قوڵکەیەک هەڵدەکەنم و سمیتی لێدەدەم و ئاوەڕۆکەشی بەکونێک دا دەدەمە دەر و دەبێتە حەمام!

– پێم خۆش نییە لە نێو تەشت دا خۆم بشۆم.

– بەسەر چاو خانم گیان. لەبەر خاتری تۆ سۆبەیەکیش دەکڕم. خەمی پووڵەکەشت نەبێ ڕۆژانە دوو سێ سەعات زیاتر کار دەکەم و هەر شتێکی بتەوێ بۆت دەکڕم. گرفتی ئێمە تەنیا ئەوەیە کە زنجەکە دروست کەین ئەوانی دیکە هەر دەبن.

مەعسووم لە حاڵێکدا لەوپەڕی خۆشحاڵی دا بوو و لە ئاسمانی ئاواتەکانیدا باڵی لێدەدا پرسی:

– ژێرلیباسی نایلۆنم بۆ دەکڕی؟

– جا چۆن بۆت ناکڕم هەر ئەتۆ و ژێرلیباس.

– قودرەت گیان دەهۆڵ و زوڕناش دێنی؟

– بەڵێ دێنم. زوڕناش دێنم.

بۆ ماوەیەک ئەم دوو ئەویندارە بێدەنگ بوون. لە پاشان قودرەت پرسی:

– چ بکەم؟ سبەینێ دەگەڵ باوکت قسە بکەم؟

مەعسووم نەیدەزانی چ جوابی دەسگیرانەکەی بداتەوە. تێمابوو. شانی هەڵتەکاند:

– بەخوا ئەمن نازانم. دەڵێم ئەو پازدە ڕۆژەش ڕاوەستە با بزانین شارەداری دەڵێ چی.

– شارەداری چ جوابێکی دەداتەوە؟ ئەوە سێ ساڵە هەر ئەوڕۆ سبەمان پێدەکەن خاترجەمبە هیچ هێزێک ناتوانێ ئەو زنجانە تێک دا. سەرەنجام



ناوی ئێمە ئینسانە خۆمان خۆش دەوێ، دەشێ بژین دەست لە ماڵ و حاڵی خۆمان هەڵناگرین و تا دوا دڵۆپی خوێنمان ڕادەوەستین و تەسلیم نابین.

– ئاخر قودرەت گیان ئەو کرێکارانەی شارەداری کە هاتن قسەیان دەگەڵ نایە چونکە تەنیا بیر لەو پووڵەی دەکەنەوە کە سەری مانگ وەری دەگرن. دروست وەک ئەو پاسەبانانە دەچن کە تاوانبار ناناسن و وەبەر جنێوی دەدەن.

– گوێت لێ بێ مەعسووم ئەگەر بمانەوێ سەبر بکەین دەبێ تا ڕۆژی حەشر ڕاوەستین! سەرەنجام ئاواتی بەیەک گەیشتنیش دەبەینە ژێر گڵ. با مەسەلەکە بەدایکم بڵێم و کارەکە تەواو بێ.

مەعسووم ڕازی بوو. پێشی وابوو حەق بەقودرەتە. خوا خاوەن ڕوحمە و پێغەمبەرەکەشی فەرموویەتی خوا یارمەتی ئەم کەسانە دەکا کە ژن دێنن و ماڵ پێکەوە دەنێن. دیارە خوا بەم دوو ئەویندارەش ڕوحم دەکا. خوا دڵی کاربەدەستانی شارەداری نەرم دەکا و زنجەکان تێک نادەن.

ئەو کاتە لە هەموو بارێکەوە ئاڵ و گۆڕ پێک دێ، بۆ وێنە تاو ڕەنگێکی دیکە دەدا بەگەڕەکی چەلەنگاوا. چرۆی داری بادام دەگوورێ. زارۆک لە لانکەکانیاندا شێوەی گریانیان جۆرێکی دیکە دەبێ.

دەنگی قودرەت مەعسوومی لەو خەیالاتە خۆشە هێنادەر. کە پرسی:

– دەڵێی چی مەعسووم. ڕازی یام نا؟ جواب دەوە.

– خەریکم بیر دەکەمەوە.

– عەزیزم ئیدی پێویست بەبیر کردنەوە ناکا. یان زنجەکان دروست دەکەین تێیدا دادەنیشین. یام ماڵەکەی ئێمەش وەک خەڵکی دیکە تێک دەدەن. تۆ تەنیا بڵێی بەڵێ هیچ شتێک نامێنێ!

مەعسووم بەشەرم و ناز جوابی داوە:

– بەڵێ.

قـودرەت مـەعـسـوومی لە ئامـێـز گـرت و وەک زەروو بەلێـوێوە نووسا و تێروپڕ مژی:

– سبەی بەدایکم دەڵێم. پێت خۆشە ئەتۆش بەدایکت بڵێ.

– چاکە.

– لە سبەیڕا کاری زنجەکەش دەست پێدەکەم.

– ئەمنیش یارمەتیت دەدەم.

– ئەتۆ تەنیا ئاوەکەم بۆ لە بیرەکە هەڵێنجە. ئیدی هیچی ترم لە تۆ ناوێ.

– پێم خۆش نییە هەموو زەحمەتەکە بکەوێتە سەرشانی تۆ.

– بۆ نارەحەتی نابێ. دۆستەکەم دارتاشە سبەی دەچم پێی دەڵێم دوو پەنجەرەم بۆ دروست کا. یەغدانێکی داری گەورەش دەکڕم و دەرگاکەی پێ دروست دەکەم!

– دەبێ دەرگای زنجەکەی ئێمە گەورە بێ ها!!

– گەورە؟ دەبێ وەک دەرگای ماڵە گەورەکان بێ!

– زۆر چاکە. چی تریش؟ بڵێ بزانم خۆشەویستم.

– بەڵێ. چوار کۆڵەکەی گەورەش بۆ بناغەکەی دەکڕم. زۆر زۆر سی تمەنی دەوێ!

مەعسووم پرسی:

– دیوارەکانی چ لێدەکەی؟!

قودرەت پێکەنی:

– خۆ ڕاست دەکەی دیواریشی هەیە. مەسەلێکی بەناوبانگ هەیە دەڵێن "ئاشق پێی وایە هەر چوار لای دیوارە هیچ کەس نایبینێ" ئێمەش دیوارەکانمان لەبیر چووبوو.



– دیوارەکان چەندی دەوێ؟

– زۆرەکەی پەنجا تمەن. بایی پازدە تمەن کا دەکڕین لەگەڵ گڵی باغچە دەیگرینەوە و کەلێن و قوژبنی میچەکەشی دەگرین.

مەعسووم پرسی:

– جا ئەوەندەت پووڵ هەیە؟

– بەڵێ. ئەگەر لێم بڕا بەقەرز لە کارخانە وەری دەگرم.

– ئەدی خەرجی زەماوەندەکەی چی لێ دێتەوە؟

– ڕاست دەکەی خۆ خەرجی زەماوەندەکەمان لە بیر چووبۆوە. پەنجا تمەنیش بۆ قامبێژەکان لەبەر چاو دەگرین.

– ئەدی جلکی من؟

– بۆ ویش فکرێکی دەکەینەوە.

– قودرەت گیان. کارت بەجلکی من نەبێ!

– لەبەر چی؟!

– چونکە پووڵت نییە. ئەمن جلکم ناوێ.

– نابێ. دەبێ جلکت هەر بۆ بکڕم.

– ئەتۆ پارچەی سپی بکڕە. بۆخۆم دەیدرووم.

– چەندت پارچە دەوێ؟

– چوار میتر ئاوریشم بەسە. ئی هەرزان بایی بکڕە لەوانی میتری بەپێنج شەش تمەنە.

– بەڵێ. بیست و پێنج تمەن بۆ جلک. پەنجاتمەنیش بۆ گۆرانیبێژ.

– ئەگەر دەزانی پووڵ نییە گۆرانیبێژیشمان ناوێ!

– نابێ. دەزانم پێت خۆشە زەماوەندەکەت بێ شایەر نەبێ.

– دەڵێم ئەو پووڵەی بۆ لەخۆڕا حەرام کەین. ئەوەی دەیدەین بەشایەر

سەربانی پێ سواغ دەکەین با زستانێ دڵۆپە نەکا.

هەردووکیان لە خۆشیان سوور هەڵگەڕان و پێکەنین. پێکەنینێکی وا کە دوای مۆر کردنی بڕیارنامەی بەختەوەری پێک دێ.

قودرەت لە کەلێنی دیوار پڕێسکەیەکی هێنادەر. پڕێسکەی کردەوە. بەپشووسواری و خۆشحاڵی و دەستی لەرزۆکەوە لۆچێکی پووڵی قاقەز لەبەر چاوی مەعسووم ڕاگرت و گوتی:

– چاو لێکە. هەمووی بۆ تۆ خەرج دەکەم. سێ سەد تمەنی تەواوم بۆ زەماوەند کۆ کردۆتەوە.

مەعسووم کە قەتی ئەوەندە پووڵ لەسەر یەک نەدیبوو. زۆر بەئارامی جوابی داوە:

– قودرەت گیان پێویست نییە پووڵەکانتم پیشاندەی خۆ من لە تۆ بەشک نیم. باوەڕم بەتۆ هەیە، پووڵ ببێ و نەبێ وەک خۆی وایە.

قودرەت لە سوێی ماچێکی مەعسووم دەتگوت شێت بوو. بەڵام لە خۆی ڕانەدەدیت داوای لێ بکا. شانی مەعسوومی گرت و گوتی:

– قەول دەدەی سبەی لەگەڵ دایکت قسە بکەی؟

مەعسووم بەسەر جوابی داوە:

– خاترجەم بە. درۆ ناکەم، جارێ لێم گەڕێ با بڕۆم. دەترسم دایک و بابم پێبزانن.

مەعسووم هەستا. قودرەت گوتی:

– هەتا پەنا دیوار لەگەڵت دێم.

– نەخێر مەیە. بۆخۆم دەڕۆم.

مەعسووم خواحافیزی کرد و ڕۆیشت، قودرەت لە پشتەوەڕا تەماشای دەکرد و کەیفی پێدەکرد.



سەری شەو ئەستێرەکان لە سوری ئاسمانی چەلەنگاوا دەدرەوشانەوە، هەور بەسەریان کشا و باران دایدایە.

مەعسووم زۆر بەپارێز لە گۆلاوەکان دەپەڕیەوە. تێدەکۆشا بێدەنگ بڕوا. لە ترسان وەک شەق شەقە دەلەرزی و بەردەوام دوعای دەکرد و دەپاڕاوە کە دایک و باوکی وەخەبەر نەیەن و ئابڕووی نەچێ.

مەعسووم کاتێک گەیشتەوە بەر دەرگای خۆیان ماوەیەک ڕاوەستا، وە دڵەکوتە کەوت، دەترسا پێبزانن. زۆر بەئەسپایی دەرگای کردەوە و لەسەر پەنجە چووە ژوور. تەماشای کرد شەعبان لێفەکەی لێ بۆتەوە و لەشی کز و لاوازی وەدەر کەوتووە و لە سەرمان خۆی کردۆتە گلۆڵە. لێفەکەی بەبراکەی داداوە و بەدزی چاوێکی لە جێگاوبانی دایک و باوکی کرد. ئەوانیش دەستەملانی یەک بوون و خەویان لێکەوتبوو، مەعسووم بەئەسپایی چووە نێو جێگاکەی و ڕاکشا. لە خۆشی چاو پێکەوتنی خۆشەویستەکەی خەوی لی زڕابوو.

شریخ و هۆڕی هەوران ژوورەکەی ڕووناک کرد و باران دایدایە، تەقەتەقی تەنەکەی بانەکەیان هەمووی وە جووڵەجووڵ خستن.

مەعسووم سەری لە بن لێفەکەی نا. پێی خۆش نەبوو ئەو خۆشییەی ئەمشەو بەو دەنگە ناخۆشە لە بیر بچێتەوە.

هێندەی پێ نەچوو دڵۆپە دەستی پێکرد. هەوەڵێن دڵۆپە کەوتە سەری ڕوومەتی باوکی و خەبەری بووە.

گوێی لە پرتە و بۆڵەی باوکی بوو:

– بەزیادم نەکرد ئەو شانس و ئیقباڵە. خۆ لە خەویشدا ئاسوودە نین.

لە پاشان زاق و زرووقی منداڵ دەستی پێکرد. دڵۆپەدڵۆپی باران هەراهەرایەکی ساز کردبوو مەپرسە، مەعسووم لە حاڵێکدا لێفەکەی بەسەر خۆی کێشابوو بەئانقەست خۆی لە خەو کرد و گوێی نەدانێ، بیری لەوە

دەکردەوە بەیانی بە چ شێوەیەک مەسەلەکە بەدایکی بڵێ. زۆر لە باوکی دەترسا. پێی وابوو بەو زەماوەندە ڕازی نابێ.

دوو سێ جار لە باوکی بیستبوو کە ئەم کچە جوانەی خۆی نادا بەهەموو کەس. مەعسووم لەبەر ئەوەی زۆر جوان بوو داواکاری زۆر بوو. ژمارەیەکی زۆر بۆ قووتدانی ئەم تیکە چەور و نەرمە ددانیان تیژ کردبوو. بۆ وێنە مەشەدی هادی بەقاڵی جیرانیان حازر بوو دەهەزار تمەن شیربایی بدا بەباوکی و دەهەزار تمەنیش بکاتە خەرجی زەماوەندەکەی. بەڵام سەیفوڵڵا پێی حەیف بوو ئەم کچە جوانە هەرزان فرۆش بکا. "خوایە هاوار قودرەتی جواب نەکا." هەرچەند باوکی قودرەت چەند جارێک بەنیوەڕاست و نیوەجەفەنگ خوازبێنی کردبوو قەول و قەراریشی لەگەڵ باوکی کچە بڕیبوّوە، لە لایەکی دیکەشەوە دەروجیرانیش پێیان وا بوو دەسگیرانی یەکترن بەڵام ڕەنگە لە کاتی خوازبێنی بەڕاستیدا دەبیەیان پێ بکا یام پەڵپیان لێ بگرێ کە قودرەت بۆی هەڵنەسوورێ و پاشەکشە بکا.

دەنگی هەڵڵا و گوڕەی باوکی، مەعسوومی لەم خەون و خەیاڵاتە خۆشە هێنا دەر:

– کچم شێت بووی؟ هەستە بزانم. سێڵاو هات.

مەعسووم سەری لە بن لێفە هێنا دەر و تەماشای کرد هەموو وڵات تلیساوەتەوە. میچ وەک ئاوپاش ئاوی پێدا دەهاتە خوار!

دایکیشی بەپرتەپرت و بۆڵەبۆڵ جێگاوبانی منداڵەکانی لە بن دیوار دادەنا:

– تف لەو شانس و بەختە. جا چاو لێفەی ئەو منداڵانە دەڵێی تەشک و داوێنی فاتمی کیسەکێشە! ڕۆڵە هەستە یارمەتیم بکە.

مەعسووم هەستا و جێگاوبانی منداڵەکانی لە سووچێک دانا. منداڵی خەواڵووی بێ خەبەر لە هەموو شتێک وەک سەرخۆشان هەر جارەی بەلایەکدا دەکەوتن.



شەعبان لە سەرمان ددانی ددانی نەدەگرت. دایک و کچ منداڵەکانیان لە خەو کردەوە و کۆنەکەوای سەیفوڵڵایان بەسەر دادان.

باڵاخانم گوتی:

– کچم ئەتۆش ئەم چارشێوەی من بەخۆت دادە با سەرمات نەبێ.

مەعسووم خەوی نەدەهات بەڵام لەبەر ئەوەی پێی خۆش بوو بیر بکاتەوە چووە پەنا پەنجەرەکە، دڵۆپە نەیدەگرت. لەوێ ڕاکشا و چارشێوی دایکی بەسەر خۆی دادا.

سەیفوڵڵا گوتی:

– ئەو کاربەدەستانەی شارەداری زۆر نەفامن. لە خۆڕا دەیانەوێ ماڵەکانی ئێمە تێک دەن! پێیان وایە تێک دانی ئەم ماڵانە هونەرە! حەیف بۆ ئەم پاچ و پێمەڕانەی لەم دیوارانەی دەدەن!

باڵاخانم بەم قسانەی مێردەکەی تووڕە بوو:

پیاوەکە. قسەی زیادی مەکە. سەد جارم پێگوتی بڕێک مێو بکڕە و کەلێن و کولێنی ئەم چەلەنگانەی پێبگرە گوێت نەدامێ. ئێستا ئەو شین و واوەیلایەت لە چییە؟!

سەیفوڵڵا لە حەیفان پێکەنی:

– ژنەتیو ئەم کارانە بەمێو و قسەی هیچ و پووچ جێبەجێ نابێ. لە بناغەڕا خراپە. شاعیر گوتوویە:

"لە بنچینەوە خانوو وێرانە
ئاغا دەربەستی نەخشی هەیوانە"

باڵاخانم هێندی دیکە تووڕە بوو:

– بەخوا بخەوی چاکترە! ئەم شێعر خوێندنەوەش ڕاگرە بۆ پوورت!

– لە کوێ بخەوم؟ بۆ دڵۆپە جێگای ساغی بۆ هێشتووینەوە؟ ماڵەکەمان بۆتە جەزیرە و لە هەر چوار لاوە ئاو دەوری داوە! ئیجازە بدە لانی کەم

بەشێعر خوێندنەوە دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە، بۆ چما نەتبیستووە: "ئەگەر فەقیر و هەژار ئەم ئاوات و ئارەزووە پڕوپووچانەیان نەبێ تەنانەت ناتوانن ڕۆژێکیش بژین."

ژنە بەتووڕەییەوە جوابی داوە:

– ئەدی ئەتۆ بۆ ماوی و نەمردووی؟

سەیفوڵلا بەپێکەنین وەڵامی داوە:

– ئەگەر من بمرم کێ بەخێوتان دەکا؟!

– خۆ شا نین لێمان بقەومێ پاروە نانێکی ویشک لە هەموو جێگایەک پەیدا دەبێ!

مەعسووم تووشی ناهومێدی بوو پێی وابوو ئەم جوابەجەنگییەی دایک و باوکی سەرەنجام هەڵلای لێ ساز دەبێ و مەسەلەی زەماوەندەکەی لێ تێک دەدا.

شوکور بۆ خوا وەخێر گەڕا و باوکی لەمە زیاتر درێژەی پێنەدا.

بەیانی بوو بەتاوبانێکی خۆش، بەم بۆنەوە دانیشتوانی گەڕەکی تەنەکاوا وەجموجۆڵ کەوتن. پیاوەکان دەگەڕانەوە سەر کارەکانیان. پیاوەکانی ئەو گەڕەکە زۆربەیان چەرچی و دەست فرۆش بوون. ژمارەیەک پاڵوودەیان ساز دەکرد. تاقمێک کولێرەیان دەکرد. هێندێک هەڵواشەکەرییان دەفرۆشت، ژمارەیەکیش داشقەی دەستیان هەبوو، پڕیان دەکرد لە میوە و بەکۆڵانەکاندا دەخولانەوە. تەنیا چەند کەسێک کە لە وانی دیکە خۆش شانستر بوون لە ئیدارە و شەریکەکان دا ببوونە دەرکەوان و پێشخزمەت و کارگەری شارەداری.

میرزا مەحموود پیاوێکی نێوبەدەرەوەی گەڕەک بوو، ئەویش لەبەر ئاشنا بوون بەیاسا و لەبەر ئەوەی پێشخزمەتی وەکیلێکی دادگوستەری بوو، دەوری ڕدێن سپی و کەلانتەری لە ئەستۆ بوو.



خەڵکی گەڕەک هەتا تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفتێکیان بۆ هاتبایە پێش، غاریان دەدا لای میرزا مەحموود، بۆ وێنە ناکۆکی نێوان ژن و مێردان و شەڕ و هەڵلای جیرانەکان لە لای میرزا مەحموود جێبەجێ دەبوو.

میرزا مەحموود لەبەر ئەوەی وردەزانیارییەکی لە یاسا هەبوو هەر شتێکی گوتبای یاسای دەگەڵ دەگوت، ڕۆژانە سەد کەڕەت ئەم وشەی تێکەڵ قسەکانی دەکرد و لە لای دانیشتوانی گەڕەک خۆی پێدەنواند! تەواوی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە دەبوو سەڵاو لە میرزا مەحموود بکەن و ڕێزی بۆ دانێن. هەرکەس ڕێزی بۆ دانەنابا میرزا مەحموود بەڕاوێژی تایبەتی خۆی لۆمەی دەکرد و دەیگوت:

– فلانە کەس، ئەتۆ لە مانای مافی شارستانییەت ناگەی و ڕێی پێ نابەی!

سەرەڕای ئەوەی هەموو کەس دەیزانی میرزا مەحموود دەرکەوان و گەسک لێدەری ئاغای وەکیلە و تەنانەت هەموو کاروباری نێو ماڵ و بازاڕیشی بۆ ئەنجام دەدا بەڵام بە چاویاندا نەدەداوە. وەک وەکیلی ڕاستەقینە هەمیشە دوو سێ پووشەی لە بن هەنگڵدا بوو، هەروەها لە کاتی هاموشۆ کردن دا بەفیز و ئیفادەیەکەوە بەکۆڵاندا دەهات و دەچوو مەپرسە!

بەیانێکی زوو سەیفوڵلا لەبەر دەرگای خۆیان بای لە تەگەری دووچەرخەکەی دەکرد و خۆی ساز دەکرد بچێتە زولبیا فرۆشتن سەری هەڵێنا و چاوی بەمیرزا مەحموود کەوت، بەپیریەوە چوو. ڕێزی بۆ دانا و سڵاوی لێکرد:

– سڵاو حەزرەتی ئاغای وەکیل.

– عەلەیکەسەلام ئاغا سەیفوڵلا. چۆنی؟ چ دەکەی؟

– شوکر بۆ خوا چاکم. پرسیارێکم هەبوو.

- بلێ بزانم دەڵێی چی ئاغا گیان.
- ئاغای وەکیل مەسەلەی تێک دانی ماڵەکانی ئێمە چی لێهاتەوە؟
میرزا مەحموود بەر خەبەبەی هەڵمساند و جوابی داوە:
- دوو سێ جارم گوتووە کە بەپێی یاسای شارستانییەت ناتوانن تێکیان دەن.
- چلۆن ناتوانن؟ پازدە ڕۆژمان مۆڵەت ماوە.
- ئاغا گیان ناتوانن تێکیان دەن. خاترجەم بە.
- خوا بکا وا بێ.
- خۆ شاری بێ دەروازە نییە. ماڵمان بەخۆڕایی دروست نەکردووە. بۆ دەنا دەتوانن مافی ئێمە پێشێل بکەن؟!
- بژی ئاغای وەکیل.
- بێژە بژی یاسا.
سەیفوڵلا پرسی:
- بڕیار بوو بچینە لای شارەدار چی لێهاتەوە؟
- بەتەمای خوا دووسبەی دەچین.
- ئەگەر هات و گوتی دەبێ تێک درێن چارە چییە؟
چما دەتوانێ ئەوەی بڵێ؟ مەملەکەت بێ یاسا نییە. خۆ یەک و دوو نین. ئەو هەموو خەڵکە ناتوانن وەدەر نێن. ئەگەر بێتوو یەک بین و پشتی یەک بگرین هەموو شتێک چێ دەبێ و کەس ناتوانێ خۆمان لێدا.
- خوا خاوەن ڕوحمە.
- دیارە وایە لەعنەت لەوەی باوەڕی پێی نییە. بچنەوە سەر کاری خۆتان و دڵنیا بن، ئەمن ئەمڕۆ بۆم ناکرێ و کارم زۆرە، دوو پەروەندەی تەڵاقمان هەیە! پەروەندەیەکی قەتڵیشمان هەیە دەبێ لە ئیعدام نەجاتی دەین!



میرزا مەحموود ئیشارەی بەو پەروەندە کرد کە لە بن هەنگڵیدا بوو، لە پاشان گوتی:
- ئەوە پەروەندەی کابرای مەحکوومە. دەبێ بڕۆم و خۆم بگەیەنمە دادگا. خواحافیز.
میرزا مەحموود خۆی هەڵدەکێشا و درۆی دەکرد، چونکە ئەو پووشەی پێی بوو جگە لە کۆنەڕۆژنامە هیچی تری تێدا نەبوو. دیارە هەم خەڵک و هەم بۆخۆشی ئەوەیان دەزانی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەموو ڕۆژێ ئەو پەروەندەی لە بن پیلی دەنا و زۆر بەفیز و ئیفادە وەک وەکیل بەکۆڵاندا دەهات و دەچوو.
میرزا مەحموود ڕۆیشت و سەیفوڵلا بەرەو ماڵ بۆوە. ماڵیش چ ماڵ! دوای ئەوەی باران تلیساندبوویەوە و تاو لێی دابوو دەتگوت هێلانەی مەلە. بۆگەنی ولاتی داگرتبوو!
سەیفوڵلا هەناسێکی دوور و درێژی هەڵکێشا و هەوای تازەی هەڵمژی. زۆر بەئیشتیا ڕوانیە دیواری زنجەکان و ڕابردووی وەبیر کەوتەوە. ئەو ژنە بێچارەی لە دروست کردنی ئەو زنجانەدا چ نەما نەیکا. زۆر جاران دەست و پەلی بەوردەشیشە و بەرد بریندار بووە و خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە. بەڵام ئەو ژنە بەسەبر و حەوسەلە و نەجیمە، وەسەر خۆی نەهێنا و گوتی:
- خانووی ئێمە. هێلانەی ئێمە.
لە لایەک بەئێشی برینی شیشەوە دەیناڵاند و برینی دەست و پەلی سارێژ نەبوون و لە لایەکیش مەعموورەکانی شارەداری هەموو ڕۆژێ بەپاچ و پێمەرە و قوڵینگ دەهاتنە سەریان و هەرەشەیان لێدەکردن کە درەنگ یام زوو زنجەکانیان تێک دەدەن. لەبەر چی؟ لەبەر چی؟ لەبەر چی؟
باڵا خانم لە ژوورێرا بانگی مێردەکەی کرد:
- وەرە بەرچایی بخۆ.

سەیفوڵڵا لە سەرەتاوە پێی وابوو گوێی دەزرینگێتەوە. نەخێر بەهەڵە نەچوو بوو خۆی بوو خێزانی لەبەر خۆیەوە گوتی:

– وا دیارە بەرچایی ئامادەیە! دەبێ ژنەکەی چی بۆ بەرچایی ساز کردبێ؟ خۆ شتێکی وایان نەبوو؟ نە نیسک. نە ڕۆن. ئەدی دەبێ چی ساز کردبێ؟

خۆ لە خۆڕا بانگم ناکا؟ خۆ ئیشاڵڵا سفرەی بەتاڵی ڕانەخستووە؟! سەد حەیف بۆ ئەم ژنە کە گرفتاری نەداری و دەسکورتی من بووە! بەڕاستی ژنێکی بەمشوور و لێهاتوویە و ئەگەر هەلومەرجی بۆ ڕەخسابا دەیتوانی قوشوونێک ئیدارە بکا!

کاتێک چووە ژوور تەماشای کرد هەر منداڵەی سێوکێکی بەدەستەوە و تێکوڵەکەی لێدەکاتەوە.

باڵاخانم سێوکێکی گەورە و پاک کراوی دا بەمێردەکەی:

– وەرە ئەم دەنکە سێوک و پارووە نانەش بۆ تۆ، با هێزت بێتەوە بەر و بتوانی بەرێدا بڕۆی.

سەیفوڵڵا بەخۆشحاڵییەوە قامکەکانی شکاندەوە و جوابی داوە:

– بەه... بەه... بەرچایی شایانەمان هەیە!

– پێویست بەتەشەر ناکا بخۆ و شوکری خودا بکە. خوێی پێداکەی تامی هێلکە دەدا! قوم قومیش ئاوی لەسەر بخۆوە جێگای چا دەگرێ! پارووەکیش نان بخۆ وەبزانە ڕۆنی کەرە و مرەبا دەخۆی! لەوە زیاتر چی ترت گەرەکە؟

– هیچ عافرەت. زۆریشت سپاس دەکەم. تەنیا سەرم لە کاری تۆ دەرناچێ.

سەیفوڵڵا کەمێکی خوێ بەسێوکەکە داکرد، نیوەی لە نێو نانێک نا و دە زاری هاویشت و گوتی:



– مزگێنیم دەیە. ماڵەکان تێک نادەن.

مەعسووم زیاتر لە هەموویان بەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو. و شوکری خودای کرد و لەتێکی لە سێوکی خۆی دا بەشەعبان. ڕەمەزان گوتی:

– دادە ئەدی ئەمن؟

– بێدەنگ بە!

سەیفوڵڵاش نیوەکەی خۆی بۆ ڕەمەزان ڕاگرت:

– وەرە. ئەمنیش نیوەکەی خۆم دەدەم بەتۆ.

کاتێک سەیفوڵڵا لەتە سێوکی خۆی دا بەکوڕەکەی، تەماشای کرد خێزانی هیچی بۆ نەماوەتەوە، پرسی:

– سێوکی تۆ کوا؟

– ئەمن ئی خۆم خوارد.

شەعبانە چکۆڵ گوتی:

– بابە، دایە درۆ دەکا. سێوکی نەخواردووە.

سەیفوڵڵا دەستی کێشا و ئەو لەتە سێوکەی لە پێش ڕەمەزان بوو هەڵیگرت و دای بەژنەکەی:

– بیخۆ.

– گوتم خواردوومە.

– بۆ ئێمە چ بارەگایەکمان بۆ دای و بابمان دروست کردووە کە ئەوان چاومان لێبکەن!؟ بەشی خۆت بخۆ، بۆ منداڵەکانیش خوا گەورەیە!

باڵاخانم لەتێکی لە سێوکەکە هەڵگرت و کردی بەدوو بەش. بەشێکی بۆخۆی خوارد و ئەوەی دیکەشی دا بەڕەمەزان.

مەعسووم پرسی:

– بابە گیان کێ گوتی ماڵەکان تێک نادەن؟

- میرزا مەحموودی وەکیل گوتی.
مەعسووم لەبەر خۆیەوە گوتی:
- کاتێک زەماوەندمان کرد جووتێک گۆرەوی بۆ میرزا مەحموود دەچنم!
سەیفوڵڵا ئاخرین سیغاری داگیرساند و بەژنەکەی گوت:
- ئەمن دەڕۆم.
باڵاخانم پرسی:
- منداڵەکان نیوەڕۆ چ بخۆن؟!
خودایە. بەڕاستی پرسیارێکی تاڵ و ناخۆشە، "منداڵەکان نیوەڕۆ چ بخۆن؟" سەیفوڵڵا کۆلکەسیوادێکی هەبوو بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارە هەروا ساکار نییە و دەبا لە زانکۆ خستبایانە بەر لێکۆڵینەوە. هیچیان لە ماڵێدا نەبوو بیدەن بەمنداڵەکان بیخۆن، سەیفوڵڵا کەمێکی پووڵ بۆ زولبیا کڕین جیا کردبۆوە، لە گیرفانی هێنادەر و بژاردی. سەرجەم بیست و پێنج تمەن بوو! ئەم پارە نەیدەکردە کەشەفێک زولبیا و دەبایە تا ئێوارەیەکی درەنگ بەکووچە و کۆڵاناندا بخولێتەوە و خوردی کاتەوە، ئەگەر هەمووی فرۆشتبا، شەش حەوت تمەنی بۆ دەماوە!
پووڵەکانی دوو سێ جار بژارد! زۆری ئەم لا و ئەولا بەپووڵەکەی کرد بێ فایدە بوو منداڵ بۆ نیوەڕۆ نانیان دەویست. سێ تمەنی جیا کردەوە و دای بەژنەکەی:
- ها بیگرە. شتێک بۆ نیوەڕۆ بکڕە.
باڵا خانم پووڵەکەی وەرگرت و بەناڕەحەتی گوتی:
- منداڵ نیوەڕۆ نانی ویشکی بخۆن؟
- حافرەت بەخوا نیمە.
- هەر نەبێ تمەنێکی دیکەم بدەیە با دوو هێلکان بکڕم.
سەیفوڵڵا تمەنێکی دیکەی دا بەخێزانی:



- بەناموسم، بەهەرچی باوەڕت هەیە هیچ شک نابەم و نیمە.
شەعبان دەستی بەداوێنی باوکی گرت:
- بابە گیان دوو قڕانیش بدە بەمن.
- دوو قڕانت بۆ چییە، چی پێدەکەی؟
- دەیدەم بەنوقڵ.
- نوقڵ! ڕۆڵە گیان نەڵێی پێی نەگوتم، هەر کەس نوقڵی بخوا ددانی کرمێ دەبێ! دوعا بکە ئەگەر ئەمڕۆ زولبیاکان تەواوی بفرۆشم، شەو کە هاتمەوە شیرەی بن کەشەفەکەی دەدەم بەتۆ!
ڕەجەب وەجواب هات:
- بابە ئەمشەو نۆرەی منە.
سەیفوڵڵا بەچاو و برۆ ڕەجەبی تێگەیاند کە ئەوەی بەکەشەفەکەوە نووسا ئی وییە. ڕەجەب تێگەیی و. لە خۆشیان پێکەنی.
سەیفوڵڵا خوداحافیزی کرد و ڕۆیشت، ژن و منداڵ هەتا بەر دەرگا هاتن و بەرێیان کرد.
سەیفوڵڵا داشقەی دەست دایە و ڕۆیشت. منداڵەکان دوعایان بۆ کرد کە شەو بەسلامەتی بگەڕێتەوە.
کاتێک بابە نەدیو بوو. باڵا خانم بەکچەکەی گوت:
ڕۆڵە هەستە، ئەمڕۆ تاو و ساوێکی خۆشە با لێفەکان لەبەر تاو هەڵخەین. لە بیرت نەچێ بەرلێفەکان لێکەوە. دەزووەکانیش فڕێ مەدە دەبێ هەر لەم دەزووانە کەڵک وەرگرین.
دایک و کچ خەریک بوون بەرلێفەکانیان لێدەکردەوە. مەعسووم نیگەران بوو. حەبەسا بوو. وە دڵەکوتە کەوتبوو. باڵا خانم سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی کچەکەی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە بەڵام وەڕووی نەهێنا. چاوەڕوان بوو کچەکەی قسەیەک بکا.

سەرەنجام مەعسووم خۆی بۆ ڕانەگیرا و بەترس و گومانەوە پرسی:

– دایە.

– دەڵێی چی کچم؟

– دەمەوێ شتێک بڵێم.

– بڵێ بزانم دەڵێی چی کچم.

– پێم خۆش نییە منداڵەکان گوێیان لێ بێ.

– نەکا خەونێکی خراپت دیبێ؟!

– نەخێر دایە.

باڵاخانم بەمنداڵەکانی گوت:

– بڕۆنە دەر بچن لە کۆڵان یاری بکەن.

منداڵەکان بەپای پەتی وەدەر کەوتن و باڵا خانم بەپێکەنینێکی تایبەتەوە گوتی:

– بڵێ بزانم ڕۆڵە چ باسە؟

مەعسووم لە ڕووی هەڵنەدەهات قسەکەی دەرببڕێ. ڕووی لە پەنجەرەکە کرد و گوتی:

– قودرەت دەیەوێ بنێرێ بۆ خوازبێنی.

باڵا خانم هیچ خۆی شلوێ نەکرد. زۆر بەئارامی جوابی داوە:

– دەزانم کچم.

– بەچیرا دەتزانی؟!

– دەزانم شەوێ ڕابردووش چووبوویە لای قودرەت!

مەعسووم سەرتاپای وەلەرزە کەوت و ئارەقەیەکی سارد نێوچاوانی داگرت.

باڵا خانم بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە پەشۆکاوی کچەکەی درێژەی بەقسەکانیدا:



– لەبەر ئەوەی لێت خاترجەم بووم و دەمزانی خۆت دەپارێزی بەدواتدا نەهاتم. ئەمن قودرەت دەناسم و دڵنیام کە خۆش بەختت دەکا. دایک و باوکیشی زۆر ئینسانی چاکن.

مەعسووم کە بەقسەکانی دایکی هێندێک بووژابۆوە گوتی:

– سێسەد تمەنیشی پووڵ هەیە.

– زۆر چاکە بەشتان دەکا.

– دەمانەوێ ماڵ دروست کەین.

باڵا خانم دەستی بەقژی کچەکەی داهێنا و وەک هەموو دایکێک چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو:

– بڕۆ ڕۆڵە گیان. هەر نەبێ با تۆ بەختەوەر بی، تەنیا ئاواتم ئەوەیە نەمرم و منداڵەکانت پێ بگەیەنم.

مەعسووم گوتی:

– دایە پێم خۆشە لە زەماوەندەکەمان دا شایەریش هەبێ!

– نا ڕۆڵە گیان بەلاش پووڵی خۆتان خەرج مەکەن. حەیفە مرۆڤ–لەخۆڕایی پووڵی خۆی خەرج کا. شایەرتان بۆ چییە؟ ئینسان دەبێ خۆی بناسێ، هیچ دەزانی ئەتۆ کچی کێی؟ قودرەتیش هەروا. بەم پارە پەڕەمێزێک و دوو سێ قاپ و کەوچک بکڕن زۆر چاکترە. ئینسان کاتێک دەزانێ پووڵ چەند بەنرخە کە بۆ قڕانێک موحتاج بێ.

مەعسووم دەستی دایکی گرت و ماچی کرد:

– دایە ئەمشەو دایک و باوکی قودرەت دێنە ئێرە.

– با بێن. بەخێربێن.

– باوکم دەڵێ چێ؟ ڕازی دەبێ!

– بۆ ڕازی نەبێ؟ قودرەت کوڕی چاکە. باوکیشت ڕازی دەبێ.

– دایە؟!
– دەڵێی چی ڕۆڵە؟!
– قودرەت بەڵێنی داوە بەرگی قوتابخانە بۆ ڕەجەب بکڕێ.
باڵا خانم بەنابەدڵی پێکەنی:
– ڕۆڵە نارەحەتی تەنیا ئی بەرگ نییە. ئەو ماڵە پڕیەتی لە دەرد و ئێش و هەزاران چارەڕەشی و ماڵوێرانی و بەدبەختی تر. ئەتۆ کارت بەم کارانە نەبێ. هەر لە ئێستاوە مێردەکەت نارەحەت مەکە. دەڕێ کۆنی باوکت تێک دەدەم، ڕەنگی دەکەم و دەیکەمە بەرگی قوتابخانە بۆ براکەت. هەر دوعات ئەوە بێ لەشمان ساغ بێ و بێوەی بین هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ. کاتێک وەبیر نەخۆشی منداڵەکان دەکەومەوە تاوتوێ دامدەگرێ. بۆ ئینسانی هەژار و دەسکورت نۆبەتێیەکی سادە لە سەرەتان پڕمەترسیترە.
باڵا خانم ئاوی لووتی پاک کردەوە و گوتی:
– هەستە ڕۆڵە با بەر و پشتی لێفەکان بەرین لە بەر تاو هەڵیخەین.
سەیفوڵڵا ئێواری زۆر بەنارەحەتی گەڕاوە ماڵێ. لە داخان هەر ئەوەندە بوو شەقی نەدەبرد، چەقۆت لێدابا خوێنی لێ نەدەهات چونکە دوای هات و هاوار و هەڵسووڕانێکی زۆر بەکۆڵان و شەقامەکان دا نیوەی زولبیاکەی فرۆشتبوو. هەر کە پێی نایە ماڵەوە دەستی کرد بەئاه و ناڵە و جنێوی بەعەرز و ئاسمان دەدا:
– تف لەم شانسە. ڕۆحمی خوداشمان لێ کشاوەتەوە تازە ژیانمان بۆ ناکرێ.
منداڵەکان لێیان ببوو بەعادەت و کاتێک باوکیان دەگەڕاوە بەغاردان خۆیان دەگەیاندە کەشفە زولبیاکان. ئەگەر کەشەف چی لەسەر نەمابا خۆشحاڵ دەبوون و دەیانزانی زولبیاکان فرۆشراون و باوکیان کەیفی سازە و قازانجی کردووە و دۆکلێوی بەبرۆێشی دەخۆن! بەم بۆنەوە بەخۆشحاڵی و



تامەزرۆییەوە دەکەوتنە سەر کەشەفە زولبیا و بەقامکان شیرەکەیان دەلستەوە.
بە پێچەوانە ئەگەر زولبیاکان نەفرۆشرابان دەیانزانی نە لە چێشتی گەرم خەبەرێک هەیە و نە کەشەف لستنەوە لە گۆڕێدایە، جگە لەوانەش لەوانەیە باوکیان لەبەر نارەحەتی خۆی وەریانگەڕێتێ و خوریشۆڕ بیانکوتێ! هەر بۆیە خۆیان پێشانی باوکیان نەدەدا.
بە پێی عادەتی خۆیان ڕۆژی دواتر کە دەنگی باوکیان گوێ لێبوو لە ماڵ دەرپەڕین و بەرەوپیری چوون، بەڵام هەر کە چاویان بەکەشەفی زولبیا کەوت وەک ئەوەی کارەبا بیانگرێ لە جێگای خۆیان ڕاوەستان و تەکانیان نەخوارد.
شەعبانە چکۆڵ لە حاڵێکدا زۆر نارەحەت بوو، خۆی لە ئامێزی دایکی هاویشت و گوتی:
– بابە زولبیاکانی هەروا هێناوەتەوە.
باڵاخانم بەبیستنی ئەم هەواڵە ناخۆشە وەک ژووشک وێک هات و تاو دایگرت، بەڵام بۆ ئەوەی مێردەکەی بێنێتەوە سەرحاڵ بەسەر کوڕەکەدا قیژاندی:
– بێدەنگبە هەتیو.
سەیفوڵڵا وەجواب هات:
– بۆ خەریکی لەگەڵ ئەو منداڵە بەشەڕ دێی؟! ڕاست دەکا زولبیاکانم بۆ نەفرۆشرا. هەرچەند وەک بارگینی داشقەی چواردەوری شارم داوە و لاقم هەموو بوونە بلۆق. هەر جێگایەکی پێم شک هاتووە چووم. بەر دەرگای قوتابخانەکان. مەیدانی یاری تۆپ، بەر دەرگای گەراجەکان. هەر دەڵێی دەرگای ڕۆژی ئێمە گاڵە دراوە! مشتەری زۆر بوو بەڵام هیچ کەس نەیدەکڕی. بەخوا ئەگەر لەبەر ئێوە نەبا بیست کەسم شەل و گێڕ دەکرد!!

دەبێ مرۆڤ چەندی باری خەم پێ هەڵبگیرێ؟ لانی کەم کەنیشک و کوڕی لووسکە و ژنانیلە دووسەد جاریان لاتاو پێداداوم. یەکێک نەبوو پێیان بڵێ: "بیژووی حەرام زادانە بەئێوە چی زولبیاکانی من چاک نییە یام تۆز و خۆڵی لەسەر نیشتووە، پێت خۆش نییە بکڕی سەری خۆت بەردەوە و بڕۆ، بۆ ماڵی خەڵکی قەڵب دەکەی؟" بەڵام ئەم توخمە سەگانە دەنگیان لە کەللەیانەوە دێ، بۆخۆیان جێگایان گەرم و نەرمە و بێخەبەرن لە ئێمەی نەدار و هەژار کە بەچ بەدبەختی و چارەڕەشییەک ماڵ و منداڵان بەخێو دەکەین؟ کوا بیر لەوە دەکەنەوە کە منداڵی من بەرچاییان دەنکێک سێوک بوو! نیوەڕۆش نانەڕەقە؟

باڵاخانم دڵخۆشی مێردەکەی داوە و گوتی:

– ناڕەحەت مەبە. خوا زۆر بەڕوحمە. پێڵاوەکانت داکەنە، وەرە ژوور پشوویەک بدە.

بەڵام ناڕەحەتی و پەژارەی سەیفوڵڵا شتێک نەبوو بەم چەشنە دڵخۆشی دانەوانە دامرکێ و لە بیر بچێتەوە. بەبێ ئەوەی گوێی دابێتە قسەی ژنەکەی گوتی:

– حەز دەکەم ڕۆژێک ئەم کەشەفە زولبیایە لەسەر سەری یەکێک لەم کوڕە جحێڵە لووسکانە دانێم تا ڕۆژا سەگ بەحەساریان پێبکەم و لێیان حاڵی بکەم کە پووتێک چەند کیلۆیە.

مەعسووم لە گشتیان ناڕەحەتتر بوو. بەم حاڵەتە نالەبارەی باوکی هەموو خەون و خەیاڵاتەکەی وەک بڵقی سەر ئاو دەپووچاوە و نەیدەتوانی نیازی دەروونی خۆی لای باوکی دەرببڕێ. ئەگەر باوکی ببیسێ ئەمشەو میوانی بۆ دێ ڕوو لە کوێ بکەن؟

وەک مەلی لافاو بردوو بەهەناسەساردی لە سووچێک کرووشمەی کرد و ئەم دیمەنەی تەماشا دەکرد.



باڵاخانم چووە پێش، پەڕۆ سپییەکەی لە ملی مێردەکەی کردەوە و بەمەعسوومی گوت:

– ڕۆلە بۆ ڕاوەستاوی؟ بڕۆ کەمێک ئاو بێنە با باوکت دەست و چاوی بشوا.

مەعسووم چوو ئاوی هێنا و باوکی دەست و چاوی شوشت، شەعبانیش خاولی هێنا و دای بەباوکی:

– فەرموو بابە!

سەیفوڵڵا دەستی بەسەری داهێنا و پێکەنینی باوکانەی پەڕیە سەر ڕوومەتی:

– بژی کوڕم.

خێزانی خاولییەکەی لێوەرگرت و گوتی:

– شێو چی بخۆین؟

خۆشحاڵی یەک لەحزە لەمەو بەری سەیفوڵڵا، بەم پرسیارە کە جوابەکەی زۆر دژوار بوو، تەواو بوو. هەرچەند لە زۆربەی ماڵەکان ئەم پرسیارە دەکرێ. بەڵام ئەم پرسیارە لە کابانەکان دەکەن، هێندێک جار پیاوی ماڵیش شتێکی دەگوت. کابانی ماڵ ئیشتیای دیکەی دەکرد و مناڵە چکۆڵەکانیش هەر کامەی چێشتێکی تایبەتیان داوا دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی سەیفوڵڵا زولبیاکەی بۆ نەفرۆشرابوو نەیدەزانی دەبێ چ جوابێک بداتەوە بەخێزانی؟! خۆ منداڵیش نەدەکرا بەبرسییەتی بخەون، دەستی لە گیرفانی نا و دوو تمەنی هێنادەر و دای بەڕەمەزان:

– برۆ دوو سەنگەک بکڕە.

باڵاخانم پرسی:

– جگە لە نان چیتر بکڕێ؟

– کیلۆیەک گۆشتی گوێلک! کیلۆیەک جەرگی مریشک! دوو دانە

کالەک! سێ کیلۆ ترێ! ڕەمەزان چاوی لێ زەق بوون و دەستی کرد بەپێکەنین.

سەیفوڵڵا ئەم جۆرە جەفەنگ و تەشەرانەی زۆر بوون. باڵاخانم تووڕە بوو و گوتی:

- دەست لەم تەشەرانە هەڵگرە. بەس بەشۆخی قسە بکە.

سەیفوڵڵا پرسی:

- بڕوێشمان هەیە؟

- کەمێکمان هەیە.

- چەند؟

- لا لوێچێک دەبێ.

سەیفوڵڵا دوو تمەنی دیکەی دا بەڕەمەزان:

- دووسەد گرەم بڕوێشی بکڕە. تمەنێکیش بدەن بەڕۆن. خێرا وەرەوە زۆرم برسییە.

ڕەمەزان هەستا بڕوا، بەڵام دایکی بانگی کرد:

- ڕەمەزان ڕاوەستە.

سەیفوڵڵا پرسی:

- چی دیکەت دەوێ؟

- جەعفەراغا و خێزانی ئەم شەو بڕیارە بێن.

- چ کارێکیان هەیە؟

- بۆ کارێکی خێر دێن.

- مرۆی فەقیر و کاری خێر؟

- هێندەی ئەم لاو ئەولا پێمەکە پیاوەکە. پووڵی بدە بەڕەمەزان با بچێ کەمێک قەند و چا بکڕێ.



- چا بوو لە مانای کاری خێریش حاڵی بووم!

- ڕیخۆڵەی بۆ مەکەوە. بایی پێنج تمەن، قەند و چامان لێ سەروزیادە!

سەیفوڵڵا چاوی بەدەوروبەردا گێڕا:

- ئەگەر لەسەر خەزێنەی دەوڵەتیش بنووم جوابی زۆربڵێیی تۆم بۆ نادرێتەوە.

باڵاخانم تووڕە بوو:

- لائیلاهە ئیللەڵڵا. دەڵێی میراتی بابی بۆ ئێمە خەرج دەکا.

سەیفوڵڵاش تووڕە بوو دە تمەنی لە گیرفانی هێنا دەر و بۆ ڕەمەزانی هاویشت:

- بیگرە بزانم. ئەوە بۆ قەند و چا. پێت دەڵێم چەند ڕۆژی دیکە چ باسە!

منداڵەکان بەخۆشحاڵی تەماشای یەکتریان دەکرد، چونکە دوو سێ مانگ بوو قەند و چایان نەبوو!

ڕەجەب بەخۆشحاڵی گوتی:

- بەهـ... بەهـ... ئەمشەو چای دەخۆینەوە.

شەعبانیش پێکەنی:

- ئەمن دوو چایان دەخۆمەوە.

سەیفوڵڵا دوای ئەوەی سەری خۆی خوێندەوە تەماشای کرد بڕێکیشی لە سەرمایەکەی خواردووە، زۆری پێ تێکچوو بە ژنەکەی گوت:

- فەرموون هەڵیگرنەوە ئەوە بوو بەکاری خێر؟

باڵا خانم چاوی لە مێردەکەی هەڵتەکاند و گوتی:

- با بچینە ژوور نەقڵێت بۆ دەکەم.

مەعسووم دەستی براکانی گرت و چوونە بەر دەرگا. ژن و مێرد چوونە ژوور.

بالاّ خانم دوای ئەوەی ئاڵقەڕێزی پشت دەرگای پێداکرد گوتی:

– وەرە دانیشە با پێت بڵێم.

سەیفوڵڵا چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا خشاند:

– دەڵێی دەتەوێ بەرنامەیەکی سیخوڕی بەڕێوە بەرێ؟! مەسەلە چییە؟

بالاّخانم پێکەنێ:

– مەعسووم لەسەر سەفەرە.

– هێشتا بۆ ئیجباری ماویەتی.؟

– شۆخێکەت ڕاگرە بۆ دوایە. قودرەتی کە دەناسی؟

– بەڵێ دەیناسم. قودرەت چی بەسەر هاتووە؟

– داواکاری کچەکەمانە.

– بۆ خۆی گوتی؟

– نانا. باوکی. دایکی وەلاّمی ناردووە.

– ئەمشەو دێن بۆ خوازبێنی؟

– بەڵێ.

سەیفوڵڵا بۆ ماوەیەک واقی وڕما و لە پەنجەرەڕا تەماشای حەوشەی کرد.

بالاّخانم بێدەنگی شکاند:

– دەڵێی چێ؟!

– جا بڵێم چێ؟

– بڵێ بزانم ڕازی؟

– هەر نەبێ یەکێک لە ئێمە ئاسوودە دەبێ.

– کوڕە مانگانە چوارسەد تمەن ماجب وەردەگرێ.



– دەزانم.

– وەک گوڵ ئاگای لە کچەکەمان دەبێ.

– دەزانم.

– دەیانەوێ ماڵ دروست بکەن.

– لە کوێ؟

– لەو لای حەوشەکەیان.

– جێگای چاکە.

– کوڕە سێ سەد تمەنی پووڵی نەغد هەیە.

– زۆر چاکە!

– قودرەت دەیەوێ گۆوەند بگێڕێ. شایەر دێنێ.

– کێ ئەوانەی بەتۆ گوت!؟

– دایکی، سوڵتان خانم گوتی.

– دەیجا مەعسووم بۆ خۆی دەڵێ چی؟

– ئەگەر دایک و باوک ڕازی بن کچە غەڵەت دەکا قسان بکا.

سەیفوڵڵا ناڕەحەت بوو:

– حافرەت ئەوە دەڵێی چێ. خۆ ئێمە زەماوەند ناکەین؟ شەرتی ئەوەڵ ڕەزامەندی کچەیە، هەمە و نیمە ئەو تاقە کچەیە لە چاوی خۆم خۆشتر دەوێ.

سەیفوڵڵا لەبەر ناڕەحەتی قسەکەی بۆ تەواو نەبوو. بەقسەکەی خۆی پێکەنینی دەهات: "عەجەب نووری چاوێک کە تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت ژەمێک منداڵەکەی تێر بکا و داخی ئاواتی جووتێک گۆرەوی و ژێرکراسی نایلۆنی نووری چاوی هەر لە دڵدایە!" سەیفوڵڵا لە حەسرەتان کوڵی گریانی لە ئەوکی مابوو زۆر بەزەحمەت خۆی بۆ ڕاگیرا و گوتی:

– هەموو نارەحەتیێکم قبووڵ کرد، بەهەزاران خوازبێنیکەرم جواب کرد کە دەیانەویست بەپارە کچەکەم لێبکڕن. هەر ئەم مەشەدی هادییە حازرە ماڵێکیش بۆ ئێمە بکڕێ بەڵام لە دڵم نەبۆتەوە کچەکەم بەدبەخت بێ. ئەم هەموو بەدبەختی و چارەڕەشییەم قبووڵ کرد گوتم، ئەگەر کچە لە لای من خێروخۆشی نەدیوە لانی کەم با بەدڵی خۆی مێرد بکا و خۆشی لە ژیانی ببینێ.

بالاخانم بەزەیی بەمێردەکەیدا هات، بەئانیشک لە خاڵیگەی دا و بەپێکەنینەوە گوتی:

– وەدوای چووان مەکەوە. قودرەت ئەو کەسەیە کە کچە پێی ڕازییە.

– ئەگەر مەعسووم ڕازی بێ ئەمنیش قسەیەکم نییە.

– ئەمن قسەم لەگەڵ کردووە. زۆری پێ خۆشە.

– ڕاست دەکەی؟ مەعسووم بۆ خۆی گوتی؟

– بەڵێ. خۆ درۆت لەگەڵ ناکەم.

– زۆر چاکە. مبارەکە ئیشائەڵڵا. هەرتک بێدەنگ بوون. دوای ماوەیەکی کورت بالاخانم بێدەنگییەکەی شکاند:

– دەزانی دەڵێم چێ؟

– ها... ا... ا... ە...؟

– خۆزگە کوڕەکانیشمان کچ دەبوون!

سەیفوڵڵا جوابی نەداوە. شەعبان لە دەرێ دەگریا و لە بەهانە دەگەڕا بێتەوە ژوور، بالاخانم گوتی:

– ئەوە من دەچم ئەم منداڵە ژێر دەکەمەوە و دۆکلێو لێ دەنێم. بۆ خۆت دەگەڵ مەعسووم قسە بکە و بیدوێنە.

ژنە وەدەر کەوت و کچەکەی بانگ کرد:



– ڕۆڵە بچوو بزانە باوکت چ کارێکی هەیە.

مەعسووم خورپەی وەدڵی کەوت، نەکا باوکم لە بارەی ئەم مەسەلەوە قسە بکا؟ زۆر بەترس و لەرزەوە چووە ژوور:

– بەڵێ، بابە دەڵێی چی؟!

– دانیشە کچم کارم پێتە.

مەعسووم لە حاڵێکداسەرتاپای دەلەرزی ڕووبەڕووی باوکی دانیشت، سەیفوڵڵا پرسی:

– ئەتۆ ڕازی بەم کارە؟!

مەعسووم لە حاڵێکدا سەری بەردابۆوە و چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد بەدەنگێکی لەرزۆک جوابی داوە:

– بەڵێ. ڕازیم.

– ڕۆڵە گیان ئەتۆ ئیدی منداڵ نی. حەڤدە ساڵتە. بەچاکی فکری خۆت بکەوە، ئەمن زۆرم زەحمەت بۆ ئێوە کێشاوە، پێم خۆشە بەختەوەر بن. خێرو خۆشیت لە ماڵە باوکت نەدیوە، هیوادارم لە ماڵە مێردەکەت خۆش بەخت بی. مەعسووم فرمێسکی بەچاوەکانیدا هاتە خوار و جوابی داوە:

– سپاس بابە.

سەیفوڵڵا کە قەت نەگریابوو بێ ئیختیار و بەکوڵ دەستی کرد بەگریانێک مەپرسە! مەعسووم پرسی:

– بابە بۆ دەگریێ. ئەگەر ئێوە ڕازی نەبن منیش ڕازی نابم.

سەیفوڵڵا کچەکەی لە ئامێز گرت و قژەکانی ماچ کرد.

– نا کچم من لەبەر خۆم ناگریم، لەبەر ئەوەی دەگریم کە لە ماوەی ئەم حەڤدە ساڵەدا تەنانەت نەمتوانیوە بۆ ڕۆژێکیش ئەرکی باوکانەم بەجێ بێنم. ئێستاش مەجبوورم بەدەستی خاڵی بتنێرمە ماڵە مێرد. هەموو دایک

و باوکێک پێیان خۆشە جەیاز بۆ کچەکانیان پێکەوەبنێن. زەماوەندیان بۆ بکەن. بەڵام بەداخەوە ئێمە چمان لە دەست نایە؟!

مەعسووم زۆر بەزەحمەت خۆی بۆ ڕاگیرا و جوابی داوە:

– نارەحەت مەبە بابە. قودرەت لەم پیاوانە نییە کە چاوی لە سەروەت و جەیاز بێ!

– ڕاستە ڕۆڵە. ڕەنگە قودرەت لەمەش تێگەیشتووتر بێ. ئەوە داب و نەریتی دنیایە، قەدیمی گوتوویانە: "دۆکلێوی بێ پیواز و بووکی بێ جەیاز وەک یەک بێتامن!" ئاخ. ڕووی دنیا و فەقیری ڕەش بێ کە هەمیشە بوونە هۆی شەرمەزاری ئێمە. ئێمە جگە لە دەسکورتی هیچ گوناحێکی دیکەمان نییە، لانی کەم تۆ بڕۆ خۆت لەم ماڵە کە هەژاری و چارەڕشی لێدەبارێ نەجات بدە.

فرمێسک وەک باران بەسەر ڕوومەتی سەیفوڵڵادا هاتە خوار. مەعسووم بەدەستە ناسک و سپییەکانی فرمێسکی باوکی پاک کردەوە گوتی:

– مەگری بابە. خوا زۆر بەڕوحمە.

سەیفوڵڵا بەگوێ لێ بوونی ناوی خوا وەک ئاو بەئاوردا کرێ ئارام بۆوە. دەستی بەقژی کچەکەیدا هێنا و لاواندییەوە:

– خوا خێرت وەرێ بێنێ و بەختەوەری دنیا و ئاخیرەت بی.

مەعسووم دەستی باوکی ماچ کرد و هەستا بڕوا، سەیفوڵڵا پێی گوت:

– ڕۆڵە گیان ئەم قسانە بۆ دایکت مەگێڕەوە.

– نا. بابە خاترجەم بە.

کاتێک مەعسووم ڕۆیشت، سەیفوڵڵا دیسانیش دەستی کرد بەگریان. ڕەجەب کە لە کەلێنی دەرگاوە تەماشای باوکی دەکرد بەغار چووە لای دایکی و گوتی:



– دایە. باوکم خەریکە دەگری.

باڵاخانم جوابی نەداوە، چونکە دەیزانی کە مێردەکەی لە بەر ئێش و دەردی نەداری و دەسکورتی دەروونی ئاگری گرتووە و نەیدەویست ئەم دیمەنانەی چاو پێ بکەوێ و نەگری و نەناڵێنێ. لەم دنیایەدا هیچ خەم و دەردێک ناگاتە گریانی ئەم کەسانەی لەبەر برسییەتی دەگرین.

شەوێ جەعفەر ئاغا و خێزانی لێیان میوان بوون. باڵاخانم تا بەر دەرگا بەپیر میوانەکانەوە چوو، سەیفوڵڵاش لە ژوورێ هاتە دەر. ژنەکان دەستی یەکتریان گرت و سڵاوەتیان لێدا "اللهم صل علی محمد وآل محمد" لە پاشان دەستیان بەسەر و چاوان دا هێنا. پیاوەکانیش دەستیان لە نێو دەستی یەک نا و چوونە ژوور.

دۆشەگی منداڵەکانیان بۆ ڕاخستبوون، سەیفوڵڵا بەدەست دۆشەگەکانی نیشان دا و گوتی:

– جەعفەر ئاغا تۆ خوا لێرە دانیشە. جەعفەر ئاغای داشقەچی و خێزانی لەسەر دۆشگ دانیشتن و سەرلەنوێ چاک و خۆشی دەستی پێکردەوە:

– دەی باس و خەبەر چییە؟

جەعفەر ئاغا ئاوی لووتی بەدەسرۆکەکەی خاوێن کردەوە و جوابی داوە:

– هە... هە... ی... ی خراپ نین، تەنیا ئەم لاق ئێشە لەعنەتییە دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە. سێ ساڵی تەواوە ئەم لاق ئێشەیەم لەگەڵە و هەر کە هەوای سارد کرد لێم وەژان دەکەوێ. هەموو ساڵێ دوو سێ ڕۆژان دەچمە شاری قەزوێن، گەرماوێکی لێیە، بۆ لاق ئێشە یەکاویەکە. ئەمساڵ ئەویشم بۆ نەکرا.

سەیفوڵڵا پرسی:

– لەبەرچی بۆت نەکرا؟

جەعفەر ئاغا دەستی بۆ خێزانی ڕاداشت:

– خانم ڕازی نەبوو پووڵەکان خەرج کەین.

سوڵتان خانمی خێزانی جەعفەر ئاغا بەم دەنگە زلەی خۆیەوە قسەی مێردەکەی بڕی:

– پیاوەکە دیسان دەستت پێکرد:

جەعفەر ئاغا بەپێکەنین جوابی داوە:

– درۆ دەکەم؟ نەتگوت دەبێ پووڵەکان بۆ زەماوەندی کوڕەکە کۆ کەینەوە؟!

– خۆ خراپم نەگوتووە؟! منداڵەکانیش بەشیان پێوەیە. ئێمە نابێ بچینە گەرماو پووڵەکانمان خەرج بکەین، خۆ گیانی تۆ لە گیانی باب و باپیرانی ئێمە زیاتر نییە؟! کەی ئەوان ئەم خەرجە بێ جێیانەیان کردووە؟ کەمێکیان نەوت لە پشت و ڕانیان دەدا و لەبەر تاو خۆیان هەڵدەخست و دەبڕاوە.

سوڵتان خانم بۆ ئەوەی قسەکە بگۆڕێ پرسی:

– منداڵەکان لە کوێن؟

باڵاخانم بەپێکەنین وەڵامی داوە:

– لە دەرێ لە لای خوشکیان دانیشتوون.

– سەرمایان نەبێ؟

– نەخێر سەرمایان نابێ یاری دەکەن.

سەیفوڵڵا بۆ جێژنی نیشانە کردنی کچەکەی پاکەتێکی سیغار کڕیبوو. ئەوە هەوەڵین جار بوو لەسەر یەک پاکەتێکی سیغار دەکڕی. بەپۆز و ئیفادە و خۆشحاڵییەکی تایبەت پاکەتە سیغارەکەی لە گیرفان هێنادەر و سەرەکەی کردەوە، بەپتە لە بنی دا و جگەرەیەکی هێنادەر.

سەیفوڵڵا بەستە سیغارەکەی بۆ جەعفەر ئاغا ڕاگرت، جگەرەیەکیشی بۆ



خۆی داگیرساند، جەعفەر ئاغا داهاتەوە و جگەرەکەی بەئاوری سەیفوڵڵا هەڵکرد. سەیفوڵڵا لە پاشان مژێکی لە جگەرەکەی دا، دوکەڵی بەکونە لووتیدا هێنادەر و گوتی:

– شەوی ڕابردوو بارانێکی زۆر باری، بانی سەربانەکەمان ئاوی پێوە بەند نەدەبوو، باوەڕ دەکەی دەگەڵ دەرێ فەرقی نەبوو، لەبەر دڵۆپە جێگای ساغمان نەمابوو!

باڵاخانم کە پێی خۆش نەبوو لە بەرامبەر میوانەکان دا خۆ بشکێنێ قسەی مێردەکەی بەدڵ نەبوو و گوتی:

– خەتای خۆتە! ئەگەر کەمێکت میو کڕیبا و کونی تەنەکەکانت پێ گرتبایە یەجگار وای لێ نەدەهات، سەیفوڵڵا پێکەنی:

– ئاخر ئافرەت بەم ڕۆژە گەرمانەی هاوین کوا ئەم تەنەکە داغانە میو ڕادەگرن؟!

جەعفەر ئاغا نێوبژی کرد و گوتی:

– لەم قسانە گەڕێن. ئەمشەو وەختی گلەیی نییە.

لەم قسانەدا بوون کە مەعسووم بەدوو ئیستیکان چاوە هاتە ژوور. ئیستیکانەکانی لەسەر کەشەفێکی کۆنی ژەنگاوی دانابوو. چایەکی لە پێش جەعفەر ئاغا و یەکیشی لە پێش سوڵتان خانم دانا. لە پاشان چۆکی دادا و دەستی هەردووکیانی ماچ کرد.

سوڵتان خانمیش ڕوومەتی بووکی ماچ کرد و گوتی:

– بەبەختی چاک بی کچم.

سەیفوڵڵا کە زۆر شاد و خوشحاڵ بوو لە خۆشیان لە بیری چووبۆوە کە تەنیا دوو ئیستیکان و ژێر پیاڵەیەکیان هەیە گوتی:

– ڕۆڵە. بۆ چات بۆ من نەهێنا؟ خێراکە بچوو چای منیش بێنە.

بالآخانم لە داخی کەمتەرخەمی مێردەکەی دەتگوت شێت بوو لێی مۆن بۆوە و وریای کردەوە، سەیفوڵڵا بۆ ئەوە تۆڵەی ئەم هەڵەیە بکاتەوە گوتی:

– پەلە مەکە با چایەکەی من سارد بێتەوە. ئەمن چای گەرمم پێ خۆش نییە!!

مەعسووم ئارەقەی کرد و سەری بادا و لەبەر خۆیەوە گوتی: "بەسەرچاو" و چووە دەر.

سەیفوڵڵا کە دەستەپاچە ببوو دەستی درێژ کرد و سێ کڵۆی قەند لە قەندانەکە هەڵگرت و لە ئیستیکانەکەی جەعفەر ئاغای هاویشت:

– دەشیرنیکە ماڵتە دەڵێی دڵت نایە. ئەمشەو دەبێ چای شیرین بخۆیەوە! جەعفەر ئاغا پێکەنی:

– قەندم تێهاویشتووە براله. بەسە.

ماوەیەک بێدەنگ بوون و میوانەکان قومێکیان لە چایەکەیان خواردەوە و جەعفەر ئاغا دەیەویست مەسەلەکە بدرکێنێ کە لە نەکاو دەرگا کراوە، شەعبان بەگریان وەژوور کەوت و گوتی:

– دایە ئەدی ئەمن چا. دادم دەڵێ ڕاوەستێ ئیستیکانمان نییە.

بالآخانم لە شەرمان سوور هەڵگەڕا. ئارەقەیەکی سارد بەلەشیدا هاتەخوار. ددانی ئەوەندە توند داگرت خوێنی پێدا هاتە خوار. لە حەیبەتان کوڵی گریان دایگرت.

جەعفەر ئاغا چایەکەی کردە دوو قوم و ئیستیکانەکەی دا بەشەعبان و گوتی:

– بڕۆ بیدە بەخوشکت چات بۆ تێکا.

بالآخانم دەگەڵ شەعبان وەدەر کەوت. کاتێک چوونە دەر گوێی گرت و کێشای:



– هەتیوە قۆشمەیە دەمردی دەقیقەیەک ڕاوەستابای؟

مەعسووم لە پشت دیوار ڕاوەستابوو زۆڕ زۆڕ دەگریا کە چاوی بەدایکی کەوت بە ڕق هەستاوی گوتی:

– دە جارم گوت کەمێک ڕاوەستە گوێی نەدامێ.

بالآخانم دەستی بەقژی کچەکەی داهێنا و دڵخۆشی داوە:

– هیچ نەبووە ڕۆڵە خۆت نارەحەت مەکە. ئەم گەڕەکەی ئێمە چل ماڵە هەموومان یەکتر دەناسین و دەزانین کێ چەند ئیستیکانی هەیە، ئەم شتانە عەیب نین. کچ دەبێ داوێن پاک و بەشەرم و حەیا بێ، هەر کچێک خاوەنی ئەم ئاکارانە بێ بەختەوەری دنیا و ئاخیرەتە.

شەعبان لە ترسان چووبوو لە پشت دەرگا ڕاوەستا بوو دەگریا، بالآخانم چوو کوڕەکەی لاواندەوە. دەستی بەسەر و چاویدا هێنا و هێنایەوە حەوشە. وەبیری هاتەوە کە نزیکەی پێنج مانگە منداڵەکانی چایان نەخواردۆتەوە. ڕەنگە لەم ماوەدا تامی چاشیان لە بیر نەمابێ. "ئایا ئەم حەقەی هەبوو لە منداڵەکەی بدا؟!" منداڵ، نییە و شەرمە و ئەو جۆرە شتانە نازانێ.

بالآخانم شەعبانی هێناوە بەر دەرگا و بەخۆشەویستی تایبەتی دایکانە ماچی کرد و گوتی:

– ئەوە خوشکت چای تێدەکا، ئیجازە بدە لەبەر خاتری میوانەکان لە پێشدا باوکت چایەک بخواتەوە لە پاشان بۆ تۆش تێدەکا!

شەعبان بەلەقاندنی سەری ڕەزایەتی دا: "چاکە." بالآخانم سەری لەسەر ڕانی خۆی دانا، برێکی بەقوربان و سەدەقە بوو، لە پاشان فرمێسکی چاوی بەقۆڵی کراسەکەی خاوێن کردەوە، ڕووی نەداری و دەسکورتی ڕەش بێ ئەگینا هیچ دایکێک دڵی بڕوا نادا منداڵی بەبرسییەتی و ملکەچی و چاو بەفرمێسک ببینێ.

هەر ئەندازەش لە دەست منداڵەکەی تووڕە و نارەحەت بێ، هەر خۆشی

دەوێ. بەتایبەت کە منداڵەکەی هەقی بەدەستە و هەر منداڵێکی دیکە بایە کەتری چایەکەی دەست دەدایە و بینی پێوە دەنا!

کاتێک باڵاخانم گەڕاوە ژوور، سەیفوڵڵا و جەعفەر ئاغا باسی گرانی و بەرێچوونی ژیانیان دەکرد:

– جەعفەر ئاغا بەڕاستی بەرێچوون دژوار و سەختە.

– ڕاست دەکەیێ. خەرج گرانە. ئەویش بۆ کەسێک سێ چوار منداڵی چووکی هەبێ.

– بەڵێ جەعفەر ئاغا. بەزیادم نەکرد فەقیری، مرۆی فەقیر وەک سەگ لە بەیانیڕا تا شەو بەم لا و ئەولادا هەڵدەسووڕێ کەچی شەو بەدەستی بەتاڵ دێتەوە ماڵ. دەوڵەمەندەکان لەبەر گەشت و سەیران و خۆش گوزەرانی فریای ماڵ و مناڵ ناکەون و لە ماوەی پازدە ساڵدا تەنیا یەک یام دوو مناڵیان دەبێ! بەڵام فەقیرەکان بەپێچەوانە! لە قەدیمەوە گوتوویانە: "هەرزانترین خۆشی و سەیرانی فەقیر منداڵ دروست کردنە!" سەلمانی حەمباڵ دەناسی؟ خێزانیساڵبوێری نییە، ئەوە بیست ساڵە لەو گەڕەکەم بەئاواتەوە بووم جارێک تووشی بم و زگی لە ژێلڵا نەهاتبێ! ماوەیەک لە مەوبەر بەسەلمانم گوت: کوڕی چاک چ باسە ئەم هەموو منداڵە چ لێدەکەی؟ دەزانی چی جواب داوە:

" گوتی چ بکەم. خۆ لە حەمباڵی هیچم وەگیر ناکەوێ. وردە وردە بێتاقەت دەبم و کارم پێ ناکرێ داهاتووشم تاریکە، ئەو منداڵانە بۆیە دروست دەکەم لە دەورانی پیریدا بینە گۆچانی دەستم!"

جەعفەر ئاغا بەنیشانەی ئەوەی کە ڕاست دەکا سەری بادا:

– ڕاست دەکا، دیارە پیاوێکی تێگەیشتووە!

خێزانی جەعفەر ئاغا جوابەجەنگی مێردەکەی کرد:

– کوێی تێگەیشتووە؟! پێت وایە دەور و زەمانەیەکی خۆشە و



هەرزانییە، هەر چی پەیدای بکا دەبێ لە زاری منداڵەکانی باوێ.

سەیفوڵڵا قاقایەکی دوور و درێژی لێدا:

– نەخێر وا نییە خوشکم، سەلمان خۆی مشکلۆزمەی زگی ناکا و هێندە خاو نەپێچراوەتەوە! بەنێوی منداڵەکان لە حەوتوودا یەک دوو کیلۆ شیری وشک لە دەوڵەت وەردەگرێ و لەرێوە دەیبا دەیدا بە بەستەنی فرۆشان.

لەم وەختەدا جەعفەر ئاغا گەڕاوە لای خێزانی و گوتی:

– حافرەت چاوت لێکردووە خەڵک چلۆن پووڵی پەیدا دەکەن؟ دەبێ ئاوا پووڵی پەیدا بکەی ها!!

سەیفوڵڵا پێکەنی:

– برالە قسەیەکی وابکە باوەڕت پێبکەن؟ مرۆڤ- بەم کارانە پووڵدار نابێ هەر کەس گوتی لە زاری خۆم گێڕاوەتەوە و پووڵم وەسەر یەک ناوە، باوەڕ مەکە شاعیر گوتوویەتی:

ئەو کەسەی زیادە لە حەد پووڵدارە بۆ وی نەباریوە لە هەوران دیارە
پارە زۆر نابێ لە ڕێی کەسپی حەڵاڵ باوکی یا خۆی بووە دزی ئەو پارە

جەعفەر ئاغا و ژنەکەی قسەکانی سەیفوڵڵایان پەسند کرد: "هەق بەتۆیە!"

لە پاشان هەموویان بێدەنگ بوون هەر کەس لە بیری خۆیدا بوو جەعفەر ئاغا سێ ساڵ کاری سەخت و دژواری خۆی وەبیر کەوتەوە کە بۆ پاروە نانێک، شەوی دەما دەچوو سەر کار و شەو تاریک دەبوو دەگەڕاوە ماڵ. لەسەر ئەم حاڵەش ڕا هەمیشە هەشتی لە گرەوی نۆدا بوو هەتا چوارشایی پەیدا دەکرد، یا ئەسپەکەی دەمرد یام داشقەکەی دەشکا! بەقسەی خێزانی ئێستاش کراسەکەی نەبوو بە دوو.

خێزانی جەعفەر ئاغا کە لە حەیفی ئەم بێدەنگییە سەری لێ شێوابوو بەئانقەست کۆخی و گوتی:

- دا تۆخوا لەم قسانە گەڕێن. ئەمشەو جێگای ئەم قسە و باسە نییە.

جەعفەر ئاغا بەشوێن قسەی ژنەکەیدا گوتی:

- ڕاست دەکا. ئێمە ئەمشەو لەگەڵ دایکی ئاغا مستەفا لەبەر کاری خێر هاتووین.

سەیفوڵڵا و خێزانی پێکەنین: "خێر بێ ئینشاڵڵا."

جەعفەر ئاغا کەمێک مات بوو. دەتگوت لە وشەیەک دەگەڕێ کە دەگەڵ کوڕەکە یەکتر بگرێتەوە، ژنی جەعفەر ئاغا کۆتایی بەبێدەنگییەکە هێنا:

- پیاوەکە بۆ شەرم دەکەی قسەیەک بکە، لە قەدیمەوە گوتوویانە کاری خێر نابێ لێی ڕاوەستی. جەعفەر ئاغا گەرووی ساف کرد و گوتی:

- ڕاست دەکەی. بەپێی داب و نەریتی ئیسلام و شەرعی پێغەمبەر، دروودی خوای لێ بێ لە لایەن کوڕەکەمان قودرەت ئاغاوە هاتووین بۆ خوازبێنی کچەکەتان مەعسووم خانم.

وا دیار بوو جەعفەر ئاغا بەم نوتقە و بەیان کردنی ئەو وشە بێ سەروبەرانە تەواو ماندو ببوو.

کەمێک ڕاوەستا و هەناسێکی کێشا و درێژەی پێدا:

- قودرەتی ئێمە کە چاک دەناس. زۆر داوێن پاک و نەجیبە، وەک کچەکەی ئێوە دەچێ! تاکوو ئەمڕۆ بەچاوی غەیان چاوی لە هیچ ژن و کچێک نەکردووە.

خێزانی جەعفەر ئاغا قسەی مێردەکەی بڕی و گوتی:

- بەپێچەوانەی باوکی!

هەر چواریان بەم قسە خۆشە پێکەنین و جەعفەر ئاغا بەخێزانی گوت:

- مشکلۆزمەم بی حافرەت ئەگەر درۆ بکەی.

خێزانی جەعفەر ئاغا چارشێوەکەی بەسەر خۆی دادا و جوابی داوە:



- جەفەنگم لێدا. دڵت نەیەشێ.

جەعفەر ئاغا درێژەی بەقسەکەی دا:

- ئەلحەمدولیللا ماجبی چاکیش وەردەگرێ، نیگەران مەبەن وەک گوڵ ئاگای لە کچەکەتان دەبێ.

جەعفەر ئاغا مات بوو. خێزانی لە باڵاخانم پرسی:

- دەی خوشکێ دەڵێی چی؟

باڵاخانم بەپێکەنین وەڵامی داوە:

- بابی دەزانێ.

سەیفوڵڵا وەک کەسێک کە بیەوێ لە بارەی مەسەلەیەکی گرینگ دا تەما بگرێ دەستی بەنێوچاوان و ڕوومەتیدا هێنا و سەری ڕێک و پێک کرد و بەدەنگێکی نەرم گوتی:

- مبارەکە ئیشاڵڵا.

جەعفەر ئاغا و خێزانی زۆریان پێ خۆش بوو، گوتیان:

- خوایە پێکیان بێڵی و بەپێی یەک پیربن.

باڵاخانمیش گوتی:

- ئامین.

خێزانی جەعفەر ئاغا قودووە شیرنی لە بن چارشێوەکەی هێنادەر، بیسمیللای کرد و لە پێش سەیفوڵڵای ڕاگرت:

- فەرموون زارتان شیرن کەن.

سەیفوڵڵا و خێزانی نێوی خوایان هێنا و یەکی دەنکێکیان شیرنی نایە زاریان. جەعفەر ئاغا و خێزانیشی زاریان شیرن کرد، لە پاشان شیرنییەکەیان لە پێش باڵاخانم دانا:

- بانگی منداڵەکانیش کەن با بێن شیرنی خوشکیان بخۆن.

بالاخانم لەمە دەترسا ئەگەر منالەکان بێنە ژوور بەدفەڕی بکەن و
خەجالەتیان کەنەوە، مەعسوومی بانگ کرد چوار دەنکی شیرنی دایە بچێ
لە منداڵەکانی بەش کا. کاتێک مەعسووم چووە دەر و دەرگاکەی پێوەدا،
جەعفەر ئاغا باسی خوازبێنییەکەی دەست پێکردەوە:

– براله مەشەدی سەیفوڵڵا. دیارە ئێوە پیاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوون، ئاگاتان لە دنیا هەیە کە بەرێچوونی ڕۆژ بەڕۆژ سەختتر دەبێ، موخارجیش هەروا دەچتە سەر و زۆرم بەم کوڕە گوتووە خەرجی لە خۆڕا نەکا و قەدری پوولەکانی بزانێ. گوتم: " خەرج و مەخاریجی زەماوەندەکە بەئەستۆی من. ئەتۆ بەپوولەکەت دیوێک ساز کە" بەلام قبوولی ناکا و دەلێ دەبێ زەماوەندەکە بێ کەم و کوڕی بێ و بەزم ساز دەکەین و شایەر دێنین. ئێوە دەڵێن چێ؟

سەیفوڵڵا جوابی داوە:

– بۆ خۆتان دەزانن. ئیختیاری ئێمەش بەتۆیە. چۆنت پێ چاکە وا بکە.

خێزانی جەعفەر ئاغا بەشێوەیەک کە بۆنی گلەیی لێدەهات گوتی:

– مەشەدی سەیفوڵڵا. هەموو کارەکان مەخەنە ئەستۆی ئێمە. ئێوە دەبێ بۆ بەڕێوە بردنی کاروبارەکان یاریدەمان بدەن. ئاسوودەیی قودرەت و مەعسووم ئاسوودەیی هەموومانە. بەر لە هەر شتێک بووک و زاوا دەبێ دیوێک دروست کەن. خۆ ناکرێ هەموومان لە دیوێک دا بخەوین؟!

سەیفوڵڵا بەسەر قسەی خێزانی جەعفەر ئاغای قبووڵ کرد:

– ڕاست دەکەی. بووک و زاوا دەبێ ماڵ و جێگای جودایان هەبێ.

جەعفەر ئاغا گوتی:

– ماڵ و دیو بەقسە دروست نابێ دەبێ هەموومان دەست بدەینە دەستی یەک.

سەیفوڵڵاجوابی داوە:



– ئێمەش یارمەتی دەکەین. قودرەتیش وەک کوڕی خۆمانە.

جەعفەر ئاغا گەرووی خاوێن کردەوە و گوتی:

– دارەمێوێکمان لە حەوشەدایە دەیبڕین و لە جێگای وی بەدوو سێ ڕۆژان دیوێک ساز دەکەین. ئێوە تەنیا ئەوە بەقودرەت بلێن کە لە خۆڕا پوولەکانی خەرج نەکا و دەست لە شایەر و هەلپەرکێ و. هەلگرێ.

– چاکە جەعفەر ئاغا. بەسەر چاو، لەم دەور و زەمانەدا مرۆ نابێ پوولی خۆی لە خۆڕا خەرج بکا.

خێزانی جەعفەر ئاغا گوتی:

– خوا بۆ ئێمەت بپارێزێ و دەست دە عەمرت گرێ.

سەیفوڵڵا کچەکەی بانگ کرد. مەعسووم کە لە شەرمان سوور هەلگەڕا بوو، ئارەقەی کردبوو هاتە ژوور و سەیفوڵڵا گوتی:

– کچم بڕۆ دەستی جەعفەر ئاغا و خێزانی ماچ کە. لەمەو بەدوا دایک و باوکت ئەوانن.

کاتێک مەعسووم وەک کاریلەیەکی دەستەمۆ لە پێش خەزوور و خەسووی لەسەر چۆک دانیشت دەستیان ماچ کا. فرمێسکی خۆشحالی بەچاوی سەیفوڵڵا و خێزانیدا هاتەخوار. سەیفوڵڵا خۆی بۆ ڕانەگیرا و دەستی کرد بەگریان، بالاخانم و خێزانی جەعفەر ئاغاش کە چاویان بەم دیمەنە کەوت خۆیان بۆ ڕانەگیرا و گریان. بووکیش کولی گریان دایگرت. جەعفەر ئاغاش ئەم دیمەنە شوێنی لەسەر دانابوو بەلام بۆ دلدانەوەی ئەوانی دیکە بەو دەنگە گەورەی خۆی گوتی:

– بۆ وادەکەن بابم ؟ لەبەرچی دەگرین؟ خۆ سەرەخۆشی و پرسە نییە ؟!

دەنگی گریانەکان بڕا، فرمێسکەکانیان پاک کردەوە، بەلام سەیفوڵڵا خۆی بۆ ڕانەگیرا چووە دەر، منداڵەکانی لە ئامێز گرت و ماچی کردن.

شەعبان کە هەروا ئیستیکانە چایەکەی بەدەستەوە بوو دڵی نەدەهات لەسەر یەک بیخواتەوە و هەر جار قومێکی لێدەدا، ئیستیکانەکەی بۆ باوکی ڕاگرت و پرسی:

– بابە بۆ چای دەگری؟ ها بخۆوە. مەگری!

سەیفوڵڵا فرمێسکەکانی پاک کردەوە و کوڕەکەی ماچ کرد:

– نا ڕۆڵە گیان چای ناخۆمەوە. لەم کاتەدا دەنگی زلی جەعفەر ئاغا لە ژووریڕا بەرز بۆوە:

– مەشەدی سەیفوڵڵا خەریکین دەڕۆین.

سەیفوڵڵا لە حاڵێکدا زۆر ناڕەحەت بوو جوابی داوە: ئەوە هاتم.

جەعفەر ئاغا پرسی:

– ئەتۆ بۆ دەگری؟

– بەزەییم بەکچەکەم دادێ.

جەعفەر ئاغا گوتی:

– خۆ کچەکەت هیچی لێ نەهاتووە. بەڵێنیت پێدەدەم ژیانی وی زۆر لە ژیانی ئێمە چاکتر دەبێ.

– دەزانم. ئەمن لەبەر ئەوە دەگریم کە نەمتوانییوە لە بەرابەر کچەکەم دا ئەرکی بابەتی بەجێ بێنم. لە سەرەتای منداڵییەوە تا ئەمڕۆ نەحەساوەتەوە.

– لەسەرەخۆبە براله. قودرەت کچەکەت بەختەوەر دەکا. هەر چی بیەوێ بێ قسەی ناکا.

– دەزانم براله گیان. قودرەت زۆر کوڕێکی چاکە. بەڵام مێرد هەر ئەندازە چاکیش بێ جێگای باوک و دایک ناگرێتەوە.

جەعفەر ئاغا دەیەویست قسەیەک بکا کە باڵاخانم گوتی:



– جەعفەر ئاغا ئێوە هێشتا بە چاکی مەشەدی سەیفوڵڵاتان نەناسیوە. لەم دنیایەدا هیچ باوکێک بەئەندازەی مەشەدی سەیفوڵڵا بۆ منداڵەکانی ناسووتێ. خوا ڕوحمی کردووە دەوڵەمەند نییە ئەگینا وای لێدەکردن کە سواری سەری بن.

خێزانی جەعفەر ئاغا چارشێوەکەی ڕێک و پێک کرد و جوابی داوە:

– هەموو باوکێک منداڵەکانی خۆیان خۆش دەوێ. بەڵام هەموو شتێک ئەندازەی هەیە.

جەعفەر ئاغا بۆ ئەوەی ئەم باسە بگۆڕێ گوتی:

– لە خودام تەڵەبە هەموو لایەک عاقیبەت بەخێر بین و ئینشاڵڵا ئێوەش خێر لە منداڵەکانتان ببین.

سەیفوڵڵا زۆر بەزەحمەت پێشی گریانەکەی گرت و جوابی داوە:

– ئینشاڵڵا بووک و زاواش عومرێکی دوور و درێژ پێکەوە بژین.

هەموو لایەک وێکڕا گوتیان "ئامین خوا لە زارت بڕوانێ". دوای ماوەیەک بێدەنگی سوڵتان خانمی خێزانی جەعفەر ئاغا پرسی:

– دەی مەشەدی سەیفوڵڵا ئێوە چتان دەوێ؟

سەیفوڵڵا لەسەرەخۆ دانەدانە جوابی داوە:

– سلامەتی ئێوە. ئاسوودەیی کچەکەمان دەوێ و هیچی تر.

– لەم هەموو دڵاوایەی تۆ سپاسگوزارین! بەڵام پێشینیایان گوتوویانە: "نانی بێ هەوێر ترشی فەتیرە و هەڵنایە!" زەماوەندیش بێ خەرج نابێ.

باڵاخانم لەبری مێردەکەی جوابی داوە:

– بەخوا خوشکم پێشینیان ئەوەشیان گوتووە:

"چ جنسێکی گران قیمەت، چ دەنکێ پەموانە، لە لای دۆستانەوە بۆت بێ پەسندە تا بڵێی جوانە."

جەعفەر ئاغا کاتێک تەماشای کرد ژنەکان بەمجۆرە قسانە وەخت ڕادەبوێرن هەڵیدایە:

– دووهەزار تمەن مارەیی بووکمان قبووڵە. جیازی بووکیش خاولییەکی حەمام و دەستێک جلک بۆ زاوا. یەکی کراسێکیش بۆ دایک و باوکی زاوا و هیچی تر، نامانەوێ تووشی خەرجی زیادی بن. ئێمە لە سبەینێرا دەست دەکەین بەکار و وەتاغێکیان بۆ دروست دەکەین و خۆ ئامادە دەکەین بۆ ڕۆژی مارە کردن .

جەعفەر ئاغا هەستا و ژنەکان و سەیفوڵڵا بەدوای ویدا هەستان. سوڵتان خانم گوتی:

– خودا وەخێری گێڕێ و مبارەک بێ.

جەعفەر ئاغا هەتا بەر دەرگا ڕۆیشت و گەڕاوە و گوتی:

– لە سبەینێرا دەست پێدەکەم؛ کەرەسەکەی لە پێشدا ئامادە دەکەم و ئینشاڵڵا بەشەو تەواوی دەکەین و گێچی بۆ لە وەتاغەکەش دەدەین.

سەیفوڵڵا وەڵامی داوە:

– ئینشاڵڵا جێبەجێ دەبێ.

میوانەکان لە بەر دەرگا خوداحافیزیان کرد. مەعسووم کە لە شەرمان ئارەقەی کردبوو سەری هەڵنەدەهات، داهاتەوە و دەستی باوک و دایکی مێردەکەی ماچ کرد. جەعفەر ئاغا وەپێش خێزانی کەوت و بەخۆشحاڵییەوە ڕۆیشتنەوە.

سەیفوڵڵا و مەعسووم تا بەر دەرگا بەرێیان کردن. هەر کە میوانەکان ڕۆیشتن شەعبان کە لە سەرمان هەڵدەلەرزی هاتەوە ژوور و بەپچڕپچڕ گوتی:

– ئۆ...هو...ی...ی دایە. ڕەق هەڵاتم.



باڵاخانم منداڵەکەی لە ئامێز گرت و ماچی کرد و گوتی:

– ئێستا جێگات بۆ ڕادەخەم. تێخزێی گەرم دادێی.

باڵاخانم دۆشەگی منداڵەکانی ڕاخست و شەعبان تێخزا. ڕەمەزان و ڕەجەبیش هاتنە ژوور. ڕەجەب پرسی:

– دایە خوشکم بەبووک دەچێ؟

باڵاخانم بە لەپی دەست سەبر لە پشت دەستی دا:

– قۆشمەی زۆرزان ئەتۆ لە کوێت زانی؟

– لە پشت دەرگا ڕاوەستابووم گوێم لێبوو.

– لە لای هیچ کەس باسی نەکەی ها؟!

– نا، دایە هیچ کەس لێم نابیسێ.

ڕەمەزان بەخۆشحاڵی دەستی ڕێک خشاند:

– ئەی گیان. بۆ خۆم پشتێندی خوشکم دەبەستم.

ڕەجەب بەتووڕەیی قیژاندی:

– نەخێر بۆ خۆم بۆی دەبەستم.

– ئەتۆ غەڵەت دەکەی.

– بۆ خۆت غەڵەت دەکەی.

دوو برا لەسەر پشتێند بەستنی خوشکیان وەک کەڵەبابی شەڕانی پێک هەڵپڕژان و لێکیان دا، باڵاخانم کوڕەکانی لێک کردەوە و گوتی:

– بەشەڕ مەیەن. پێکەوە پشتێندی بووکێ ببەستن.

کاتێک سەیفوڵڵا و مەعسووم هاتنەوە ژوور، وڵات ئارام بۆوە. سەیفوڵڵا بە چاو باڵاخانم و مەعسوومی تێگەیاند، بێن و دانیشن. سەیفوڵڵا جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی:

– ڕۆڵە گیان. ئەگەر ڕازی نی تا هیچ نەبووە دەنگ بکە.

مەعسووم لە شەرمان سەری بەرداوە و چاوی لە گوڵی فەرشە کۆنەکەیان بڕی.

سەیفوڵڵا پرسیارەکەی دووپات کردەوە:

– قسە بکە. بڵێ بزانم ڕازی یام نا؟ دەبێ نەزەری تۆ بزانم. مێرد وەک پێڵاو نییە کە هەموو ڕۆژێ بیگۆڕێوە. شەرعەن ئەگەر کچ ڕازی نەبێ مارەیی نابڕێ.

مەعسووم هەر وا بێدەنگ بوو، سەری داخستبوو. باڵاخانم لەبری کچەکەی جوابی داوە:

– پیاوەکە کچەکە نارەحەت مەکە بۆ نەتبیستووە بێدەنگی نیشانەی ڕەزامەندییە!

سەیفوڵڵا قاقا پێکەنی:

– بەڵێ، وایە.

سەیفوڵڵا داهاتەوە و کچەکەی ماچ کرد. مەعسووم لە حاڵێکدا زۆڕ زۆڕ دەگریا دەستی لە ملی باوکی کرد و گوتی:

– باوکی چاک و خۆشەویستم.

سەیفوڵڵاش چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، جوابی داوە:

– ڕۆڵە پێم مەڵێ باوکی چاک. ئەمن نەمتوانیوە ئەرکی باب بوون لە بارەی تۆدا ئەنجام بدەم. ڕەنگە تاوانباریش نەبم. مرۆڤی فەقیر ناتوانن لەگەڵ قەزا و قەدەر بەشەڕ بێن. تەنیا من ئەم زوڵمەم وێ نەکەوتووە. ئێوەش وێتان کەوتووە. چاو لەم کراسە چیتە بکە کە لەبەریدایە. ئەوە سێ ساڵە ئەم کراسەت هەیە. پێت وانەبێ بێ خەبەرم لەو شتانە. پێم وایە گەورەترین ئاوات و ئارەزووی کچێک ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێ کراسێکی نوێ لەبەر بکا، ئەمنیش زۆرم پێ خۆش بوو منداڵەکانم وەک گوڵ پاک و خاوێن بن، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ نەبوونی هیچ ناکرێ.



باڵاخانم لە داخان لەوانە بوو فجە بکا. سەرەنجام خۆی بۆ ڕانەگیرا و بەسەر مێردەکەیدا قیژاندی:

– بەسە پیاوەکە. ئەم قسانە چن دەیانکەی. ئەم شین گێڕییەت لە چییە، بەگیانی ناخێرمان خەریکین کچ بە شوو دەدەین.

سەیفوڵڵا جگەرەیەکی داگیرساند و فرمێسکەکانی پاک کردەوە. شەعبان کە لە سەرمان دوو قەد ببوو لە بن لێفەکەی هاتەدەر. خۆی لە باوەشی باوکی هاویشت و گوتی:

– بابە لەبەر مێرد کردنی خوشکم دەگری؟

– نا ڕۆڵە گیان... لەبەر فەقیری و دەسکورتی و هەژاری و چارەڕەشی و بەدبەختی و نەبوونی دەگریم.

– بابە فەقیری بۆ گریان نابێ.

– ... کوڕم... ئەتۆ هێشتا مانای فەقیری نازانی. سەرچاوەی هەموو بەدبەختی و چارەڕەشییەک دەستەنگی و نەدارییە.

باڵاخانم دیسان قیژاندی:

– شەعبان هەستە بڕۆ نێو جێگاکەت درێژبە.

شەعبان لە ترسی دایکی خۆی نەگرت و ڕۆیشت ڕاکشا. کوڕەکان لە بارەی زەماوەندی خوشکەکەیان قسەیان دەکرد.

ڕەمەزان پرسی:

– شایەریش دێ؟

ڕەجەب جوابی داوە:

– بەڵێ... ساز... تەپڵ... شایەر و هەموو شتێک.

شەعبان پرسی:

– تەپڵژەن دادەی دەبا.

– نا... گێژی خودای... بووک ئی زاوایە!

بالآخانم بە بێ وازی هەرای کرد:

– بێدەنگ بن. بخەون درەنگە. بەیانی زوو دەبێ ڕاستبنەوە.

منداڵەکان لێفەیان بەسەر خۆیان دادا، بەلآم لە بنەوە تێکیان دەکوتا و پێدەکەنین. ئێستاش ڕوون نەبووە کە بەکام بیرەوەری سەردەمی منداڵی پێدەکەنن.

بالآخانم جێگای خۆشیانی ڕاخست و پرسی:

– پیاوەکە بۆ ناخەوی؟

سەیفوڵلا لەبەر ئەوەی نوقمی بیرکردنەوە بوو جوابی نەداوە. بالآخانم پرسی:

– چ باسە؟ بیر لە چ دەکەیەوە؟ هەر دەڵێی ڕازی نی کچەکەمان شوو بکا؟

سەیفوڵلا بەحەوسەلە جوابی داوە:

– بۆ ڕازی نەبم؟ لانی کەم ئەم یەکە لە کۆڵ نارەحەتی و بەدبەختی دەبێتەوە.تەنیا بیر لەمە دەکەمەوە کە بۆ موخاریجی بەڕێ کردن و جیازەکە ڕوو لە کوێ کەم؟

بالآخانم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– خودا کەریمە. لە قەدیمەوە گوتوویانە: "خودا خەرجی زەماوەند دەگەیەنێ."

– لەعنەت لەو کەسەی پێی وانییە، بەلآم لە کوێ ڕا دەگا ڕوون نییە. حەڤدە ساڵە وەک کەر و بارگینی داشقە خەو و خۆراکم لێ حەرام بووە و هەدادانم نییە.کەچی بەهەزار زەحمەت توانیومە نانی ویشک بۆ منداڵەکانم وەدەست بێنم.



– خوایە شوکرت کە کونی ڕۆزی و ڕسقی ئێمەت ئەوەندە بچووک ئافەریدە کردووە.!

– ناشکوری مەکە پیاوەکە. پێت وایە هەر ئێمە واین؟! نەخێر لە ئێمەش چارەڕەشتر هەیە.

– ڕاست دەکەی هەرچەند ئێمە فەقیرین بەلآم سلامەتین. ئەگەر خودای نەخواستە نەخۆش بکەوین ڕوو لە کوێ کەین؟!

بالآخانم سەری هەڵێنا و گوتی:

– ئینشاڵلا تووشی ئەم ڕۆژە نابین. نەخۆشی پیاوی فەقیر مەترسییەکی گەورەیە.

سەیفوڵلا سەری بادا:

– بەبڕوای من مردن لەم ئەشکەنجە و چارەڕەشییە خۆشترە. هیچ شتێک لە برسییەتی و سەر لێ شێواوی خراپتر نییە. مرۆڤی فەقیر و دەسکورت و هەژار ڕۆژێ هەزار جار دەمرن و دەژینەوە.

بالآخانم تەسلیم بوو، جوابی داوە:

– ڕاست دەکەی پیاوەکە.

بالآخانم دەستی لەسەر شانی مێردەکەی دانا و گوتی:

– شێرەپیاو. پشت بەخودای ببەستە.

سەیفوڵلا پێکەنی:

– عەجەب شێرەپیاوێک؟ کوێم شێرە؟!

– مەبەستم شێرەپیاوە. ئەدی ئەگەر شێر نی چلۆن دەتوانی کچەکەت بەشوو بدەی. سێ کوڕت هەیە دەڵێی دەستەگوڵن. کوڕەکان گەورە دەبن دەرس دەخوێنن دەچنە ئیجباری. دەبنە ڕەییس. لە دەورانی پیری دا دەبنە گۆچانی دەستت.

– چی دیکەت لە خوا گەرەکە؟
– ژنەکە چووزانی ئەوەندە خۆش خەیاڵ بی.
باڵاخانم بەناڕەحەتی نێوچاوانی تێک نا و جوابی داوە:
– ئەتۆ مرۆیەکی ناشکوری. مرۆڤی ناشکور جێگایان جەحەندەمە.
سەیفوڵڵا سەری بادا:
– ناکا پێت وابێ ئێستا لە جەحەندەمدا نیم؟! ڕۆژێ سەد جار بەسەر پردی سیرات دا ڕادەبرم.
باڵاخانم لە بن لێوانەوە بەتۆبە تۆبە کردن گوتی:
– پیاوەکە تۆ خودا دەست لەم ناشکوریانە هەڵگرە. دەزانم ئەم قسە هیچوپووچانە لە ڕۆژنامە خوێندنەوە فێر بووی.
– نەخێر لە بەسەرهاتی خۆم فێر بووم.
– هەستە بخەوە. دەبێ بەیانی زوو هەستین. سبەینێ دەبێ ماڵ بۆ کچەکەمان دروست بکەین!
– جا بۆ ناڵێی کولانە مریشک؟ حەیفە نێوی وەتاغی لێ بنێین.
باڵاخانم خەریک بوو قەڵس بێ:
– پیاوەکە ئەگەر ئەوەمان نەبا چمان لە دەست دەهات؟
سەیفوڵڵا تووڕە بوو:
– چ مردوویەکت دیوە بێ کفن و دفن مابێتەوە؟ ئەگەر بڕیار بێ مرۆڤ– لە نێو ئەم کونانەدا بژی. بوون و نەبوون وەک یەک وایە. خۆ ئەتو سیوادی ڕۆژنامە خوێندنەوەت نییە کە بزانی دەوڵەمەندەکان چۆن دەژین. ئەوەتا لە ڕۆژنامەدا نووسراوە یەکێک کارەبای بۆ نێو قەبرەکەی کێشاوە.
باڵاخانم کە پێی وانەبوو شتی وا دەبێ جوابی داوە:
– درۆیە دەکەی.



– ناوەڵڵا درۆ ناکەم. بەناموسم لە ڕۆژنامەدا نووسرابوو. ئەگەر بێتوو لەبری قەبر ئەم مردووانە بێننە نێو ئەو زنجانەی ئێمە لە ترسان ڕاست دەبنەوە هەڵدێن و هاوار دەکەن:
"ئێمە لێرە نابین..." مردووی دەوڵەمەندەکانیش لە نێو ئەم زنجانەدا هەڵناکەن.
باڵاخانم جلەکانی دەرهێنا و گوتی:
– ئەمن دەخەوم. ئەتۆش هەتا دەتوانی قسە بکە.
لە پاشان ڕووی لە کچەکەی کرد و پرسی:
مەعسووم گیان ئەتۆ ناخەوی؟
– بەڵێ دەخەوم.
– کەوا بوو هەستە بخەوە. گوێ مەدە قسەی باوکت، عەقڵی تەواو نییە پارسەنگی دەوێ!
سەیفوڵڵا پرسی:
– بۆ عەقڵم پارسەنگی دەوێ؟ قسەی هەق دەکەم بۆیە پێت خۆش نییە؟ با پێت بڵێم خۆم لە تەواوی ئەم کۆشک نشینانەی کە قەبرەکەیان وەک ڕۆژی ڕووناک وایە پێ ئاقڵترە، بەڵام چ بکەم؟! زەمانە سپڵە پەروەرە، خەییام گوتوویە: "گەردوون وەکوو دێو بەراوەژوون ئاکاری هاواڵی نەزانانە دژی زانیاری"
ئەم کۆشکنشینانە مێشکیان کای تێدایە، بەڵام تەماشا دەکەی خەڵکێکی زۆر ئیکلام کێش لەبەریان ڕادەوەستن، لەبەر عەقڵ و تێگەیشتنیان نییە. نە بەخوا، تەنیا لەبەر پووڵەکەیانە، بۆ درۆ و ڕاستیان سبەینێ میلۆنێک پووڵ لە حیسابی من بکە. دەستێک: جلی پەشمی چاکم لەبەرکە. پێڵاو و کڵاو و ماشێنی خارجیشم بدەیە. ئەم وەختە وەرە تەماشای مێردەکەت کە. ئەگەر "ئوستاندار"یش بمبینێ سڵاوم لێدەکا! بەڵام

ئێستا سەرحەمەلەی شارەداریش پێی حەیفە بەر شەقم دا چونکە پێی وایە پێڵاوەکەی خۆڵاوی دەبێ!

باڵاخانم بەچاوی خەواڵوو سەری لەسەر سەرینەکەی هەڵێنا و گوتی:

– پیاوەکە هیچ دەزانی دەڵێی چی؟ نەکا شێت بووبی؟

سەیفوڵڵا پێکەنی:

– حافرەت! مرۆڤی فەقیرقەت شێت نابن! شێت بوون بۆ دەوڵەمەندان هاتووە. چونکە هیچ خۆشییەک نەماوە نەیاندیبێ و ژیان بۆ وان یەکسان دەبێ و بۆ ماوەیەکیش حەز دەکەن شێت بن. یەکێک شێتی پووڵ کۆکردنەوە دەگرێ. یەکێ تووشی خۆش گوزەرانی دەبێ، یەکێ شێتی نێوبانگ و یەکێ.

باڵاخانم بەناڕەحەتی قیژاندی:

– پیاوەکە بەخوا وەختە شێت بم، دەست هەڵگرە وەرە بخەوە. ئەتۆ بۆ خۆت لە هەمان شێتتری!

– مەترسە حافرەت... ئەمن شێت نیم بەڵام حەز ناکەم بێدەنگ بم. ئەگەر قسە نەکەم دەبێ لە بیری سبەینێ دابم کە چ بکەم خەجاڵەتی ماڵ و منداڵەکەم نەبم و شتێکیان بۆ پەیدا بکەم. ئەمن بە نەبوونی خەرجی ماڵ و مناڵ خەریکم شێت دەبم.

مەعسووم لە جێگاکەی دەرپەڕی و گوتی:

– بابە، دەمەوێ خۆم ڕووت کەمەوە.

– ڕووت بەوە کێ ڕێی لێگرتووی.

سەیفوڵڵا پشتی لە کچەکەی کرد و ڕووی لە دیواری بڕی تا کچەکەی جلەکانی داکەنێ و تێخزێ.

مەعسووم کراسەکەی داکەنە و بەبزمارێکی داکرد، لەسەر یەغدان کۆنە کۆتێکی دەست دایە و لەبری کراسی خەو عەیبی خۆی پێداپۆشی و گوتی:



" شەوتان خۆش" دایکی خەوتبوو سەیفوڵڵا جوابی داوە:

– شەوی تۆش خۆش ڕۆڵە.

مەعسووم لێفە دڕاوە کۆنەکەی تا ملی هێنا و چاوی لە باوکی دەکرد کە لەبەر غەم و ئێشی ژیان دم و چاوی پڕ ببوو لە گنج، وەک برینی چەقۆ بەرچاو دەکەوت و چیرۆکی تەمەنێکی پڕ لە مەینەتی پێشان دەدا. مەعسووم بەسەرهات و بیرەوەری ئەم ڕۆژانەی وەبیر هاتەوە کە دە ساڵانە بوو. ئەم ڕۆژانەی کە بەکراسی دڕاو لە ماڵ دەچووە دەر. هەر چەند دایکی هەموو ڕۆژێ کراسەکەی بۆ پینە دەکرد بەڵام لەبەر کۆنی دەتگوت سووتاوە، دەستت وەهەر کوێیەکی کەوتبا بەدەستتەوە دەهات. منداڵێکی قۆشمە و بەدفەڕ و شەیتان ڕۆژێک داوێنی کراسەکەی لە پشتەوەڕا کێشا، داوێن دڕا و لەشی چڵکن و ڕەشی وەدەر کەوت!

گەنجێکی چەرچی کە بەوێدا دەڕۆیشت و چاوی بەم دیمەنە کەوت چاوێکی لێکردە چوارچاو و تەماشای پێ و پلی ڕەش و چڵکنی دەکرد.

لاوی چەرچی گوتی: " وەرە پێش ناڕەحەت مەبە دەرزی و دەزووم پێیە داوێنت بۆ دەدروومەوە."

مەعسووم بەم مناڵی خۆی تێگەیی کە ئەم لاوە چاوحیزە بە دەهۆ وا دەڵێ، گوێی نەدایە و بەگریان خۆی دە ماڵێ کوتاوە، دەیویست بۆ خۆی بیدروێتەوە و نەهێڵێ دایکی پێبزانێ، بەڵام دایکی کاتێک چاوی بەکراسی کچەکەی کەوت دەتگوت بەگوللە لە مێشکیان داوە. دەستی کرد بەئاه و ناڵە و تووک و دوعا:

– یا ڕەببی زەلیل بی کچەتیو. بۆ کراسەکەت دڕاندووە؟

مەعسووم وەک مرۆڤی تاوانبار دەستی کرد بەپاڕانەوە، بەڵام دایکی هەدای نەدا و دوو سێ مستی لە پشتەستۆیدا:

– مل بەکوێن! ئەوە بۆ وات کردووە خۆ جلکی دیکەت نییە؟

کاتێک کراسەکەی لەبەر دارنی، تەماشای کرد هیچی پێوە نەماوە ناچار بوو لە چارشێوە دڕاو و پینەکراوەکەی خۆی کراسێکی تازەی بۆ ساغ کردەوە. بەشوێن ئەم ڕووداوەدا ئەم کچە بەستەزمان و گوناحە دڵی پڕ بوو لە ڕق و بێزاری، لەکێ و بۆچی؟ بۆخۆشی نەیدەزانی! لەبەر جلکی دڕاوی یام لێدان و بەسەردا هاتنی دایکی؟ یام لەبەر خاتری باوکی کە نەیدەتوانی و لە دەستی نەدەهات کراسێکی تازەی بۆ بکڕێ؟ یام لەبەر بەدبەختی و چارەڕەشی خۆی بوو کە لە بنەماڵەیەکی فەقیر و دەسکورت لە دایک بووە.

دایکی دوای ئەوەی لە چارشێوەکەی خۆی کراسی تازەی دروو، دای بەمەعسووم و گوتی:

– لەبەری بکە ڕۆڵە.

ئەم وشەیەی زۆر بەئارامی و خۆشەویستی تایبەتی دایکانە پێگوت، دیار بوو تێگەیبوو کە کچەکەی خەتای نییە و کراسەکەی زۆر کۆن بووە، لە پاشان دەستی بەقژیدا هێنا و گوتی:

– ئاخ... ڕووی نەداری ڕەش بێ ڕۆڵە. ئەگەر باوکت پووڵی با منیش هێندەی پێوە نارەحەت نەدەبووم و دەمگوت دەیجا دڕاوە دڕاوە، یەکی دیکەت بۆ دەکڕم بەڵام بەداخەوە نییەتی... وەڵڵا نییەتی... بەخوا نییەتی... چ بکەم؟

مەعسووم لەم ڕۆژانەدا نەیدەزانی فەقیری یانی چی.

سەیفوڵڵا بە دزیوە چاوی لە کچەکەی دەکرد و تەماشای کرد بەخەبەرە، پرسی:

– ڕۆڵە گیان بۆ ناخەوی؟

– خەوم نایە بابە.

– بیر مەکەوە ڕۆڵە. تێبکۆشە بخەوی. ڕۆژانی خۆشی چاوەڕوانتن. قودرەت کوڕێکی چاکە. هەرچی بتەوێ بۆت پێک دێنێ. بخەوە.



مەعسووم چاوەکانی لێک نا و خۆی دەخەو کرد بەڵام بیر و خەیاڵ مۆڵەتی نەدا! زۆری ئەم دیو و ئەودیو کرد و هیچ فایدەی نەبوو دەتگووت بیباریان لە چاو کردووە، سەرەنجام گوتی کار نییە خوا چاکی نەکا. یارمەتی دایک و باوکم دەدەم، ئەگەر دوو کەوچکمان چێشت هەبێ لەگەڵیان نیوە دەکەم. قودرەت هیچ ناڵێ. بەشی زۆری شێوەکەمان دەبەینە لای وان و پێکەوەی دەخۆین، پێڵاو و جلە کۆنەکانیش دەدەم بە دایکم. کۆنەی قودرەتیش بۆ باوکم. دەیجا چ بوو؟" ئەم باوکە بێچارەی بەیانان کە دەڕۆیشت دوو سێ کوتە قاقەزی دەکردە نێوفەڕشی کەوشەکەی. شەوانە کە دەگەڕاوە قاقەز دەخووسان. بەتایبەت زستانان دەبوو دوو سێ جار بە نێو ئەم نێوفەڕشانە بگۆڕێ. سەد خۆزگە بەپێڵاوی خۆی، کەوشی جیری منداڵەکان هەر وشک نەدەبووە، ئەم بەستەزمانانە هەر لە بەیانییەوە لە ترسی پێڵاو لە پێکردن هاواریان دەچووە ئاسمان:

– ئاخ... دایە گیان چمان لێدەکەی، لاقمان بوو بەسەهۆڵ." ئاوریان نەبوو. ڕەژی و نەوتیان نەبوو نەیاندەتوانی پێڵاوەکانیان وشک کەنەوە، زستانێکیش بوو تفت هەڵاویشتبا دەیبەست. شەوانە پێڵاوەکانیان یەک پارچە دەبوو بە سەهۆڵ و بەیانیان بۆیان لە پێ نەدەکرا." داوا لە قودرەت دەکەم چەند ڕۆژێک گۆشت نەکڕێ. برێک کەمتر دەخۆین. با پووڵەکەی بدا بەکەوش بۆ براکانم دەزانم قسەم لە عەرز نادا. جووتێک چەکمەی پەلاستیک بۆ شەعبان دەکڕم. با بە ئیشتیای خۆی بچێتە نێو قوڕ و چڵپاوی کۆڵان و یاری و گەمە بکا و بەکەیفی خۆی هەڵبەزی. خۆزگە ئەم وەتاغەی ئێمە بەم زووانە تەواو دەبوو و زەماوەند دەستی پێدەکرد." هاتە سەر تەنیشت و لە بن لێفەکەوە بەدزی چاوێکی لە باوکی کرد.

سەیفوڵڵا پاڵی دابۆوە، دەستی لەبەر چەناگەی کرد بووە کۆڵەکە و بیری دەکردەوە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ چاوەکانی پڕ ببوون لە فرمێسک.

مەعسووم هەناسێکی هەڵکێشا و فرمێسکەکانی بەقولینچکی لێفەکەی بۆ پاک کردەوە. دەتگوت بەدوو سێ کەسان دەستیان لە هەناو ناوە و دەریدێنن. هەروەها ڕق و کینە و داخ و حەسرەتیش ببووە گلۆڵەیەک و پێش گەرووی گرتبوو لە حیرسی ئێشی نەداری و هەژاری پشووی بۆ نەدەچۆوە بەرخۆیێ.

بەیانی زوو قودرەت چوو ئاڵووداران بکڕێ. تەواوی کاروانسەرا و بازاڕی دارفرۆشان گەڕا، بۆ ئەوە کلاوی نەچێتە سەر، لە چەند دووکانێک قیمەتی پرسی، لە دووکانێک چەند ئاڵوودارێکی وشکی چاو پێکەوت. قیمەتی کرد. خاوەن دووکان گوتی یەکی سی تمەن. زۆر گران بووە. ئەگەر هەشت دانەی کڕیبا پووڵی بۆ بۆریا و کەرەسەکانی تر پێ نەدەما.

دەوروبەری نیوەڕۆ لە حاڵێکدا زۆر ماندوو ببوو، چەند ئاڵوودارێکی کۆنی لە دووکاندارێکی کۆنەفرۆش کڕی. هەر چەند دارەکان بزماریان پێوە بوو و سەر و بنیان کەمێک ڕزیبوو بەڵام کاری وی پێ جێبەجێ دەبوو.

قودرەت پێی وابوو ئەگەر بە مشار سەر و بنیان ببڕێتەوە و بزمارەکان بکێشێتەوە، بۆ کەڵک وەرگرتن دەبن. دەیتوانی بزمارەکانیش ڕاست کاتەوە. بەکورتی دوای ئەم لێک دانەوەیە هەشت ئاڵوودار و بڕێک تەختەی بۆ سەر حەسیرەکان و دوو دەرگا و دوو پەنجەرەی چووکی بەدوو سەد تمەن لە کابرای دووکاندار کڕی.

بە بەراوەردێکی کە کردی نیوەی کەرەسەی ماڵەکەی جێبەجێ کرد، خشت بڕینەکەشی بۆ خۆی ئەنجام دەدا. تەنیا دەبوو حەسیر و گێچی کڕیبا و ئەگەر دوو سێ کیسەی سیمانیش وەگیر کەوتبا لەبیر کەس نەدەچۆوە. ماڵەکەی لەم گەڕەکە وەک ماڵە شای لێدەهات و خەڵک بۆ سەیر تەماشایان دەکرد.

قودرەت ئاڵوودارەکانی لە پشتی ماشێنێک هاویشت و بەرەو تەنەکاوا



وەڕێ کەوت، ئەوندە خۆشحاڵ بوو دەتگوت لە فەتحی"هێرات" گەڕاوەتەوە و خورجینێکی زێڕ و جەواهیرات بەدیاری لەگەڵ خۆی هێناوە.

کاتێک گەیشتە بەر زنجەکان بەپەلە لە ماشێنەکە دابەزی و خەسووی بانگ کرد، ئەم بانگ کردنە نیشانەی دروست کردنی وتاغ یام لە ڕاستیدا سەر پەنای نوێ بوو.

بالاخانم و مەعسووم و منداڵەکان بەبیستنی دەنگی قودرەت هاتنە دەر، هەموو لە خۆشیان دەتگوت خوا خەنی کردوون، ماوەیەکی زۆر مات بوون و دەتگوت کارەبا گرتوونی لەبەر دەرگا ڕاوەستا بوون و چاویان لە چست و چالاکی قودرەت دەکرد کە باری ماشێنەکەی خاڵی دەکرد. لە پاشان بالاخانم بە تەشەر بەکچەکەی کوت:

– ڕۆڵە بۆ ڕاوەستاوی؟ بڕۆ یارمەتی مێردەکەت بکە.

هەر چەند قودرەت بەدەنگێکی بەرز هەرای کرد: نابێ بۆخۆم دیانهێنمە خوار. بەڵام مەعسووم گوێی نەدایە. هێشتا قودرەت قسەکەی بەتەواوی نەکرد بوو کە مەعسووم خۆی گەیاندە مێردەکەی و دەست بەکار بوو. بەبالا گچکە و دەست و پێ سپیلکە بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی شەرم بکا سەری ئاڵوودارەکانی دەگرت و لە ماشێن دەیهێنانە خوار.

قودرەت کە لە خۆشحاڵیان پێی نەبوو ڕاوەستێ، بەدزی باسکی مەعسوومی هەڵقورینجاند، مەعسووم کە ئاگای لە هیچ نەبوو سەری خۆی بەرداپۆوە و کاری دەکرد یەک بەخۆی هەڵبەزێوە و گوتی وەێ! هەموو لایان وابوو بزمار لە دەستی بووک ڕاچووە، بەڵام تەماشایان کرد مەعسووم بەپشتی دەستی لە دەستی قودرەت دەدا، تێگەیین چ خەبەرە و لە قاقای پێکەنینیان دا.

دوای ئەوەی باری ماشێن هاتە خوار، قودرەت دەستەکانی لەبەر کەلەکەی نا و گوتی:

– دەبێ بەر لە هەموو شتێک ئەم بزمارانە بێنینە دەر.

مەعسووم بەغار چوو چەکوچێکی لە خەسووی وەرگرت و گەڕاوە. سوڵتان خانمیش چوو لە لایان ڕاوەستا. کەمێکی تەماشای سەر و بنی دارەکان کرد و لە پاشان بەکوڕەکەی گوت:

– ماڵەکەی ئێوە لە ئێمە گەورەتر دەبێ!

قودرەت سەری بادا:

– دایە گیان بێژە قەسری ئێوە! ماڵ یانی چی؟ خانوویەکی چەند قاتی وا دروستە دەکەین لەم گەڕەکەدا نموونەی نەبێ.

– ئیشەڵڵا دایکە گیان. یا خوا تێیدا بحەسێنەوە و زەحمەت بەخەسار نەبن. مەعسووم لە قوولاییی دڵەوە ئامینی گوت. قودرەت جوابی داوە:

– دایە گیان بەهیوای خوا کارەکان چێ دەبن و زەحمەت بەخەسار نابین. خوای تەبارەک و تەعالا فەرموویەتی: "لە تۆ حەرەکەت و لە ئێمەش بەرەکەت" ئێمەش بەهیوای خوا دەست بەکار بووین. کرێکارانی شارەداری پووچیان کرد و هیچ کەس ناتوانێ دەست لەم زنجانەی ئێمە بدا، بێتوو پەل ببزێون بەنینۆک چاویان دەردێنین.

سوڵتان خانم بەنیگەرانێوە گوتی:

– ئیشاڵڵا ماڵەکەت لێ تێک نادەن.

قودرەت کەواکەی داکەند. ئارەقەی نێوچاوانی بەقۆڵی کراسەکەی پاک کردوە و گوتی:

– مەعسووم گیان چەکوچەکەی بدە بەمن.

مەعسووم چەکوچەکەی دا بەدەسگیرانەکەی و لە تەنیشتی دانیشت و تەماشای دەکرد. قودرەت وەک فەرهادی لێ هاتبوو، بزمار خۆی لەبەر نەدەگرت و زۆر زوو بزمارەکانی دەرکێشان، بەڵام بزمارێکی ژەنگاوی



زۆری نارەحەت کرد و نەدەهاتەدەر. ئارەقەی لە نێوچاوان دەتکا. مەعسووم پرسی:

– یارمەتیت ناوێ.؟

– نەخێر. پێویست بەزەحمەتی تۆ ناکا. قدیلەم دەدەی.

– بەخوا. قدیلەت نادەم. هەر پێم خۆشە یاریدەت بدەم.

– ئەگەر وایە وەرە ئەم لایە.

مەعسووم چووە لای ڕاستی قودرەت و دەسکی چەکوچەکەی بۆ گرت و ئەویش لەنگەری بزمارەکەی ڕاگرت، لە پاشان قودرەت گوتی: "ئامادە." یەک، دوو، سێ بەهێز و قەوەتی خۆیان تێی نووسان، بەڵام بزمار چووکترین تەکانی نەخوارد. قودرەت لەبەر ئەوەی لەشی لەگەڵ مەعسووم جووت ببوو لە خۆشیان دەتگوت خوا خەنی کردووە. مەعسوومیش کە سەرتاپای لەشی گەرم داهاتبوو پێی خۆش نەبوو بزمارەکە بێتەدەر، بۆ ئەوەی لەشیان زیاتر پێکەوە بچەسپێ!! بەبێ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن و گوێ بۆ بیروڕای یەکتر بگرن پێکەوە کارەکەیان درێژە پێدا!

قودرەت بەچاوێکی پڕ لە هیوا و ئارەزوو چاوی لە دەموچاوی شادی مەعسووم کرد و بەپێکەنینەوە گوتی:

– دەی قەوەتێکی دیکەش.

مەعسووم گوتی:

– ئامادەم.

– یا ئەڵڵا.

جاری سێیەم کە وێکڕا قەوەتیان دا چەکوچەکە، لەناکاو بزمار هاتەدەر. قودرەت لەسەر گازەرای پشت کەوتە عەرز و مەعسووم کەوتە نێو ئامێزی! ژن و مێرد قاقا پێدەکەنین. هیچیان لە دڵیان نەدەبۆوە هەستنەوە، بەڵام لە

ترسی زمانی خەڵک کە نەکا پێبزانن، مەعسووم لە ئامێزی قودرەت هاتەدەر و خۆی تەکاند. پانتۆڵی قودرەتیشی خاوێن کردەوە. قودرەت بەجەفەنگ گوتی:

– مەعسووم گیان چاکم بۆ خاوێن کەوە. پەشمی ئاڵمانییە، حەیفە پیس بێ! هەرتک دەسگیران بەم شۆخییە لە فرقەی پێکەنینیان دا. بەدەنگەدەنگ و پێکەنینی وان منداڵەکان هاتنەدەر. شەعبان لە سەرمان دەلەرزی. مەعسووم گوتی:

– شەعبان گیان بچۆوە ژوور سەرمات دەبێ.

– شەعبان جوابەجەنگی کرد:

– پێم خۆشە تەماشا بکەم.

قودرەت باسکی مەعسوومی گرت و گوتی:

– ئەتۆش برۆ ژوور، پێم خۆش نییە لێرە بی. ئەگەر ئەتۆ لێرە بی هیچم بۆ ناکرێ.

مەعسووم بەجەفەنگ و ناز و عیشوەی کچانە جوابی داوە:

– بۆ ناتوانی کار بکەی؟

– لەبەر ئەوەی هەر دەبێ تەماشای تۆ بکەم و کارم لە بیر نامێنێ.

– دەیجا چاوم لێ مەکە، خۆ مەجبوور نی؟

– جا کوا ئەوە دەکرێ من چاوم هەیە و تۆش سەرتاپا جوانی و کەوا بوو هیچ چارەم نامێنێ.

– ئێستا کەوایە دەچم لە بن دیوار دادەنیشم و لە وێرا تەماشات دەکەم.

مەعسووم شەعبانی لە ئامێز گرت و چوو لە بن پەساری دیوار دانیشت و چاوی تێبڕی، شەعبان وەک جووجەڵەی لە ئاو کەوتوو دەلەرزی. مەعسووم کوڕەی بەخۆوە گوشی و پرسی:



– ئەوە بۆ وادەلەرزی؟!

– سەرمامە.

قودرەت بەعیشق و عەلاقە درێژەی بەکارەکەیدا، چوارەمین بزماری هێنادەر و ڕاستی کردەوە. پێنج بزمار مابوو دەریان بێنێ. یەک لە وان زۆر گەورە و ژەنگاوی بوو، زۆری لەگەڵ خەریک بوو نەهاتەدەر و هەر چاوی لە دەوروبەری خۆی دەگێڕا. زۆر قەڵس بوو، دەیویست بەچەکوچەکە لە بزمارەکە دا، بەڵام ئاگای لە خۆ بڕا و لە قامکی خۆی دا و دەنگی ئاخ بەرز بۆوە.

مەعسووم کە لە دوورڕا ئەم ڕووداوەی چاو پێکەوت، دەتگوت دەستیان لە هەناوی ناوە و دەریدێنن، دڵی ژانی تێوەستا و بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆ بێ خۆی گەیاندە دەسگیرانی و پرسی:

– قودرەت ئەوە چ کارێک بوو کردت؟

قامکی قودرەت وەک پلووسک خوێنی لێ دەتکا و جوابی داوە:

– ئەم چەکوچە بەزیاد نەبووە قامکی پەڕاندم.

سوڵتان خانمی دایکی قودرەتیش بەپەلە دەرپەڕی و گوتی:

– هەر بەئیستیکانی هەوەڵ سەرخۆش بووی و بەدمەستیت کرد.

مەعسووم بەغار چوو مستێکی خۆڵەمێش هێنا و لەسەر قامکی قودرەتی دانا، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو خۆڵەمێش وەک گوڵ سوور هەڵگەڕا. مەعسووم چوو مستێکی دیکەی خۆڵەمیش هێنا. لەسەر قامکی دانا و بەکوتێک پارچەی کۆن توند بەستی. سوڵتان خانم چەکوچەکەی دەست دایە و گوتی:

– دەستت دەرد نەکا. پێشینیان دەڵێن:

" گێرە چۆن دەکرێ بە بزن و بەرخ و کار نێرەگا جووتی دەوێ و پیاوی بەکار"

بەسە، ئەوی دیکەشی دانێ بۆ باوکت.

قودرەت بەقامکی خوێناویەوە چوو لە پەنا مەعسووم دانیشت مەعسووم پرسی:

– ژانی زۆرە؟!

قودرەت بەسەر حاڵی کرد کە ژانی کەم بۆتەوە، لە ڕاستیدا لەمێژ بوو ئێشی قامکی لە بیر چووبووە و جوابی داوە:

– خۆشەویستەکەم دەستت ئەوەندە مبارەکە برینی گوللەش بپێچیوە بەدەقیقەیەک چاک دەبێتەوە!

– لەم قسانە گەڕێ. پێم بڵێ بزانم ئاغای موهەندیس، ئەم قەسرەی ئێمە دەرگاکەی لە کام لاوە دەبێ؟

قودرەت بەفیز و دەحێوە جوابی داوە:

– ڕووی لە ماڵە دایکم دەبێ.

– ئەگەر وایە با پەنجەرەکەی ڕووی لە ماڵە ئێمە بێ.

– بەسەرچاو عەزیزم. هەرچی بفەرمووی لەسەر چاوی دادەنێم!

مەعسووم بەگاڵتە و ڕاوێژێکی منداڵانە گوتی:

– لەسەر دەرگای ماڵەکە بنووسە" هێلانەی عیشق"

– بەچاوان. ڕادەسپێرم تابلۆیەکی گەورە دروست کەن.

– تابلۆی ناوێ. بەڕەژی دەینووسین خەرجی کەمترە.

– زۆر چاکە. هەرچی ئێوە بفەرموون وادەکەم.

– دوو داریش بۆ بیرەوەری زەماوەندەکە لەم لا و ئەولای ماڵەکە بچەقێنە.

– بەسەر چاو خانم، هەر منداڵێکیش کە خوا دای بۆ بیرەوەری دارێکی بۆ دەچەقێنین.



مەعسووم بەڕاوێژێکی تێکەڵاو بەجەفەنگ وەڵامی داوە:

– کەوابوو دەبێ باغێکی گەورە لێدەین.

قودرەت کە لە مەبەستی دەسگیرانەکەی حاڵی بوو دەستی کرد بە پێکەنین. بەبیستنی ئەم قسە دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی. پێی خۆش بوو مەعسووم لە ئامێز بگرێ و بارانی ماچی بەسەردا ببارێنێ، بەڵام پێش خۆی گرت و گوتی:

– ئەی فڕتۆڵی شەیتان بۆ پێت وایە منداڵەکانی ئێمە تووتکەسەگن کە دە دە لە دایک بن و مەجبوور بین باغێکی گەورە دروست بکەین دوو منداڵ بەسە، کوڕێک و کچێک، بارهێنانی منداڵ زۆری پێدەوێ.

مەعسووم شانی هەڵتەکاند و گوتی:

– زۆر کەمە! ساڵانە منداڵێک و دارێکی سێو.

قودرەت زاری کردەوە قسە بکا، بەڵام دەنگی باڵاخانم کە بانگی مەعسوومی کرد بوو بەهۆی ئەوە کە قودرەت نەتوانی قسەکەی دەربڕێ.

مەعسووم بەبێ ئەوەی خۆ بگرێ هەستا و گوتی:

– ئەمن دەڕۆم.

– بڕۆ، دەگەڵ باوکم پاش نیوەڕۆ کۆڵەکەکان دادەمەزرێنین.

– ئەمنیش دێم یارمەتیان دەکەم.

– وەرە دەستووران بدە ماڵەکەت چۆن بۆ ساز کەین.

مەعسووم بەدڵ پێکەنی و جوابی داوە:

– دروست کردنی دیوێک پێویستی بەدەستووران نییە.

– جا چۆن شتی وا دەبێ؟ بۆ ئەم ماڵە ماڵی تۆ نییە؟!

مەعسووم بەڕاوێژێکی گاڵتە و تەشەر، هەر جارە دەستی بۆ لایەک دەبرد و گوتی:

– وەتاغی خەوتن لێرە بێ چاکە! هۆڵی میوانان لێرە بێ، چێشتخانە بڕێک لەولاتر بێ و وەتاغی دانیشتن لەم لاوە بێ!

قودرەتیش کە بۆ جەفەنگ و تەشەر دەستی دەسگیرانەکەی لە پشتەوە بەستبوو، دەستەکانی کردەوە و گوتی:

– خۆشەویستەکەم ئاگات لە خۆت بێ لەبەر هەیوانی نهۆمی سێیەم بەرنەبێوە!!

مەعسووم دەستی لە تەشەر هەڵگرت و گوتی:

– بەڕاستی ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆوە کە لە قوتابخانە ئەم قسانەیان بۆ فێری ئێمە کردووە؟! مامۆستایەکمان هەبوو دەرسی ماڵداری فێر دەکردین ڕۆژێک لە بەینی دەرس گوتنەکەدا گوتی: "دەبێ وەتاغی خەوتن ئاباژووری لێ بێ." ئەمن بەبێ ئەوەی مەبەستێکم هەبێ پرسیم:

" خانم ئاباژوور چییە؟" خانم موعەلیم کە لە چینی دەوڵەمەندان بوو، پێی وابوو تەمای جەفەنگ و تەشەرم هەیە. لە کلاس وەدەرینام: لە پێشدا بڕۆ سەر و چاوت جوان بشۆ، دەستێک جلکی خاوێن و ڕێک و پێک لەبەرکە، جا وەرەوە مانای ئاباژوور فێربە. قەت لە بیرم ناچێ ئەو ڕۆژە زۆر گریام و بەخۆدا شکامەوە. کاتێک چوومەوە و مەسەلەکەم بۆ دایکم گێڕاوە گوتی:

– ڕۆڵە مەگری، هەموو شتێکیان لەبەر مرۆڤ – دروست کردووە. تەنیا فەقیرە لە هەموو شتێک بێ بەشە. بەبڕوای دەوڵەمەندەکان ئێمەی فەقیر و هەژار ئینسان نین.

قودرەت کە حەوسەلەی گوێ لێبوونی ئەم قسانەی نەبوو گوتی:

– بۆ خۆیان ئینسان نین گوێ مەدە ئەم قسانە. پووڵ و ئاڵتوون دڵ و چاوی هێندێکان کوێر دەکا.

مەعسووم چۆوە ژوور. دایکی گوتی:



– ڕۆڵە خێراکە قاپ و کەچکەکان بشۆ.

قاپ و کەچکەکان بریتی بوون لە دوو ژێر پیاڵە و چوار کەچک و تاوەیەکی فافۆن، تاوەکە بروێشی پێوە ڕەق هەڵاتبوو، مەعسووم قاپ و کەچکەکەی شوشت و لە لایەک هەڵی پەساردن، لە پاشان ئاوی لە تاوەکە کرد بۆ ئەوەی بخووسێ، دوایە بڕێکی خۆڵەمێش تێ کرد و خاوێنی کردەوە.

ڕەمەزان لەپڕ خۆی بەژووریدا کرد. باڵاخانم تەماشای کرد جلەکانی دڕاوە و لە سەرمان هەڵدەلەرزی، تووڕە بوو قیژاندی:

– جوانەمەرگ بوو بۆ دەچییە کۆڵان؟

ڕەمەزان وەک مرۆڤی تاوانبار بەترس و لەرز جوابی داوە:

– چووبوومە مەیدانی تەڕەبار.

– جا ئەتۆ چت بەمەیدانی تەڕەبار داوە؟

– چوو بووم کاڵەکتان بۆ بکڕم.

– نەکا دەستت دابێتە کاڵەکە ڕزیوەکان و هێنابێتن؟

– هەروا بەخۆڕایی وەرمگرت.

– ئێستا لە کوێیە؟ دادەی بیهێنە بزانم.

ڕەمەزان چوو لە پشت دەرگا کاڵەکێکی هێنا. سێ کیلۆ دەبوو، کاڵەکەکەی دا بەدایکی و گوتی:

– لەتەکەی دیکەی ڕزیبوو، لە ڕێگا فڕێم دا. ئەم لەتەشم هێناوە.

باڵاخانم بەقامک بڕێکی لە کاڵەکەکە کردەوە و لە زاری هاویشت، بەڵام تامی ئەوندە ناخۆش بوو هێڵنجی پێهات و بەقەڵسی گوتی:

– یاڵڵا بڕۆ ڕەجەب بانگ کە با بیخۆین.

تا ڕەمەزان گەڕاوە باڵاخانم کاڵەکی کردە پێنج بەش و هەر بەشی دەگەڵ

کەمێک نان دا بەمنداڵەکانی:

– بخۆن بزانم.

منداڵەکان قەپاڵێکیان لە نانەکە دەدا و یەک لە کاڵەکەکە. بەتامی کاڵەکەکە نێوچاوانیان وێک دەهات بەڵام بەیارمەتی نانەکە پارووەکەیان قووت دەدا. ڕەجەب لە هەمووان زووتر نانەکەی تەواو کرد و گوتی:

– دایە کەمێکی دیکەم نان دەیە.

باڵاخانم جوابی داوە:

– بەژەهری مارت بێ ڕۆڵە کوێرا تەواوت کرد! نان و لەتێک ماوە ئەویشم بۆ شێوی باوکت ڕاگرتووە.

شەعبان گوتی:

– باوکم بۆ شێو نان لەگەڵ خۆی دێنێتەوە.

باڵاخانم بەتەشەر جوابی داوە:

– ئەرێ بەسەری باوکت! بەهیوا بن باقلاوا و شیرینی و قەلەموونەشتان بۆ دێنێ! منداڵەکان بەڕاوێژی منداڵانە پێکەنین:

– ئەی گیان. زەماوەندی خوشکمانە.جێژنەمانە!!

شەعبان کە بەم کاڵەک خواردنە یاوەکەی زیاتر ببوو ددانی نەدەگرت.

باڵاخانم دەستی بەنێوچاوانی گرت و پرسی:

– بۆ وا دەکەی ڕۆڵە؟

– سەرمامە.

– لێفەکەی بەسەر خۆت دادە، کچم جێگاکەی شەعبان ڕاخە سەرمایەتی با بخەوێ.

مەعسووم جێگای شەعبانی ڕاخست، خەواندی و جوان داپۆشی:



– ماتبە با گەرم بێوە.

جەعفەر ئاغای داشقەچی هەرچەند زۆر ماندوو بوو، بەرلەوە فراوێن بخوا کەوتە بیری دانانی بناغەی وەتاغی کوڕەکەی. چەکوچی دەست دایە. قۆڵی هەڵماڵی و نێوی خوای هێنا و بەلاسا کردنەوە لە گەورانی مەملەکەت کە قوڵێنگی خانووبەرەی گەورە لە عەرز دەدەن، گوتی:

– هاوڵاتیانی خۆشەویست. بۆ یارمەتی بەرەوپێش چوونی مەملەکەت و لەبەر ڕزگاری هاوچارەنووسانی خۆم، هەوەڵێن قوڵێنگی ئەم خانووبەرە بەشکۆ و گەورەیە لە عەرز دەدەم! دروست کردنی ئەم خانووبەرەیە زۆربەی نارەحەتییەکانی کۆمەڵایەتی ئێمە دەرمان دەکا، هیوادرام خوا خێرمان وەڕێ بێنێ و سەرکەوتوو بین و ئەمەش هەوەڵێن قوڵێنگ."

سوڵتان خانم و قودرەت کە ڕووبەڕووی جەعفەر ئاغا ڕاوەستا بوون چەپڵەیان بۆ لێدا.

سوڵتان خانم گوتی:

– پیاوەکە دەست لەم نەقڵ و نەزیلانە هەڵگرە، خەڵک دەڵێن شێت بووی.

جەعفەر ئاغا دەستی بەسمێڵیدا هێنا و جوابی داوە:

– قسە کردن و سوخەنڕانی بەبەژن و باڵای وەکیل و وەزیران نەبڕاوە. با جارێکیش داشقەچیەکان قسە بکەن!

قودرەت بەپێکەنینەوە گوتی:

– بابە دەرگای ماڵەکە ڕووی لە کام لا بێ؟

جەعفەر ئاغا سەری بادا و پرسی:

– بۆ ماڵاتێکت نەکڕیوە بۆ قوربانی؟ ڕەسمە هەر کەس بیەوێ خانوو ساز کا دەبێ ڕۆژی هەوەڵ مەڕێک یام گایەک بکاتە قوربانی.

قودرەت قامکە بریندارەکەی پێشان دا:

– بابە گا و گەردوونم کردووە.

بالاخانم گوتی:

– پیاوەکە جارێ وەرە فراوێنەکەت بخۆ. دوایی چ دەکەی بکە. بروێش و کفتە بەسیرم لێناوە، سارد دەبێتەوە.

جەعفەر ئاغا چەکوچەکەی دانا، ڕووی لە بالاخانم و مەعسووم کرد و گوتی:

– بەشانازی دروست کردنی خانوو، خوانێکی ڕەنگین ڕاخراوە، فەرموون دەست پێبکەن.

بالاخانم جوابی داوە:

– نۆشی گیانت بێ. ئێمە فراوێنمان خواردووە.

– بنێرە بەشوێن منداڵەکان دا با بێن.

– ئەوانیش خواردوویانە.

ڕەمەزان دەیویست بچێتە ماڵە جەعفەر ئاغا گوێی لە قسەی دایکی بوو کە گوتی:

– "منداڵەکان خواردوویانە" گەڕاوە.

قودرەت گوتی:

– شەعبان ئەتۆش وەرە.

منداڵەکان چاویان لە دایکیان کرد، بالاخانم ئیجازەی دان:

– منداڵ بڕۆن بخۆن.

منداڵەکان دەتگوت کۆترن و لە قەفەز ڕزگار بوون، بەغاردان بەرەو ماڵە جەعفەر ئاغا وەڕێ کەوتن.

جەعفەر ئاغا پیاڵەی منداڵەکانی پڕ کرد لە دۆکلێوی بەبروێش و کفتەی بە سیر، لەپێش منداڵەکانی دانا و منداڵ بەئێشتیا دەستیان بەخواردن کرد.



دوای ئەوەی فراوێن خورا و چا خوراوە، جەعفەر ئاغا بەقودرەتی گوت:

– بڕۆ ئەسپەکان لەبەر داشقە بێنەدەر. کا و وێنجەیان لەبەرکە و خێرا وەرەوە با دەست بەکاری خانووەکە بینەوە.

قودرەت ڕۆیشت. جەعفەر ئاغا سیغارێکیشی لەسەر فراوێنەکە داگیرساند، لە پاشان هەستا و بەخێزانی گوت:

– گوریسێکی درێژ بێنە با گێچ بەدەوری خانووەکەدا کەین و جێگا کۆڵەکەکان دیاری بکەین.

سوڵتان خانم چوو گەڕا و دوو سێ لەتکە گوریسی هێنا. قودرەت گوریسەکانی پێ کورت بوو، گوتی:

– ئەگەر بڕێکی دیکە پەیدا نەکەی کارەکەمان دەمێنێتەوە.

جەعفەر ئاغا گوریسەکانی لە خێزانی وەرگرت و تاقی کردنەوە:

– بەسە لەمە زیاترت بۆ چییە؟ ژن و مێردێکن خۆ ناتانەوێ مەیدانی تیرەندازی دروست کەن!

جەعفەر ئاغا گوریسی دەست دایە، ئەندازەی دیوارەکانی گرت و جێگای کۆڵەکەکانی دیاری کرد، بۆ هەڵکەندنی جێ کۆڵەکەی هەوەڵ جەعفەر ئاغا بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– "وە ناوی خوا کە دەهەندەیە و دلۆڤانە" قولێنگێکی وای لە عەرز دا ئاوری لێبۆوە، لە پاشان گوتی:

– ڕۆڵە گیان جێ کۆڵەکەکان زۆر قوول بن. دوویان بۆ من و دووش بۆ تۆ با بزانین کاممان زووتر تەواو دەبین.

ژن و منداڵ لە لایان ڕاوەستا بوون و کێ بەرکێی کوڕ و باوکیان چاو لێ دەکرد. جارناجارێکیش چەپڵەیان بۆ لێدەدان و دەیانهێنانەوە سەر حاڵ.

بە نیو سەعات قولکە هەڵکەندران. جەعفەر ئاغا چاوێکی لە کاری کوڕەکەی کرد و گوتی:

– زۆر چاکە، میتریکیش زیاترە ئەگەر بەتۆپی ئالمانیشی لێی دەن بناغەکەیان بۆ ناڕووخێ، دادەی ڕۆڵە ئەم کۆڵەکانە بێنە بزانم.

قودرەت دەستی دا کۆڵەکەیەک، بەڵام بۆی هەڵنەگیرا، جەعفەر ئاغا کە ئاوڕی داوە مەعسووم لەبەر دەرگای خۆیان ڕا تەماشای دەکا، بانگی کرد و گوتی:

– بووکەخانم برۆ یارمەتی بکە. هەرچی بێ ئەم قەسرە ئی تۆیە!

مەعسووم کە لە خودای دەویست یارمەتی قودرەت بکا و لە ڕووی هەڵنەدەهات لەکۆڵەکەکان بچێتە پێش، بەبیستنی قسەی خەزووری بەغار خۆی گەیاندە قودرەت و پێکەوە لە چاڵەکە نزیک بوونەوە.

جەعفەر ئاغاش یارمەتی کردن و کۆڵەکەیان لە چاڵەکە هاویشت، قودرەت کۆڵەکەکەی ڕاست ڕاگرت و جەعفەر ئاغا و مەعسووم وردەبەردیان لە دەوروبەری کرد، لە پاشان قوڕیان تێ کرد و بەلاق شێلایان، کۆڵەکەی دووەم، سێیەم و چوارەمیش بەم شێوە جێبەجێ کران. خەڵک کە لێیان کۆ ببوونەوە سلاوەتیان لێدا، جەعفەر ئاغا کە ماندوو ببوو چوو لە بن دیوار هەڵترووشکا و گوتی:

حافرەت لانی کەم چایەکمان بۆ بێنە، مەگەر نازانی کە بەشی کرێکار و وەستا چایی و سیغارە. لە پاشان قوتوو سیغارەکەی هێنادەر و جگەرەیەکی داگیرساند، بەدەم سیغار کێشانەوە تەماشایەکی کۆڵەکەکانی کرد و تاقی کردنەوە.

سوڵتان خانم سێ چوار ئیستیکانی چا هێنا، جەعفەر ئاغا و قودرەت چای خۆیان هەڵگرت، مەعسووم لە ڕووی هەڵنەدەهات چا بخواتەوە، جەعفەر ئاغا گوتی:

– بخۆوە کچم بۆ ئەتۆ کارت نەکردووە؟! ئەمن ئەگەر لە جێگای تۆ بام دوو چام دەخواردەوە.



مەعسووم بەسپایی دەستی درێژ کرد، چایەکی هەڵگرت و خواردییەوە، دوای ئەوەی بڕێک حەسانەوە، جەعفەر ئاغا قودرەتی نارده سەر دیوار، بانەکەیان دارەڕا کرد و بزماریان لە جەمسەری ئالوودارەکان دا.

بەرەبەری ڕۆژئاوا بوون باوک و کوڕ و بووک تەواو ماندوو ببوون، جەعفەر ئاغا گوتی:

ڕۆڵەگیان تا ئێرە ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند، ئەتۆش تەلاشەداری نێوان ئالوودارەکان دابنێ، حەسیر و ئالاشی بەسەر دادە، ئەمن دەچم نۆیژەکەم دەکەم شەوێش گلەبانی دەکەین؛ با کرێکارەکانی شارەداری بۆیان نەڕووخێ.

جەعفەر ئاغا چوو دەسنوێژ هەڵگرێ، قودرەت و مەعسووم پێکەوە مانەوە.

چاویان لێک تر دەکرد و بزەیان دەهاتێ و پێدەکەنین. ئەم پێکەنینە هەزاران مانای هەبوو. پێکەنینی بەیەک گەیشتن بوو، هەردووکیان خۆشحاڵ بوون لەوەی کە هێلانەی عیشقیان دروست کردووە و دوای دروست کردنی وەتاغ بەیەک دەگەن.

سەیفوڵڵا کە دەسمایەکەی دابوو بەقەند و چا و جگەرە بۆ خوازبێنی کردنی کچەکەی، تازە بەبرینی خۆی زانیبوو، بەیانی کە هاتەدەر نەیدەزانی چ بکا. دەراوی ڕوونی پێ شک نەدەهات و هیچ کەسی نەدەناسی کە تێیڕابیینێ و داوای یارمەتی لێبکا. بەناڕەحەتی ڕووی لە دووکانی حاجی سەمەد کرد کە چەندین ساڵ بوو سەودای لێ دەکرد.

حاجی سەمەد تازەی دووکان دانا بوو، سەیفوڵڵا مەسەلەکەی بۆ حاجی سەمەد گێڕاوە و داوای لێکرد دوو سێ کیلۆی زولبیا و بامیە بەقەرز بداتێ، بەڵێنی پێدا و سوێندی بۆ خوارد کە پێش ئەوەی ڕۆژئاوا بێ قەرزەکەی بۆ دێنێتەوە.

حاجی سەمەد برۆی لێ ڕاست و چەپ کرد و گوتی:

– قیمەتی قەرز لەگەڵ نەغد فەرق دەکا!

– چاکە، چۆنت پێخۆشە وابکە.

حاجی سەمەد بەم حاڵە دڵی نەدەحەساوە. برێکی تەماشای ئەم لا و ئەولای کرد و لێکیداوە. سەیفولڵاش لەبەر خۆیەوە هەرچی بەزاریدا دەهات پێیدەگوت و دوعای دەکرد حاجی پەشیمان نەبێتەوە.

سەرەنجام حاجی دە کیلۆ زولبیا و بامیەی کۆنی چەند ڕۆژ لەمەوبەری دایە، کیلۆی بەپێنج تمەن گرانتر و بارمتەشی لێ وەرگرت.

ئەم ڕۆژە سەیفولڵا دوو سەعات زیاتر لە ڕۆژان بەکۆڵان و بەر دەرگای قوتابخانەکان دا وەک سەگ هەڵسووڕا و هاواری کرد تا بامیە و زولبیاکەی فرۆشت. ئێوارێ کە دەگەڕاوە لای دا بازاڕی حەیوانان. سیپەلاکێک و دوو نانی کڕی و هێنایەوە. کاتێک گەیشتەوە بانگی ڕەمەزانی کرد و گوتی:

– ڕۆڵە بچوو بایی تمەنێک ڕۆن بکڕە لە مەشەدی هادی.

ڕەمەزان پوولەکەی وەرگرت و بەترس و لەرز گوتی:

– بابە پێنج قڕانیشم بدەیە دەیدەم بەهەڵوا.

سەیفولڵا بەنابەدڵی پێنج قڕانی دیکەی دا بەڕەمەزان:

– ها... بیگرە زگ زل. ئەتۆ هەر لە خەمی زگی خۆت دای؟! ڕەمەزان وەک با بەرەو دووکان فڕی.

سەیفولڵا چووە ژوور و تەماشای کرد شەعبان بەجی و بان کەوتووە، لە خێزانی پرسی:

– شەعبان بۆ کەوتووە؟

– نازانم، لە بەیانێوە هەڵنەستاوە.



سەیفولڵا لە حەیبەتان تاوتوێ دایگرت و پرسی:

– نەکا نەخۆش کەوتبێ:

– خودا نەکا.

سەیفولڵا چووە بن سەری کوڕەکەی بۆ کەسێکی وا دەسکورت نەخۆشی منداڵ لە مەرگ ناخۆشترە. نەخۆش کەوتنی هەریەک لە منداڵەکان بەرابەر بوو لەگەڵ برسییەتی حەوتوویەکی بنەماڵە.

سەیفولڵا سەری شەعبانی لەسەر سەرینەکەی بەرز کردەوە و دەستی بەنێوچاوانی گرت، تاوتوێیەکی بوو دەتگوت تەنوورە دایسێ. پرسی:

– ڕۆڵەگیان لەبەر کوێت وادەکەی؟

کوڕە جوابی نەداوە، دایکی گوتی:

– ناڕەحەت مەبە، سەرما لێیداوە چاک دەبێتەوە ئیشاڵڵا.

سەیفولڵا بەم قسانەی خێزانی برێک هاتەوە سەرخۆ. منداڵەکەی درێژ کردەوە و بە ژنەکەی گوت:

– جەرگم هێناوەتەوە، پوولێشم داوە بەڕەمەزان ڕۆن و هەڵوا بکڕێ زووکە جەرگەکە سوور کەوە.

باڵاخانم لە حاڵێکدا باوەڕی نەدەکرد، چاوی لە مێردەکەی کرد و پرسی:

– پارەت لە کوێ بوو؟!

– قەرزم کرد، بەقەرزم کڕیوە.

– قەرزەکەی چۆن دەدەیەوە؟

– شتێکی لەگەڵ دەکەم.

باڵاخانم وەدوای جەرگی کەوت کە بیکاتە شێو بۆ منداڵەکان، سەیفولڵا ڕۆژنامەکەی لە گیرفان هێنادەر و لە بن سەری شەعبان دەستی کرد بەڕۆژنامە خوێندنەوە. باڵاخانم کاتێک جەرگەکەی سوور کردەوە تەماشای

کرد ئەم جەرگە زلە بەقەد بەری دەستی لێهاتوە لە قاپێکی گەورەی کرد و لە نێوەڕاستی سفرەکەی دانا و گوتی: منداڵ وەرنە پێش، سەیفوڵڵاش ڕۆژنامەکەی وێک نا و لە دەوری سفرە کۆ بوونەوە، سەیفوڵڵا نانەکەی لێ بەش کردن و گوتی:

– پێخۆری پێبکەن. ئەگەر تێر نەبوون دوو سێ لیوانی ئاو لەسەر بخۆنەوە با زگتان هەڵمسێ!

باڵاخانم چاوێکی لە جێ و بانی شەعبانی کرد و گوتی:

– ئەوەی چ لێ بکەین لە بەیانێوە هیچی نەخواردووە.

سەیفوڵڵا جوابی داوە:

– وەخەبەری بێنە جەرگی زۆر پێخۆشە.

مەعسووم ویستی وەخەبەری بێنێ، دەستی لەشانی دا و گوتی:

– شەعبان گیان جەرگت پێخۆشە؟

شەعبان لە حاڵێکدا خەواڵوو بوو لە بن لێفەکەوە جوابی داوە:

– ناخۆم دادە.

سەیفوڵڵا بەبێ شەعبان لە ئەوکی نەدەچوو خوار، چووە بنی سەری بڕێکی بەقوربان و سەدەقە بوو، دەستی بەسەریدا هێنا و گوتی هەستە پاروویەکمان دەگەڵ بخۆ.

بەڵام شەعبان هێزی نەبوو جواب بداتەوە دایک و باوک لە حەیبەتان هەرچی کردیان لە ئەوکیان نەچووە خوار.

دوای شێو باڵاخانم لە شەعبانی پرسی:

– ئیشتیات لە چا نییە بۆت لێنێم؟

شەعبان بەدەنگێک کە دەتگوت لە چاڵاودایە جوابی داوە:

– لێینێی. دەخۆمەوە.



باڵاخانم بەتلّتەچای ڕۆژی پێشووی جەعفەر ئاغا و خێزانی کە لەبەر تاو وشکی کردبۆوە چای بۆ کوڕەکەی دێم کرد. ئیستیکانێکی زرداو لێ پەیدابوو، دوو سێ کلّۆی قەند بۆ لە ئیستیکانە هاویشت و تێکێوەردا. سەری منداڵەکەی هەڵێنا و بەزارێوە کرد.

سەیفوڵڵا چوو چاو لە خانووی قودرەت بکا. بەچاو پێکەوتنی بناغەی خانووبەرەکە زۆر خۆشحاڵ بوو، پێی خۆش بوو جلکی کاری لەبەر دابا و یارمەتی قودرەتی کردبا و ماڵەکەی زوو تەواو کردبا، بەڵام لەبەر شەعبان دوای چەند دەقیقەیەک گەڕاوە ماڵە خۆیان.

ئەم شەوە تا بەیانی خەویان لێ نەکەوت دەیانگوت: "خودا نەخواستە شەعبان شتێکی بەسەربێ ڕوو لە کوێ کەین؟"

سێ ڕۆژ لەسەر یەک باران بارێ. بارانی وەرزی پاییز هەر وایە لە ڕووی حیساب و کیتاب نییە، کاتێک دەستی پێکرد لێ کردنەوەکەی دەکەوێتە دەست خودا. دەنکی باران ئەوەندە زل بوو تەنەکە ڕزیوی سەربانەکانی کون کرد بوو.

قودرەتی بێچارە فریا نەکەوت حەسیر بەسەربانەکە دادا و گلّەبانی بکا.

سەیفوڵڵاش لە کارەکەی بوو. ئەو پووڵەی کە بۆ حاجی سەمەدی دانابوو خەرجی کرد و تەنانەت بۆ سبەینێ نانیشی بەقەرز هێناوە.

تەب و لەرزی شەعبان ڕۆژبەڕۆژ دەچوو سەر، دم و چاوی سوور هەڵگەڕابوو.

ڕۆژی سێیەم باڵاخانم لێ بڕاو باسی دوکتۆری کرد و گوتی:

– پیاوەکە ئەگەر بتوانین سەرێک لە دوکتۆر بدەین زۆر چاکە.

سەیفوڵڵا هیچی نەگوت. ئەگەر هەوای خۆش کردبا و پووڵێکی وەگیر کەوتبا شەعبانی دەبردە لای دوکتۆر بەڵام مۆڵەتی نەدا. چووە دەر چاوی لە هەورەکان کرد عاسمان بەدەرەوە نەبوو، خاترجەم بوو کە بەم زووانە باران

لێی ناکاتەوە. لەبەر بێ جگەرەییش سەری لە گێژەوە دەهات. لەم بەینەدا هیچ ئاوات و ئارەزوویەکی نەبوو جگە لەوەی کە شەعبان چاک بێتەوە و یەکێک جگەرەیەکی بداتێ!

ڕوو بە ڕووگە ڕاوەستا. دەستی بەرەو عاسمان بەرز کردەوە، بەسۆز دەستی کرد بەئاه و ناڵە" خودایە هیچی زیادیم لێت ناوێ، سلامەتی کوڕەکەم و پاکەتێک جگەرە و چی تر."

لە پاشان نەفەسێکی درێژی کێشا و درێژەی پێدا:

- چش لە جگەرە دەکەم خواوەندا شەعبان لە شفای خۆت بێ بەش مەکە.

لەم کاتەدا شریخ و هۆڕی هەوران لە عاسمان جوابی داوە و بارانی بەغورزەم سەروسەکتی هیچ نەهێشت.

سەیفوڵڵا لە حاڵێکدا سەرتاپای خووسابوو بەچاوی پڕ لە فرمێسک چۆوە ژوور، باڵاخانم گوتی:

- بچم برێک پووڵی بەقەرز لە قودرەت وەرگرم؟

- نا... نا... پێویست ناکا.

- ئەدی ڕوو لە کوێ کەین؟

- سبەینێ دەیبەمە نەخۆشخانە.

- ناکرێ ئێستا بیبەێ؟

- بەم درەنگ وەختە... بۆ نەتزانیوە فەقیر مافی ئەوەیان نییە دوانیوەڕۆیان و شەوانە نەخۆش بن!

مەعسووم لە بن سەری شەعبان دانیشتبوو، پەڕۆی تەڕ دەکرد و لەسەر نێوچاوانی گەرم و گوڕی شەعبانی دادەنا. بەڵام تا و لەرزەکەی پەڕۆکەشی گەرم دادێنا. شەعبان ورێنەی دەکرد. دایک و باوکی هەر بەجارێک



نیگەران بوون، چوون لە بن سەری دانیشتن و دەستیان کرد بەپاڕانەوە.

باڵاخانم لە نیوەشەودا بەدەنگی ئێشکچی وەخەبەر هات و بەمەعسوومی گوت:

- ڕۆڵەگیان ئەتۆ هەستە برۆ بخەوە، بەیانی کارت زۆرە.

بەڵام مەعسووم کوا دەیتوانی بخەوێ؟

بەیانی هیچ کەس لە بیری بەرچاییدا نەبوو، هەمووویان تەنانەت ڕەمەزانی منداڵیش تەواوی فکر و هۆشیان ئەمە بوو کە هەر چی زووتر شەعبان بگەیێننە دوکتۆر.

بارانی شەوی ڕابردوو ئەم توندوتیژییەی نەمابوو. باڵاخانم چاوی لە ئاسمان کرد و گوتی:

- تا دەگەینە نەخۆشخانە تەڕ دەبین.

سەیفوڵڵا کە هیچی لە دەست نەدەهات و بە بەری دەست لە نێوچاوانی دەدا جوابی داوە:

- چ بکەین ئەم بەستەزمانە وەختە لە دەستمان دەرچێ بارانیش لێی ناکاتەوە.

- خۆ ئەم ڕێگا دوورەش بەپێیان نابڕێتەوە؟!

سەیفوڵڵا دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیی کە شەعبان بەم کالیسکەیەی کەشەفە زولبیای لەسەر دادەنێ بەرێتە نەخۆشخانە. پەتوویەکی کۆنی لە نێو کالیسکەکە بۆ ڕاخست، سەرینێکی وەبن سەری دا، شەعبانی درێژ کرد و نایلۆنێکی بەسەر کێشا.

باڵاخانمیش ڕووپۆشێکی کاڵەوەبووی کۆنی لەبەر کرد، سەیفوڵڵا کالیسکەی وەپێش خۆیدا و بەرەو نەخۆشخانە وەڕێ کەوتن، قوڕ و چڵپاوی کۆڵان وەک چەسپ پێڵاوی ژن و مێردی دەگرت و جڵقەی دەکرد،

لە هێندێک جێ تا ئەژنۆ دەچوونە دە قوڕێوە.

کاتێک گەیشتنە نەخۆشخانە ئەوندە تەڕ ببوون دەتگوت لە ئاویان هەڵکێشاون، دەرکەوان گوتی:

– ئاغا... ئێرە جێی شیرنی فرۆشتن نییە ببیە جێگایەکی دیکە.

سەیفوڵلا بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تەشەری دەرکەوان جوابی داوە:

– شیرنی نییە. منداڵە. نەخۆشە.

دەرکەوان کە باوەڕی نەدەکرد بە شکەوە نایلۆنەکەی لابرد، تەماشای کرد منداڵە لە بن نایلۆن دا زۆر بێ حاڵە و وەک تەنوور دایسێ. سەرەڕای ئەوەش نەیتوانی بێدەنگ بێ و بەتەشەر گوتی:

– پیرەپیاو ئامبۆلانسەکەت برێک بەرە ئەم لاتر ڕایگرە! منداڵەکەت لە باوەشکە و ببیە ژوور.

بالاخانم کورەکەی لە باوەش کرد و وەڕێ کەوت. سەیفوڵلاش کالیسکەکەی بردە پەنا دیوار و وەدوای خێزانی کەوت.

چوونە ژوور و لە پەرستارێکیان پرسی:

– وەتاغی موعایەنە لە کوێیە؟

– "فیش"تان وەرگرتووە؟

– نەخێر.

– جارێ بچن فیش وەرگرن.

سەیفوڵلا چووە نێو سەفی ئەو کەسانەی فیشیان وەردەگرت،کاتێک نۆبەی گەیشتێ کاکی کاربەدەست گوتی:

– دەبێتە پێنج تمەن.

سەیفوڵلا مێشکی تەزی. دەتگوت بەچەکوچ لە سەریان داوە، لە حەیبەتان خۆی بۆ ڕانەگیرا و چۆکەکانی نوشتاوە:



– پووڵم نییە.

ئەوانەی لە پشت سەری ڕاوەستابوون گوتیان بڵێ: "فەقیرم".

سەیفوڵلا بەئەسپایی بەکاربەدەستەکەی گوت: "نیمە... فەقیرم...".

کاکی مەحموور بەتووڕەیی گوتی:

– بەچییڕا بزانم ڕاست دەکەی؟!

– بەخوا. بەپێغەمبەر. بەهەرچی باوەڕت هەیە نیمە.

– هەموو هەروا دەڵێن، ئەم قسانە هیچ پێوەندێکی بەمنەوە نییە. دەبێ بچی نامە لە ئەنجومەنی شار بێنی.

تەواوی هیوا و ئاواتەکانی سەیفوڵلا بەبیستنی ئەم قسە وەک بەفری هاوین بوو بەئاو، بووە هیچ.

ئەم پیاوە حەیابەخۆیە فەقیری لەسەر و چاوان دەباری، تەرح و دیداری هیوابڕاو و دم و چاوی پڕ لە گنجی، چاکترین بەڵگە بوون بۆ فەقیری وی، سەرەڕای ئەوەش لێبڕا بچێ لە ئەنجومەنی شار نامە وەرگرێ.

بۆ وەرگرتنی ئەم نامەیە خودا دەزانێ چەندی بەم لا و ئەم لا دادەن و دەبێ لەبەر ژمارەیەکیش بەلارەملی ڕاوەستێ تا بەزەییان پێیدا بێ و کارەکەی ڕاپەڕێنن. ئەم کارەش بۆ خۆی چەشنێک بوو بۆ فێر بوونی سواڵ کردن.

دەنگی تووڕە بوونی کاربەدەستی پاک و خاوێنی بەرز بووە:

– ئاغا گیان لە خۆڕایی لێرە ڕامەوەستە، پووڵت هەیە بیدە نیتە برۆ گەواهی بێنە.

سەیفوڵلا بەسەرشۆڕی و شەرمەساری لە نێو سەفە هاتەدەر و بەکزی و بێ وازی گەڕاوە لای خێزانی و گوتی:

– گەواهی ئەنجومەنی شاریان دەوێ.

ژنەش چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و دەستی کرد بەگریان. بەڵام ژن و مێرد نەیاندەتوانی دەست لەسەر دەست دانێن و جگەرگۆشەکەیان بەسەر دەستیانەوە تەواو بێ. باڵاخانم کە لە حیرسان بەچاکی قسەی بۆ نەدەکرا گوتی:

– پیاوەکە بۆ ڕاوەستاوی بڕۆ سەرۆکی ئەنجومەن بدۆزەوە. گەواهی لێ وەرگرە و خێرا وەرەوە ئەمن لێرە دادەنیشم!

سەیفوڵڵا لە نەخۆشخانە هاتەدەر، بارانێک دەباری مەپرسە، بەڵام لە حەیبەت کوڕەکەی ئەوەی بیری لێ نەکردباوە باران بوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– "ئەمەیە مرۆڤایەتی. پێی خۆش بوو هاواربکا: "ئەی پوولدارەکان، ئەی سامانداره‌کان، ئەی قەسرنشینەکان، چاوتان بکەنەوە و چاو لە دەوروبەرتان بکەن و بزانن ئەم هەموو مرۆڤانە بۆ لە خۆڕا دەبنە قوربانی، خەرجی شەوێک حەیش و نۆشی ئێوە دەتوانێ بەسەدان کەس دەردەدار و داماو و دەسکورت لە بەدبەختی و چارەڕەشی نەجات بدا. ئێوە کە تا بەری بەیانی لە مەیخانە و کۆڕی سەمای ژنان دا بەمەستی پێدەکەنن و بەهەوای مەستی زێڕ داوێنە بەر پێی سەماکەران و جندان، چاوێکیش لەبەر پێی خۆتان بکەن بۆ ئەوەی لێتان حاڵی بێ کە ژیانی ئێوە بەخوێنی فەقیر و هەژاران ڕەنگاوە.

سەیفوڵڵا لەبەر ئەم خەیاڵاتە هەر بەخۆی نەزانی کە چۆن گەیشتە بینای ئەنجومەنی شار. سەرتاپای لەشی خووسابوو، حەوسەڵەی قسە کردنی نەبوو.

یەک سەر چووە ژوور و گوتی:

– گەواهی فەقیریم دەوێ!

– بۆ چیتە؟!



– دەمەوێ منداڵەکەم بەرمە نەخۆشخانە.

– بڕۆ چت دەوێ بینووسە تا کاری پێویستی لەسەر بکرێ.

سەیفوڵڵا ئەمجاریش دەتگوت بەکارەباوە بووە. نووسینی نامە و دەستووری ئیداری زۆری دەخایاند، منداڵە دەمرد. زاری کردەوە قسە بکا و شتێکی بڵێ بەڵام کاربەدەستی شارەداری کە خەریک بوو جەدوەلی حەل دەکرد مۆڵەتی پێنەدا قسە بکا و پێی گوت:

– ئاغا گیان ئێرە ئەنجومەنی شارە، دووکانی بەقاڵی نییە ڕامەوەستە بڕۆ بەر دەرگا قاقەزنووسی لێیە، چت دەوێ پێی بڵێ بۆت دەنووسێ و بیهێنەوە.

سەیفوڵڵا وەدەرکەوت. کوتەقاقەزێکی دیتەوە نامەکەی نووسی و بردی دای بەمەحموورەکە:

– تو خوا خێراکە بەڕێیمکە.

کابرای مەحموور نەیهێشت بەتەواوی قسەکەی بکا:

– خۆ ئاو هەڵێنجان نییە، بڕۆ سبەینێ وەرەوە.

سەیفوڵڵا لە حیرسان لەوانە بوو بتەقێ، خۆی چیدی بۆ ڕانەگیرا و بەسەریدا قیژاند:

– ئاغا منداڵەکەم خەریکە دەمرێ، ئەتۆ دەڵێی ئەمڕۆ بڕۆ سبەی وەرەوە.

مەحمووری شارەداری کە زانی دەکەوێتە مەترسییەوە داینواند و گوتی:

– باشە بابم بۆ دەگوڕێنی. بڕۆ دانیشە تا بانگت دەکەم.

کاتێک سەیفوڵڵا گەواهی وەرگرت و گەڕاوە نەخۆشخانە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، تەماشای کرد خێزانی کوڕەکەی لە باوەش کردووە و لە نەخۆشخانە دانیشتووە پرسی:

– بۆ لێرە دانیشتووی؟

ژنەکە لە حیرسان قسەی بۆ نەدەکرا جوابی داوە:

- نەخۆشخانە داخرا. مەحموورەکان وەدەریاننام.

سەیفوڵڵا وەک شێتـان خۆی بەژووریدا کـرد، یەکێک لە دەرکـەوانەکـان پێشی گرت:

- بۆ کوێ؟

- کارم بەدوکتۆرە.

- وەختی موعایەنە تەواو بووە، چاو لە کەس ناکا.

- ئەدی ئەم منداڵە چ لێبکەین؟

- سبەی وەرنەوە.

- حاڵی زۆر خراپە.

- تەعتیل بووە، سبەی زووتر وەرن.

- ئەم بەستەزمانە خەریکە دەمرێ.

- گوتم سبەی وەرنەوە.

سەیفوڵڵا دەستی کرد بەپاڕانەوە و گوتی:

ئاغا گیان. بەزەییت هەبێ. ئێمەش ئینسانین.

دەرکەوانەکە زۆر بەقەڵسی جوابی داوە:

- بەمن چی ئاغا؟ دوکتۆرەکان ڕۆیشتن.

- ئەدی قوڕی کوێ وەسەر کەین براله؟!

- بەڕاستی ئینسانێکی سەیر و ناحاڵی!

سەیفوڵڵا حەزی دەکرد هەمـوو ڕق و قـەڵسی خۆی بـکا بەمسـتێک و لە زاری ئەم مـەحـموورە بێ دایک و باوکـە بدا و ددانـەکـانی بچـتـە نێـو زگی بەڵام دەستی منداڵەکەی کول بوو، تێمابوو، هیچ ڕێگا چارەیەکی پێ شک نەدەهات، لە مـەحموور دانی پێ کارێکی هاسان بوو، لە زیندانیش باکی نەبوو چونکە شێو و فراوێنەکەی بۆ دەکەوتە خۆڕایی، بەڵام لەبەر دەردی ژن



و منداڵەکەی دەبوو قسە لە هەموو کەس و ناکەسێک قبووڵ بکا و جنێو و تەشەریش بەپێی فیلان، وەک دارێکی کە لەسەر ڕێگای تۆفان بێ چوو لە بن دیوارێک هەڵتڕووشکا سەری لە نێو دەستی نا و گوتی: "ئەی دنیای هیچوپووچ. ئەی دنیای خوێڕیگر."

دەرکەوانی نەخۆشخانە بەقەڵسی گوتی:

- جنێو بەکێ دەدەی؟!

باڵاخانمی بێچارە چووە پێش و بەپاڕانەوە و لاڵانەوە گوتی:

- ئاغا گیان لەگەڵ ئێوەی نییە. جنێو بەشانس و بەختی خۆی دەدا.

منداڵەکـەیان لە کـالیـسکە هاویشت، ژن و مـێـرد بەم بارانە بەرەو مـاڵ بوونەوە!

خەڵک وەک هەمیشە بەشەقامەکان دا هاموشۆیان دەکرد. هەموو شتێک بەڕواڵەت ئاسایی بوو بەڵام چەشنێک نیگەرانی... پەلە پەل... بێ بڕوایی و ڕقی تێکەڵاو بەترس و سەرپێچی لەسەر سیمای مرۆڤەکان وە بەرچاوە دەکەوت.

لە مەیدانەکان و چوارڕێیەکان تانکی ئەرتەشی و ماشێنی پڕ لە سەرباز چاوەدێری وڵاتیان دەکرد، دەتگوت ڕووداوێکی گرینگ لە گۆڕێدایە، بەڵام سەیفوڵڵا و خێزانی حەوسەڵەی سرنج دان بەم شتانەیان نەبوو. خواخودایان بوو هەرچی زووتر بگەنەوە ماڵ و بزانن منداڵەکان بۆ فراوێن چیان خواردووە و لە چ حاڵێکدان؟

دوو ڕۆژ بوو سەیفوڵڵا نەیتوانیبوو ڕۆژنامە بکڕێ ڕادیۆشیان نەبوو.

نەیتوانیبوو بچێتە قاوەخانەش و باس و خەبەری مەملەکەت لە زمانی دۆستان ببیسێ.

کاتێک گەیشتنەوە، ڕەجەب و ڕەمەزان بەغاردان چوونە پێشیان و ڕەجەب بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

– خانووی مەعسووم هێندی نەماوە تەواو بێ.

باڵاخانم پرسی:

– بۆ فراوێن چتان خوارد؟!

– میوانی مامە قودرەت بووین نان و کەبابی داینێ.

باڵاخانم نەفەسێکی ئاسوودەی کێشا و منداڵەکەی برد بینوێنێ و سەیفوڵڵاش بەزۆرەملی منداڵەکان چوو تەماشای خانووی قودرەت بکا، قودرەت خەریکی سواغی دیوارەکان بوو، مەعسووم و ڕەجەب و ڕەمەزان قوڕیان دەگرتەوە، سوڵتان خانمی دایکی قودرەتیش ئاوی دێنا. قودرەت بەچاو پێکەوتنی سەیفوڵڵا بەحاڵەتێکی خۆنواندن گوتی:

– بەرەو تەواو بوونە، هێندەی نەماوە، ئەگەر کەرەسەمان هەبا هەر ئەمشەو تەواومان دەکرد، پووڵمان لێبڕا سبەی بڕێک پووڵ لە کارخانە وەردەگرم، باوکیشم بەڵێنی دووسەد تمەنی پێداوم. بەهەر جۆرێک ئیشاڵڵا سبەی شەو تەواوی دەکەین.

مەعسووم پرسی:

– شەعبان چۆنە؟

سەیفوڵڵا کە بۆ ماوەی چەند دەقیقە نەخۆشی کوڕەکەی لە بیر چووبۆوە بەم پرسیارە وەبیری کەوتەوە، حاڵی شێوا و گوتی:

– چاک نییە. فریای دوکتۆریش نەکەوتین ماوەتەوە بۆ سبەی.

مەعسووم قوڕکێشەکەی دانا و چۆوە ژوور. قودرەتیش ماڵەکەی دانا و بەسەیفوڵڵای گوت:

– چاک دەبێ ئیشاڵڵا، منداڵی ئەم گەڕەکە زۆر قایمن.

سەیفوڵڵا بەرەو ماڵ بۆوە و قودرەتیش چوو خەبەری دا بەدایکی. شەعبان دەتگوت ئاورە داگیرساوە و لە پەسا داوای ئاوی دەکرد.



سوڵتان خانم بەقاپێک دۆکلێوەوە هات بۆ سەردانی شەعبان. قودرەتیش بەدوای دایکیدا وەژوور کەوت. هەرچی کردیان ئەو بەستەزمانە کەچکێکی دۆکلێو بۆ نەخورا. هیچی لە گەروو نەدەچوە خوار. باڵاخانم بەپەرۆشی و ناڕەحەتی گوتی:

– منداڵەکەم زۆر چارەڕەش بوو، تازەی پێی هەڵگرتبوو.

سوڵتان خانم دڵخۆشی داوە:

– ناڕەحەت مەبە خوشکم، منداڵ وەک گوڵ وایە ڕۆژێک سیس دەبێ ڕۆژێک دەکرێتەوە، غیرەت بەرمەدە ئیشاڵڵا چاک دەبێتەوە.

– خوا لە زارت بڕوانێ.

سوڵتان خانم پرسی:

– بردووتانە لای دوکتۆر؟ کام دوکتۆر؟ چی گوت؟!

باڵاخانم لە ڕووی هەڵنەدەهات ڕووداوەکە بگێڕێتەوە بەتایبەت لەبەر زاواکەی پێی ناخۆش بوو، بەم بۆنەوە بەدرۆ گوتی:

– دوکتۆر موعایەنەی کرد، حەب و دەرزی دایە و گوتی سەرمای بووە جێگای مەترسی نییە.

سوڵتان خانم بەسەر قسەی دوکتۆری سەلماند:

– خوایە زۆر شوکر، خوشکێ ئەگەر لە من دەبیسی بیبە لای نەنە حەوا. بەچاوە بووە هێلکەیەکی لەسەر بشکێنێ چاک چاک دەبێتەوە!

سەیفوڵڵا خۆی بۆ ڕانەگیرا و بەقەڵسی گوتی:

– خانم ئەم قسە بێتامانە چن دەیانکەی؟! بەچاوە بوون یانی چی

ئەوە قسەی پڕوپیرێژنان و کۆنەپەتیانەیە. جگە لەوەش ئێمە چین کە خەڵک پێمان هەڵکاڵێن؟! دەوڵەت و سامانی زۆرمان؟ خانووبەرەی چەند قاتیمان؟ ماشێنی جۆراوجۆرمان...

بەڵام سوڵتان خانم لەسەر بڕوای خۆی پاشگەز نەبۆوە و دەیگوت بەچاوە بووە!

بۆ سبەی بەیانی باران لێی کردەوە و بوو بەتاوساوێکی خۆش. بەیانی زوو سەیفوڵڵا منداڵەکەی بەکۆڵ دادا و لەگەڵ ژنەکەی بەرەو خەستەخانە وەڕێ کەوتن.

کاتێک گەیشتنە خەستەخانە دوکتۆرەکان تازەیان دەست بەکار کردبوو. چوون دە نێو سەفی نەخۆشانەوە ڕاوەستان، فیشیان وەرگرت و بۆ نۆبە موعایەنە دانیشتن پاشماوەیەک نۆبەیان هات و چوونە ژوور، خانمی پەرەستار لێی پرسین:

– نەخۆش کێیە؟

باڵاخانم منداڵەکەی پێشان دا:

– نەخۆش ئەمەیە، ئێمە دایک و باوکین.

پەرستارەکە بەنێوچاوانێکی گرژ و تاڵ گوتی:

– ڕووتی کەنەوە!

باڵاخانم ئەم بلووزەی کە دوو سێ جار هەڵیوەشاند بوو و چنیبوویەوە، لەبەر داکەند و ئێسک و پێستێک وەدەر کەوت. دوکتۆر کە سێ چوار نەخۆشی ڕیز کردبوو وێکڕا موعایەنەی کردن و گەیشتە وان. بەبێ ئەوەی نەبزی دەستی بگرێ یام لێدانی دڵی گوێ بداتێ پرسی:

– لەبەر کوێی نارەحەتە؟

سەیفوڵڵا جوابی داوە:

– تەبی هەیە. هیچی بۆ ناخورێ. وڕێنە دەکا.

– چەند ڕۆژە وایە؟

– چوار پێنج ڕۆژە.



– ئەدی بۆ ئێستا هێناوتانە؟

– دوێنێ هێنابووم وەریان نەگرتم داوای گەواهی فەقیریان لێکردم و.

دوکتۆر قسەی سەیفوڵڵای بڕی و گوتی:

– ئەتۆ کە پێنج تمەنت پوول لە گیرفان دا نییە چۆن ناوی خۆت دەنێی مرۆڤ؟!

سەیفوڵڵا بەبیستنی ئەم قسە ژانی لە دڵی وەستا، بەڵام لە خۆی ڕانەدیت لە جوابی دوکتۆردا بڵێ "لەبەر تەماحی ئێوەیە کە ئێمە ژیانمان وای لێهاتووە!"

دەترسا قسەیەک بکا و دوکتۆر پیلی بگرێ وەدیوی دەرێی نێ.

دوکتۆر بەنارەحەتی و تووڕەیی پرسی:

– ماڵت لە کوێیە؟

– گەڕەکی تەنەکاوا.

– زنجەکان دەڵێی؟

– بەڵێ.

– دیارە کەسێکی لە نێو ئەم زبڵوزاڵ و گەندوگووەدا بژی هەر ئەمە دەبێ بەشی و حاڵی لەوە چاکتر نابێ.

سەیفوڵڵا لە حیرسان خوێنی گەرم داهات. لە دڵی خۆیدا گوتی. "فلان فلان شودە پێت وایە ئێمە لەبەر خۆشی و بەمەیل و ئارەزووی خۆمان لە نێو ئەم زنجانەدا دانیشتووین؟"

دوکتۆر گوتی:

– ئەوە چ وەختە هێناوتە تازە هیچ کارێکی لەگەڵ ناکرێ.

باڵاخانم لە حاڵێکدا بوغز بەر گەرووی گرتبوو دەستی کرد بەپاڕانەوە و گوتی:

– دەستم بەداوێنت ئاغای دوکتۆر کارێکی بکە منداڵەکەم نەمرێ.

دوکتۆر زۆر بەسارد و سڕی جوابی داوە:

– ئەمن مۆعجیزەم بۆ ناکرێ، منداڵەکەت سپیەلاکی چڵکی کردووە.

باڵاخانم دەستی کرد بەگریان!

– چت لە دەست دێ بۆمان بکە! منداڵەکەم لە کیس نەچێ.

دوکتۆر بەم قسەیە زیاتر تووڕە بوو:

– پێویست بەلووشمەلووشم ناکا خانم بەرگەکەی لەبەرکەوە تا نوسخەی بۆ دەنووسم.

باڵاخانم خەریکی لەبەرکردنەوەی لیباسی منداڵەکەی بوو سەیفوڵڵاش زۆر بەسرنج گوێی دابووە قسەکانی دوکتۆر:

– دوو دەرزی بۆ دەنووسم یەکی ئەمشەو لێدەن و یەک بەیانی. دوو بەستەشم حەب بۆ نووسیوە یەکیان پێش نان بخوا و یەک دوای نان.

سەیفوڵڵا سەری بادا:

– خوا دەست دە حەمرت گرێ ئاغای دوکتۆر.

– دوکتۆر پێکەنێ. نوسخەکەی دا بەسەیفوڵڵا و گوتی:

– ئەمەش نوسخەکەت. برۆ بزانە کڵاو لەسەر کام داڕووخانە دەنێی!

سەیفوڵڵا لە داخی ئەم لاتاوە، دەمی بوو بەتەڵەی تەقیو، ویستی زار بکاتەوە و جوابی دوکتۆر بداتەوە بەڵام قسەی بۆ نەکرا.

باڵاخانم کوڕەکەی لە کۆڵ کرد و لە ژووری موعایەنە هاتنەدەر. هەردووکیان بێدەنگ و خەمبار خەستەخانەیان بەجێهێشت و تا نزیک چوار ڕێیانێک هیچیان متەقیان نەکرد. هەرتکیان بیریان لەمە دەکردەوە کە پووڵی دەرمانەکان لە کوێ بێنن، لە پاشان سەیفوڵڵا بەخێزانی گوت:

– ئەتۆ منداڵەکەی بەرەوە ماڵ، ئەمن دەچم سەرێک لە داڕووخانە دەدەم.



باڵاخانم پرسی:

– دەرمان بەکام پووڵ دەکڕی؟

– نازانم، لە قودرەت قەرز دەکەم؟

– نانا نەکەی ئەم کارە بکەی ها.

– ئەدی چ بکەم؟

– نازانم.

باڵاخانم بەرەو ماڵ بۆوە و سەیفوڵڵا وەدوای دەرمان کڕین کەوت. هەر دەڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد" دەرزییەکان هیچ نەبێ بایی بیست تمەن دەبن، حەبەکانیش سی تمەن، دەکاتە پەنجا تمەن، ڕەنگە زیاتریشی بوێ، ئەم هەموو پووڵەی لە کوێ بێنم؟" بەدەنگی بووقی ماشینێک یەک بەخۆی هەڵبەزێوە؟

هێندەی نەمابوو ماشێنەکە خۆی لێدا، شۆفیر سەری لە شووشەی ماشێن هێنادەر و قیژاندی:

– هۆو پانێر. بۆ ئاگات لە خۆت نییە؟

سەیفوڵڵا جوابی نەداوە نارەحەت نەبوو چونکە هەق بەشۆفیرەکە بوو. مرۆڤێکی کە پووڵی نەبێ دەرمانی پێبکڕێ دیارە پانێرە!ئینسان بوونەکەی بەکەڵکی چ دێ؟! ماڵی هەیە؟ کار و کاسپی هەیە؟! لە نیشانەی ئینسان بوون تەنیا شکڵ و قەڵافەتی کز و لاوازییەتی و لەگەڵ مرۆڤگەلی دیکە لە هەناسە کێشان دا وەک یەکن!

شتێک سرنجی ڕاکێشا و پێکەنینێکی تاڵ کەوتە سەر لێوی:

– ڕاستی ئەگەر هەناسە کێشان بەپووڵ با چارە چ بوو؟ خۆ تاقمان لێدە بڕا! بەدەم ئەم فکر و خەیاڵاتە گەیشتە داڕووخانەیەک و چووە ژوور. پیاوێکی کۆک و پۆشتە و پاک و خاوێن لەگەڵ ژنێکی جەوان ڕاوەستابوون. ژنە چاوی دەگێڕا و ئامرازی ئارایشتی هەڵدەبژارد.

خاوەن داڕووخانە کە لەبەر ژنەکە ئەوی بەهێند نەگرت، دەستەونەزەر لە بەر دەستی ژنەدا ڕاوەستابوو، هەرچی ئیشارەی پێکردبا دەسبەجێ لە پێشی دادەنا.

سەیفوڵڵا هەروا لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو، چاوەڕوان بوو خانم تەواو بێ و نۆرەی بێ.

خاوەن داڕووخانە بەستەیەکی لە نێو شیشەی دەرمانەکان هێنادەر و دای بە ژنە:

– ئەم کرێمە بۆ نەشەمزانی پێست زۆر چاکە!

ژنە بەپۆز و ئیفادە و ئەدا جوابی داوە:

– چەند ڕۆژ لەمەوپێش بردبوومەوە بەدڵم نەبوو.

خاوەن داڕووخانە بەستەیەکی دیکەی هێنا بەزمانێکی مشتەری پەسندانە گوتی:

– ئەمەیان بەرەوە، تازەمان بۆ هاتووە ئی پاریسە، بۆ پێستی سپی و نەرم قەت شتی وا نییە!

ژنە بەستەکەی کردەوە و کەمێکی لە کرێمەکە لە دەستی دا و بە شک و گومانەوە پرسی:

– کەم ڕەنگترت نییە؟

– بەڵێ هەیە.

خاوەن داڕووخانە گورجێک بەستەیەکی دیکەی هێنا و لە پێش ژنەی دانا ژنە بەستەکەی پێشانی مێردەکەی دا:

– بیکڕم؟

پیاوەکە بەپێکەنین جوابی داوە:

– گیانەکەم ئەمە چ پرسیارێکە؟ چت دەوێ هەڵبژێرە.



ژنە چاوی لە خاوەن داڕووخانە کرد و گوتی:

– قوتوویەکم لەم کرێمە بدەیە، زەحمەت نەبێ قوتوویەکیشم کرێمی شەو دەیە، شووشە خاوێن کەرێک، سێ ماتیک و ئۆدکلۆنێکی چاک.

خاوەن داڕووخانە وەک ودودە ئەم شتانەی ژنەی پێچاوە و پرسی:

– چی دیکەتان پێویست نییە؟

– نەخێر، مێرسی.

خاوەن داڕووخانە بەئیشارە قەفەسەی پشت سەری پێشان دا:

– ئەم شامپۆوە تازانەت دیون؟ مۆری" ئیتالیا" بەرهەمی پاریسە.

– دادەی بزانم.

خاەون داڕووخانە دوو سێ بەستەی هێنا و لە پێشی دانا:

– مووی سەرت وەک ئاوریشم لێدەکا، ڕەنگیکی تایبەتی بەخۆوە دەگرێ.

– بەڕاستیتە؟

– مەرگی خۆت.

– بایی چەندە؟

– زۆر هەرزانە شیشەی حەفتا تمەن. چەند دانەتان بدەمێ؟

– دوو شامپۆشم دەیە.

– بەسەرچاو. فەرمایشتێکی دیکەتان هەبێ؟

ژنە بە ئەدا و ئەتوار پێکەنی:

– نەخێر بەسە.

پیاوەکەش پێدەکەنی!

– عەزیزەکەم چت پێویستە بیکڕە.

ژنە پێکەنی وگوتی:

– مێرسی.

لە پاشان ڕووی لە خاوەن دارووخانەکە کرد:

– حیسابی ئێمە دەکاتە چەند؟

خاوەن دارووخانە حیسابی کرد و گوتی:

– میوانی خۆم بن، قابیلی ئێوەی نییە، هەمووی دەکاتە شەش سەد تمەن.

پیاوە هەزار تمەنێکی لە کیفەکەی هێنادەر و دای بەخاوەن دارووخانە. ژن و مێرد باقی پوولەکەیان وەرگرتەوە و بەستەکانیان دەست دایە، کەیف ساز و دەم بەپێکەنین لێیان دا ڕۆیشتن.

سەیفوڵڵا هەروا کەڕ و لاڵ ڕاوەستابوو تەماشای دەکردن. باوەڕی نەدەکرد و دەیگوت چلۆن ژنێک بۆ خۆ جوانتر کردن ئەم هەمموو پوولە خەرج دەکا؟ بەم پوولەی کە ئەم ژنە دابووی بەئامرازی ئارایشت، بەشی دوو سێ مانگی خەرجی ژن و منداڵی سەیفوڵڵای دەکرد بگرە زیاتریش.

خاوەن دارووخانە کە هۆشی هاتەوە بەرخۆ سەیفوڵڵا سرنجی ڕاکێشا و پرسی:

– چت دەویست؟

سەیفوڵڵا نوسخەکەی پێشان دا، مەبەستی ئەمە بوو کە بزانێ پوولی دەرمانەکان دەبنە چەند. بەڵام خاوەن دارووخانە گورجێگ دەرمانەکانی بۆ دانا و گوتی:

– دەبێتە سێ و یەک تمەن.

سەیفوڵڵا لە حەیبەتان ئەژنۆکانی نوشتاوە و پرسی:

– دەکاتە چەند؟!



– سی و یەک تمەن مامە گیان.

سەیفوڵڵا لە نارەحەتیان تفی زاری بۆ قوت نەدراوە. دەتگوت دەستیان لە ئەوکی ناوە و ڕێکی دەگوشن. بەچاوێکی پڕ لە پاڕانەوە تەماشای خاوەن دارووخانەی کرد و گوتی:

– ئەمن... من... دەمویست بزانم بایی چەندە.

خاوەن دارووخانە بەقەڵسی پاکەتی دەرمانەکەی دڕاند و حەب و دەرزێییەکانی لە جێگای خۆی داناوە و گوتی:

– بڕۆ ئیجازە لە گەورەتر لە خۆت وەرگرە جا وەرەوە!

سەیفوڵڵا بەپاڕانەوە و شەرمساری نوسخەکەی وەرگرت و بەکۆڵێک خەم و نارەحەتی لە دارووخانە وە دەرکەوت. تەنیا ئەم بیرە لە مێشکی دا بوو:

– زانایان ئەو دەرمانانەیان بۆ کەشف کردووە؟

وشەی سی و یەک تمەن وەک کوتک وەسەری دەکەوت و دەیگوت:

– سی و یەک تمەن.

ئەوانەی تووشی دەبوون پێک تریان نیشان دەدا و لە ڕووی دڵسۆزییەوە سەریان بادەدا و دەیانگوت:

– ئەم کابرا فەقیرە شێت بووە!

نەیاندەزانی ئەم بێچارە لەبەر چی ئەم قسانە دەکا، هیچ کەس بیر و باوەڕی لە نێوچاوان نەنووسراوە کە خەڵکی تر بیخوێننەوە.

سەیفوڵڵا بەدڵ ئاواتەخوازی ئەمە بوو کە هەموو کەس نێوچاوانی وەک ئاوێنە با، بۆ ئەوەی ئەوانەی بەبێ خەیاڵی بە پەنا دەردەداران دا ڕادەبرن بیخوێننەوە و یارمەتی پێبکەن و بڵێن:

– ها ئەمە پارە و بچوو دەرمان بۆ منداڵەکەت بکڕە. لە دنیایەکدا کە پووڵ و سەروەت و سامان حاکمە ئەم فەرق و جیاوازی و نارەحەتییانە زۆرن، بەڵام مرۆڤی چاکیش هەیە.

تەواوی فکر و هۆشی ئەمە بوو کە لە کوێ پوولێ دەرمانی منداڵەکەی پەیدا بکا، خۆ لە ماڵێدا شتێکی ئەوتۆی نەبوو کە پووڵ بکا، لەناکاو وەبیری هاتەوە "دەچم دووچەرخەکەم دەفرۆشم و دەرمانی منداڵەکەی پێدەکڕم، بەڵام ڕەنگە دووچەرخەکەم بەم پووڵە نەکڕن کە دەرمانەکەی چێ بکەم، جگە لەمەش ئەگەر سبەینێ بڵێن لە کوێت کڕیوە بڵێم چی."

سەیفوڵڵا نەیتوانی جوابی بیر و خەیاڵی ئاڵۆزی بداتەوە، تەنیا ڕێگای نەجاتی منداڵەکەی فرۆشتنی دووچەرخەکەی بوو، بەم هۆیە وەپەلە کەوت و خۆی گەیاندەوە ماڵ.

باڵاخانم لە بن سەری منداڵەکەی دانیشتبوو، ڕەجەب و ڕەمەزان بەخۆشحاڵی هاتنە لای باوکیان و ڕەجەب گوتی:

– بابە حەمامی ماڵە دادەشمان دروست کرد.

سەیفوڵڵا گوێی نەدا قسەی منداڵەکان، دەستی دا دووچەرخەکە و تەنانەت گوێی نەدا قسەی ژنەکەشی کە بانگی کرد و پرسی:

– بۆ کوێ دەچی؟

سواری دووچەرخە بوو یەک ڕاست چووە بازاڕی کۆنەفرۆشان. لەم بازاڕەدا هەموو شتێک لە دەرزی جل دروورا بگرە تا یەخچاڵ و تەلەفیزیۆن و شتی جۆربەجۆری نێو ماڵ مامەڵە دەکرێ.

سەیفوڵڵا دووچەرخەکەی پێشانی دەست فرۆشێک دا و گوتی:

– دەیفرۆشم...

کابرای دەست فرۆش تەماشایەکی دوچەرخەکەی کرد و پرسی:

– بەچەندی دەدەی؟

– بەچەندی دەکڕی؟

– ئی تۆبە! بڵێ بزانم بەچەندی دەدەیی؟



– وەکیل بە.

– تۆ شتێکی لەسەر دانێ، منیش هەرات بۆ دەکەم.

سەیفوڵڵا حەوسەڵەی چەنەلێدانی نەبوو. دەترسا مەحتەل بێ گوتی:

– بابە گیان ئەم حەیس و بەیسەی ناوێ، پێویستیم بەپووڵەکە زۆرە، خودا وەکیلی چەندی دەکا بمدەیە دەڕۆم، زۆرم کار هەیە.

کابرای دەست فرۆش لێوی وێک نا و گوتی:

– یەک قسە حەفتا تمەن، بتدەمێ یام نا؟

سەیفوڵڵا لە ماوەی تەمەنیدا ئەوەندەی پوولێ نەغد نەدیبوو، پێی وابوو کابرای دەست فرۆش خدری زیندەیە، بەپەلە گوتی:

– خێری لێ ببینی.

کابرای دەست فرۆش بەسەرسوڕماوی حەفتا تمەنی لە داخڵەکەی هێنادەر و دای بەسەیفوڵڵا و دووچەرخەکەی لە نێو دووکان دانا.

سەیفوڵڵابە غاردان هەڵدەهات و چاوی لەم لا و ئەولا دەکرد و چاوی لە داڕووخانە دەگێڕا تووشی داڕووخانیەک بوو، خاوەن داڕووخانە پیاوێکی پیر و نوورانی بوو، دەرمانەکانی دا بەسەیفوڵڵا و گوتی:

– دەکاتە نۆزدە تمەن.

سەیفوڵڵا پێی وابوو گوێی دەزرینگێتەوە پرسی:

– فەرمووتان چەند؟

– نۆزدە تمەن، پێت گرانە؟

سەیفوڵڵا پێکەنی:

– نەخێر ئاغا چوومە داڕووخانەیەکی دیکە و گوتی سی و یەک تمەن.

خاوەن داڕووخانە جنێوێکی حەواڵەی مرۆڤی بێ ویژدان کرد:

– خوا ئەم کەسانە لەش بەبار و زەلیل بکا.

سەیفوڵڵا وەک مەل باڵی گرت و بەرەو ماڵ بۆوە. وەک کەسێک کە خەزێنەی دیبێتەوە لەبەر دەرگاوە هەرای کرد:

– دەرمانەکانم هێنا!

بالاخانم پرسی:

– دووچەرخەکەت فرۆشت؟

– بەڵێ.

– ئەدی بۆ خۆت چ دەکەی؟

– کارت بەخۆم نەبێ، خودا دەکا منداڵەکە چاک دەبێتەوە ئەمن بەپێیان دەڕۆم.

سەیفوڵڵا حەبەکانی دا بەخێزانی و گوتی:

– تا دەچم دەرزی لێدەرێک دێنم دوو دەنکی لەم حەبانە بدەیە.

گەڕەکی وان دەرزی لێدەرێکی لێبوو بەناوی موحسینە شێت، لە کاتی ئیجباری لە بێهداریدا کاری کردووە و دەرزی لێدان فێر بووە. دوای خزمەتی سەربازی کە دەگەڕێتەوە شارەکەی بەڕەسمی دەست دەکا بەکاری دوکتۆری، نەک هەر دەرزی لێدان بەڵکوو هەموو کارێکی دیکەی دوکتۆری ئەنجام دەدا و کەسیش نییە پێی بڵێ "پشت چاوت برۆیە!" دانیشتوانی تەنەکاوا هەرچەند کە دەیانزانی موحسین شێتە و دەرسی نەخوێندووە و لە کاروباری دوکتۆرایەتیدا هیچ شارەزاریەکی نییە و پێیان وابوو خوا لە عاسمان ڕا بۆی ناردوون، زۆریان ڕێز بۆ دادەنا و وشەی دوکتۆریان بەناوەکەیەوە دەلکاند. چونکە "موحسین"یان نەبا سەگ و شوانیان دەهاتەوە، هیچ کەسیان وەگیر نەدەکەوت دەرزیان لێدا، جگە لەمەش ڕشانەوە و ژانەدڵی شەوانە کە نەخۆشییەکی بە برەوی تاخ بوو، شەوانە بەهۆی خواردنی چێشتی کۆن چوار پێنج منداڵ و گەورە نەخۆش دەکەوتن، دەرمانی دەکردن و نەجاتی دەدان.



سەرەنجام سەیفوڵڵا خۆی گەیاندە ماڵە موحسینە شێت و داوای لێکرد لەگەڵی بێ و دەرزی لە شەعبان بدا.

ماڵە موحسینە شێتە زۆر قەرەباڵغ بوو. پڕ بوو لە نەخۆشی جۆراوجۆر وەک کوێری و کەچەڵی و سەرەتان و هی تر.

دوکتۆر موحسین هەمووی موعایەنە دەکردن و نوسخەی دەدانێ. پووڵی زیادیشی وەرنەدەگرت، بەم بۆنەوە نە بۆخۆی و نە نەخۆشەکان زۆر دەربەند نەبوون چاک دەبنەوە یام نا! یان باشترە بڵێین موحسینە شێت دەرمانی دەدا و شفاش خوا دەیدا.

دوکتۆر موحسین خەڵکی گەڕەکی خۆیانی دەناسی و چونکە دەیزانی سەیفوڵڵا سیواتی هەیە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە و لە وانەیە ڕۆژێک تووشی گێچەڵێکی کا! مشتەرییەکانی بەجێهێشت و چوو بۆ ماڵە سەیفوڵڵا.

کاتێک گەیشتنەوە دوکتۆر سەرە دەرزییەکەی لە جامێکی مس هاویشت، کەمێکی ئاڵکۆڵ تێکرد و شەمچەیەکی لێدا، برێک ڕاوەستا تا ئاوەکە کوڵی. لە پاشان لە بالاخانمی پرسی:

– منداڵەکەت کوێی دێشێ؟

– تاولەرزی هەیە.

– نەکا سەرمای بووبێ؟

– نازانم.

– زگی کاری کردووە؟

– نەخێر.

سەیفوڵڵا قسەی ژنەکەی بڕی و گوتی:

– بەستەزمانە دوو سێ ڕۆژە هیچی نەخواردووە زگی بەچی کار بکا؟!

موحسین پرسی:

– قسان دەکا؟
– نەخێر ئاغای دوکتۆر.

ئەگەر وابێ سەتڵ وجەم بووە. ئەمن بەبێ ئەوەی موعایەنەشم کردبێ دەزانم! ئاوی نێو جامە مسەکە وەکوڵ هات موحسین سەری دەرزییەکەی قرتاند، ئاوەکەی کێشا، شەعبانی زۆر پشکنی تا جێگایەکی نەرمی دیتەوە، منداڵی بێچارە ئەوەندە کز و لاواز بوو لەوانە بوو نووکی دەرزی بگاتە ئێسکی!

سەیفوڵلاش لەگەڵ دوکتۆر موحسین وەدەر کەوت. پێی خۆش بوو بەم پووڵەی کە ئەمڕۆ لە دەستیدا بوو خواردەمەنییەکی چاک بۆ منداڵەکانی بکڕێ. خۆ تازە دووچەرخە بۆ مە نابێتەوە، دەیجا با ژەمێک تێر زگی خۆمان نان بخۆین.

یەکسەر چوە بازاڕ. ورگ و ڕیخۆڵەیەکی مەڕی کڕی، سێ دەنک سێو و چوار پرتەخاڵیشی بۆ شەعبان کڕی و گەڕاوە.

جیرانەکان هاتبوون سەری شەعبان بدەن و چاوەڕوانی موعجیزەی دەرمانەکان بوون.

سەیفوڵلا پاکەتە میوەکەی دا بەخێزانی:
– دەنکێک پرتەخاڵ بۆ ئەم منداڵە چاکە بیخوا.

بالاخانم بەهیوابڕاوی سەری بادا.
– هیچی بۆ قوت نادرێ.

یەکێک لە ژنەکان گوتی:
– ئاوەکەی بۆ بگرە بیدەیە.

سەیفوڵلا کە ئاهێکی هاتبۆوە بەر بڕیاری دا بچێ سەر لە ماڵە کچەکەی بدا.

قودرەت و مەعسووم خەریکی سیمانکاری جێ حەمامەکە بوون.



ڕەجەب و ڕەمەزانیش بەخوشحاڵییەوە کاریان دەکرد.

ڕەجەب گوتی:
– کاکە قودرەت بچم سیمان بێنم؟

ڕەمەزان ڕەخنەی گرت:
– پێی مەڵێ کاکە، بڵێ مێردی دادە.
– خۆ هێشتا دادەی نەگوێزتۆتەوە!
– دەجا چ بوو، دەیگوێزێتەوە.

سەیفوڵلا دوای ئەم هەمووە هەڵات هەڵات و ماندوو بوونە، لێوی بۆ بزەیەکی کز کراوە و گوتی:
– ماندوو نەبن. مبارەک بی ئیشاڵلا. بووک و زاوا لە شەرمان سەریان داخست و هیچیان نەگوت.

سەیفوڵلا تەماشایەکی دەوروبەری کرد و گوتی:
– بەرەو تەواو بوونە. شتێکی وای نەماوە.

قودرەت جوابی داوە:
– تەنیا گێچ خاکی کەنار پەنجەرەکان ماوە و ئەگەر پووڵێکم وەگیر کەوێ دیوارەکان سپی دەکەمەوە و شووشە و پەنجەرەیان تێدەگرم.

سەیفوڵلا گوتی:
– زۆر پەلە مەکە وردە وردە هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ، تا زستان شووشەش دەکڕی.

سەیفوڵلا چووە دەر، قودرەت دەستی دا ماڵەکە و ملی نا لە سمیت کردنی ئەم شۆرکەی کە نێوی نابوو حەمام و بەدەنگێکی بەرز دەیگوت:
– بەه بەه کەس حەمامی وای نییە! دەڵێی حەمامی شایە! حەمامی بازاڕ غەڵەت دەکەن وەک ئەم حەمامەی من بن!

له پاشان قودرەت لەناكاو هەستا، مەعسوومی لە ئامێز گرت و گوتی:

– چاو لێکە بزانە بووە بەچ حەمامێک حەق دەستەکەی بەرێکە بزانم.

مەعسووم خۆی کشاندە دواوە:

– وامەکە، چاک نییە منداڵەکان دەمانبینن، بۆ بەدشانسی لەم دەمەدا ڕەجەب بەتەشتێک سمێتەوە وەژوور کەوت، چاوی پێیان کەوت و بەپێکەنین گوتی:

– خوشکێ چ دەکەن؟

قودرەتیش بەپێکەنین وەڵامی داوە، خانوو دروست دەکەین!!

– ئەمنیش لەمەو بەدوا دێم لە حەمامی ئێوە خۆم دەشۆم، تازە لە نێو تەشت دا حەمام ناکەم!

– زۆر چاکە. وەرە.

کاتی ڕۆژا، دروست ئەم کاتەی کە ڕۆژی سەرمابردووی پایز داوێنی لەسەر زنجەکانی تەنەکاوا کۆ دەکردەوە مەحمووریکی شارەداری بەخۆی و دوو پاسەبانەوە هاتنە ئەم تاخە لە بەر دەرگای دووکانی مەشەدی هادی ژمارەیەکیان لە خۆ کۆ کردەوە و پێیان ڕاگەیاندن کە سبەی بەیانی زنجەکان تێک دەدەن داوایان لە خەڵک کرد لەم ماوە کەڵک وەرگرن و کەلوپەلی نێو ماڵەکانیان لە نێو زنجەکان بێننەدەر.

ئەم هەواڵە وەک بۆمب لە نێو خەڵک دا بڵاو بۆوە و لەشی کز و بێنموودی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە وەلەرزین کەوت.

چەند ڕۆژێک بوو خاوەن زنجەکان لە بیریان چووبۆوە کە بڕیارە بەم زوانە زنجەکانیان تێکدەن دیسانیش قسە و باس دەست پێکراوە ژن و پیاو بەقەڵسی بەرەو دووکانی مەشەدی هادی وەڕێ کەوتن.

مەحمووری شارەداری و پاسەبانەکان کاتێک لەگەڵ ڕق و تووڕەیی



خەڵک ڕووبەروو بوون سواری ماشێن بوون و مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت!

لەبەر دووکانی مەشەدی هادی ژمارەیەک لە دەوری ئاغای ساڵح پێشخزمەتی وەکیلی دادگوستەری کۆ بوونەوە. وسێن سمێڵ بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– ئاغاساڵح تۆ دەتگوت پێشیان پێدەگری و ناهێڵی زنجەکان تێکدەن ئەدی چی لێهات؟

ئاغا ساڵح کە هێشتا پێی لە شکستی خۆی نەدەنا جوابی داوە:

– دەمویست پێشیان پێبگرم، بەڵام نەکرا.

یەکێک لە نێو خەڵکەکە هەرای کرد:

– بابم پێش دەوڵەتمان بۆ ناگیرێ. دەوڵەت ئەگەر تەما بگرێ تێکیان دەدا. ئەگەر بیشیهەوێ ئاوەدانیان دەکاتەوە، ئەگەر قسەش بکەین پۆلیس و سەرباز بەسەرمان وەر دەبن.

نەنە حەوا کە چارشێوەکەی بەددان گرتبوو هەرای کرد:

– چمان کردووە کە سەرباز و پۆلیس بەسەرمان وەر بن؟ کێهامان ماڵی دزێتیمان فرۆشتووە؟

ئاخر سەربازەکان کوڕ و برای ئێمە نین؟

حەسەن پینەچی بەتەشەر پێکەنێ:

– خوشکێ هۆشت لە کوێیە؟ خۆ هەر بەسەربازان ڕاناوەستان، تۆپ و تفەنگیش دێنن!

نەنەحەوا تەسلیم نەبوو و گوتی:

– بەخوا من ناچمە ژێربار. با بانی زنجەکەم بەسەردا برووخێنن.

یەکێکی دیکە پشتیوانی لە نەنە حەوا کرد:

– ڕاست دەکا ئەگەر پیاو بێ مافی خۆمان وەردەگرین بەچ هەقێک و لە ڕووی چ یاسایەکەوە دەیانەوێ ئەم ماڵانەی ئێمە تێک دەن؟ ئێمە بەهەزار بەدبەختی ئەم زنجانەمان پێکەوە ناوە. ژن و منداڵمان تاو سووتاندوویەتی و سەرما لێی داون، شەو و ڕۆژمان نەناسیوە و کارمان کردووە تا ئەم ئەنوا و پەسیوەمان چێ کردووە. لەبەر چی تێکی دەدەن؟!

نەنە حەوا قیژاندی:

– هەر کەس لەسەر قسەی خۆی ڕانەوەستێ بێ ناموسە.

سی چل کەس وێکڕا و یەک دەنگ جوابیان داوە:

– بەڵێ وایە.

بەیانی زوو ئاڵۆزی کەوتە نێو گەڕەک. پیاوەکان نەچوونە سەر کار، ژنەکان حاڵ و حەوسەلەی گەسک لێدان و جێ و بان کۆ کردنەوەیان نەبوو. قودرەت لە گشتیان ناڕەحەتتر بوو. وەک ژنی منداڵ مردوو ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو لە پەنا هێلانە تازەکەی مات و پەرۆش کروشمەی کردبوو:

– ئەی دنیای بێ هەست و دڵ و دەروون، مرۆڤ- چەند دەتوانێ خەم هەڵگرێ؟ کوا دەتوانێ خۆ لەبەر ئەم هەموو ناڕەحەتییە ڕابگرێ؟ خۆ دەرد یەک و دوو نییە، کامەیان چارە بکا؟ ئەی فەلەک بۆ دەبێ گشت دەرد و ناڕەحەتییەکان بەسەر ئێمەدا ببارێنی؟

مەعسووم هێدی و هێمن فرمێسکی هەڵدەوەراند، سەیفوڵڵا هاتە لایان و گوتی:

ڕۆڵە مەگری ئەتۆ جەوانێ، بەهێز و توانای و سەرەتای ژیانتە.

مەعسووم فرمێسکەکانی پاک کردەوە و جوابی داوە:

– من بۆ تێکدانی خانوو ناگریم لەبەر شەعبان ناڕەحەتم، ئەگەر خوانەخواستە زمانم لاڵ شتێکی لێ بێ قوڕی کوێ وەسەر کەین؟



سەیفوڵڵا لە حەیبەتان جوابی بۆ نەدراوە، بەر لەمە بگری هەستا گەڕاوە ماڵە خۆیان.

لە دەرێ دەنگەدەنگ دەهات. مەعسووم پرسی:

– چ باسە؟

قودرەت جوابی داوە:

– خەڵک لەبەر دووکانی مەشەدی هادی کۆ بوونەوە و چاوەڕوانی مەحموورەکانی شارەدارین، هەموو سوێندیان خواردووە کە تا دوایین دڵۆپی خوێنیان ڕاوەستن.

مەعسووم لە خۆشیان گوتی:

– ئەدی بۆ لێرە دانیشتووین و شیوەن دەگێڕین؟ هەستە با بڕۆین. ئێمەش دانیشتووی ئەم تاخەین.

قودرەت هەستا، پێکەوە بەرەو دووکانی مەشەدی هادی ڕۆیشتن. هات و هاوار هەر دەهات و زیاتر دەبوو. مەعسووم گوتێ:

– قودرەت گیان. ئەم هەراوهەنگامەیە ئی جیرانەکان نییە.

دەیانەویست بڕۆن، نەنە حەوا بەپەلە گەیشتێ. سەری لە کەلێنی دەرگا هێنادەر و گوتی:

– بۆ دانیشتوون؟! هەستن وەرێ کەون. گەل ڕاپەڕیوە.

سەیفوڵڵا بەپای پەتی هەڵاتە دەر. بەشوێن ویدا ڕەمەزان و ڕەجەب، خێزانیشی شەعبانی لە باوەش کردو وەدوایان کەوت.

سەروسەدا و هەرا و هەنگامەی خەڵک دەگەیشتە عاسمان. ئاپۆرە یەک دەنگ هەرایان دەکرد:

– "بمرێ شا"

سەیفوڵڵا سەرەتا زۆر ترسا. چونکە لەم ڕۆژانەدا گوتنی ئەم دەستە

وشەیە باسی سەر بوو. جوابی ئەم قسانە گولله و مەرگ بوو، سەیفوڵڵا سەرتاپای دەلەرزی، بەڵام دەنگی ئاپۆرە جار لەگەڵ جار زیاتر دەبوو، بەرق و توورەیەکی زیاتر و قورس و قایمتر دووپاتیان دەکردەوە:

– "بمرێ شا"

سەیفوڵڵا هەڵات بۆ بەر دەرگا، ژن و منداڵەکەی بەدوایدا چوون.

سەیفوڵڵا بەخێزانی گوت:

– ئەتۆ بگەڕێوە، دەرێ بۆ تۆ نابێ، هەرایەکە مەپرسە. ئەم منداڵەش ئارەقاوییە، لێمان نەخۆش دەبێتەوە.

باڵاخانم جوابی داوە:

– ئیشاڵڵا چی لێ نایە. ئەم خوایەی کە شەفای داوە دەشیپارێزێ.

سەیفوڵڵا و خێزانی و منداڵەکان دوابەدوای قودرەت و مەعسووم چوونەدەر. ئاپۆرە وەک لافاو بەرەو ناوەندی شار وەڕێ کەوت.

سەیفوڵڵا کە لەگەڵ ڕۆژنامە سەروکاری هەبوو جارجار هەواڵگەلێکی لە ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی دیکە دەخوێندەوە و شارەزایی لە خەڵکی دیکی زیاتر بوو. دەیزانی کە ئەم ڕاپەڕینانە ئاکامەکەیان دەبێتە چی؟

سەیفوڵڵا گشت خەم و نارەحەتێکی لەبیرچۆوە. بەڕێچوون و دابین کردنی ژیان. تێک دانی زنجەکان و نەخۆشی منداڵەکەی. زۆر بەزەحمەت خۆی گەیاندە ڕێزی پێشەوە.

بە دەنگێکی بەرزتر و توورەتر لە گشتیان هەرای کرد:

– "بمرێ شای خۆفرۆش..."

ئەو زیاتر لە هەموو کەس پێی وابوو کە سەرچاوەی تەواوی ئەو بەدبەختی و ئەشکەنجە و نارەحەتی و چارەڕەشییەی گەل کە بەسەری داسەپاوە ئاکامی خیانەتەکانی شا و دەست و پێوەندە مەست و لەخۆبایی و خۆ بەزۆرانەکانێتی.



سەیفوڵڵا دڵنیا بوو کە ئەگەر حکوومەتە بگۆڕێ ئەگەر بەڕێوەبەرانی بێ خەبەر و خۆبەزل زانی مەملەکەت لەسەر تەختی فیرعەونیان بێنە خوار زۆربەی کارەکان جێبەجێ دەبن.

سەیفوڵڵا پێی وابوو کاتێک کاروبار بەچاکی بەڕێوە دەچێ کە بەڕێوەبەران لە خەڵک بن و هەست بە تەنگ و چەڵەمەی گەل بکەن و دڵسۆز بن بۆ کۆمەڵ.

کەسێک نەخۆش نەکەوتبێ ئێش و ژانی نەخۆشی نازانێ! کەسێکی برسیایەتی نەچێشتبێ نازانێ برسییەکان لە چ حاڵدان!

سەیفوڵڵا زۆری شت دەزانی، بەڵام بەهۆی ترس و لەرزێکی کە حکوومەت بۆ گەلی هێنابووە گۆڕێ کەس نەیدەوێرا بڵێ لەل.

خەڵک زۆربیان نارەحەتی دیبوو چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە بوون.

ئەم ڕاپەڕینە ئاوری بن خۆڵەمێش بوو. زۆر لەمەوپێش خەڵک خۆی بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە دەکرد، تەنیا چاوەڕوانی ڕێبەرێکی دڵسۆز بوون، بێتوو خۆڵەمێشەکان لەسەر ئەم ئاگرە لادا تا بڵێسەی توورەیی گەل ژیانی زۆرداران و درۆزنەکان و تاوانبارەکان بسووتێنێ و خاپوور بکا.

شۆڕش دەستی پێکردووە و ڕۆژی سەرکەوتن نزیکە. ئیدی سەیفوڵڵاگەلەکان ناچار نین لە بەرامبەر حوکم و فەرمانەکانی نارەوای بەڕێوەبەراندا سەر دانەوێنن.